# گوڵی کۆمەڵگا

## ئاگاداری ئەو دەستانە بە کە ئەیانەوێ هەڵتوەرێنن

نووسینی :

**باوکی فریشتە**

پێداچوونەوەی :

**مامۆستا عدنان بارام**

**چاپی پێنجەم**

بسم الله الرحمن الرحیم

**کچی موسڵمانی لە خواترس :** پایز هەرچەندە ڕۆڵی هەبێت لەوەی کە پەڕەی ناسکی گوڵەکان هەڵوەرێنێ ، سەد هێندە بێباکی و بەسادەیی بیرکردنەوەی گوڵەکان ڕۆڵی هەیە لە هەڵوەرینیان .

چەندە جوانن ئەو گوڵانەی دارەکان دەڕازێننەوە ، بەڕاستی جوانی قوتابخانە و ماڵ و سەرشەقام و باخچە گشتیەکان بە گوڵەوە هێندەی تر جوان دەبنەوە .

بەڵام ئەوەی سەرسامی کردووم سادەیی بیرکردنەوەی گوڵەکانە ، هیچ کۆمەڵێکیان پەند لەوانەی پێش خۆیان وەرناگرن !! بە بەردەوامی دەستی چەپەڵ و خوێناوی شەهوەت بازان هەڵیان دەوەرێنن ، یان لە پاش هەڵپچرانیان لە دارەکانیان تێر بۆندەکرێن ، لە پاشان سیس دەبنەوە و ئەوانیش هەتا دەستیان بگات فڕێیان دەدەنە بەرپێی ئەو کەسانەی کە بە ماوەیەك پێش سیسبونی وای دەڕدەبڕی کە بەنرخترین شتێتی لە ژیاندا ، کە چی لەوکاتەدا پێی پیائەنێ !! سەیرە تۆزێك بەر لە ئێستا چەندە جوان و گەشاوەبوون .

بەڕاستی جوانی و گەشاوەیی گوڵ بەودارەوەیە کە هەڵیگرتووە و پێیگەیاندوە کە ئەم دەست و ئەودەستی کرد هیچ ڕەونەقێکی نامێنێ لەڕاستیدا ، چیرۆك و بەسەرهاتی گوڵە باخ هاوشێوەی بەسەرهاتی تۆی کچە لە ناو کۆمەڵگاکەت کۆمەڵگا ئەودارەیە کە تۆی گوڵی هەڵگرتووە بەڕاستی کۆمەڵگا بەتۆی گوڵەوە جوانە ، ئەو کەسانەش کە بێ ڕەحمانە و بە هەرشێوەیەك بێت هەوڵی هەڵوەراندنت ئەدەن ئەوەندە کاریان بەتۆی گوڵە تاوەکو لەداری کۆمەڵگا دەکەنەوە و تێر بۆنت دەکەن ، دوای ئەوە یان هەڵت دەوەرێنن یان دەهێڵن سیس هەڵگەڕێی تاوەکو بەرنەفرەتی کۆمەڵگاکەت دەوکەویت ئەوکات تۆلەدەست دەچیت و کاریان بەتۆ نامێنی ، لەدوای تۆ پەنادەبەنە بەر وەراندنی گوڵێکی تر لە دەستە گوڵی خوشکانت بۆ ئەوەی بەرەو ئەو هەڵدێرەی ڕەوانە بکەن کە تۆیان بۆ ڕوانە کرد بۆیە هەوڵدانت بۆمانەوە بەقەد داری کۆمەڵگاوە بەساغی هێندەی تر جوانت دەکاتەوە .

هەر ئەوەشە بە دورت دەگرێ لەو دەستە خوێناوی و شەهوەتبازانە کە دەیانەوێ هەڵت وەرێنن ، تۆیش سەرەتای گەشبونوەت چەشنی گوڵە باخە ، و هەر دەستە و ئەیەوێ دەست پێشخەری بکات بۆ هەڵپچڕان و بۆنکردنت .

ڕۆژانەش بێ شومار چاوی شەهوەت بازانت دەکەوێتە سەر ئاگەداربە هەر ئەوەندە دەستیان کەوتی تاکاتی تێربوونی ئارەزوەکانیان بۆنت دەکەن و ئەڵێن : **هەرتۆ شك ئەبەم !!!** کە کاریشی پێت نەما و ئارەزوە شەیتانیەکەی تێر بوو بە چەشنێك فرێت دەدەات وەك بڵێی هەر نەتیناسی بێ !!!!

**بەڵێ خوشکی بەڕێز** : چیرۆکی ژیانی تۆیش دەقا و دەق چیرۆکی ژیانی گوڵەباخە ، مانەوەی بەجوانی بەقەد دارەوە ، مانەوەتە بە پاکی لەناو کۆمەڵگا ، هەڵپچڕانی یاخود هەڵوەرینی لەدەست دانی گەورەترین شتێکتە کە (شەرەف و ناموست)ە ، سیس هەڵگەرانیشی مانەوەتە لە کۆمەڵگا بەنەفرەت لێکراوی تەنها جیاوازیەك لە نێوانی تۆی کچ و گوڵدا هەیە ، گوڵ کە پایز هەڵیدەوەرێنی بڕیاری قەدەرە و دەبێ دارەکەیشی قایل بێ بەو قەدەرەی هاتوەتە ڕێگەی ، بەڵام هەڵوەرینی تۆی کچ یاخود سیس بونت دەستی خۆتی تێدایە کە خۆت تەسلیمی جۆرە بیرکردنەیەك دەکەیت دەتباتە دونیایەکی ئەفسانەیی تائەو کاتەی بەئاگا دێی دەبینی هیچت بۆنەماوەتەوە !! لەوە نەبێ ئەو کۆمەڵگایەی کەتادوێنی مەدحی دەکردی ، ئەمڕۆ سەرزەنشتت دەکات .

دەبا ڕۆژانە هەڵوەرینی پەڕەی سەدەها گوڵ ببێتە پەندێك بۆ تۆو هاوڕێکانت .

بیریشت نەچێ گوڵ ئەوەندە جوانە بەقەد دارەوە بێت ، ئەوەندەش بۆنی خۆشە ئەمدەست و ئەودەست نەکات .

بۆیە ئامان سەد ئامان ڕازێنەرەوە و گوڵی کۆمەڵگا خۆت لەو دەستانە بپارێزە کەدەیانەوێ هەڵتوەرێنن .

**نووسەر**

**باوکی فریشتە / کەلار**

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله ، نحمده ، ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، وسيئات أعمالنا ، من يهده الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له ، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، و أشهد أن محمدا عبده ورسوله ... أما بعد :

بۆ هەموو خوشکێکی باوەڕداری لە خوا ترسی بێ ئاگا لە تۆڕی جاڵجاڵۆکەکانی سەردەم ، لە نیازی پیسی ئەو کوڕانەی کە سەرە ڕێگاکانیان پێ دەگرن و دوایـان دەکەون ... ئەو کوڕانەی بە وشەی ( **تەنها تۆ شـك دەبەم !! دەتخوازم !! دێمە خـوازبينيت !!!** ) تۆی باوەڕدار بێهۆش دەکەن ، و پاش ماوەیەك چۆن ڕەشەبای پایز یاری بە گەڵا وەریوەکان دەکات ، بگرە لەوە خراپتر یاری بە ( شەرەف و ناموسی ) تۆی بێ ئاگا دەکەن ...

بۆ هەموو ئەو خوشکانەی کە هەڵگری ناسنامەی ژیری و شەرم و ڕێزن ، و هێشتا شەیتانەکانی سەردەم لە خشتەی نەبردون : داواتان لێ دەکەم لە چەند دێڕی ئەم نامە کراوەیەدا لە گەڵمدا بن و بە جوانی بیخوێننەوە ، و بیرێکیش لە دوا ڕۆژتان بکەنەوە و ئاگاتان لە بەڵێنی پڕ درۆ و فێڵی کوڕانی دەروون بەزیو ، و دوور لەخوا بن .

**خوشکانی بەڕێزم** : ڕاستە یەکەم هەنگاو کوڕ دەینا ، بەڵام ئەگەر ڕەزامەندی تۆی لە سەر نەبێت ئەو هەر لە یەکەم هەنگاوییەوە بێ ئومێد دەبێت و بە سەر شۆڕی ملی ئەو ڕێگایە دەگرێتە بەر کە لێیەوە هاتووە ، ئەوەش بزانە ئەو جۆرە گەنجانەی کە ئاماژەم بۆ کردن لەم سەردەمە لە گورگ خراپتر و دڕندەترن ، ڕەنگە سەیر بێ بەلاتەوە بۆ چی کوڕێك هاوڕەگەزی خۆی بە گورگ دەزانێ و هێندە بە خراپی باسیان لێوە دەکات ؟!!

وەڵامەکەشی زۆر ئاسانە کە ڕاستی هاتە گۆڕێ پێویست دەکا درۆ بەلاوە نێین و ڕاستیەکان بگێڕینەوە ، وە دەڵێین زۆرینەی زۆریان لەم ڕۆژگارەدا گورگن ! وە ئەگەر تۆیش بەو مەترسیەت زانیبا ، چۆن مەڕ لە دەستی گورگ هەڵدێ تۆش لە دەست پەیمانە پڕ لە درۆکانی کوڕان هەڵدەهاتی ، ئەوەش بزانە گورگ گۆشتی لە نێچیرەکەی ئەوێ و تا کاتی گیان دەرچوون نێچیرەکە ئازاری پی دەگات ئەوەش ماوەیەکی زۆر کەم دەخایەنێت ، چونکە پاش گیان دەرچوونی ، لاشە بێ ڕۆحەکەی دەمێنێتەوە ، و هیچ ئازارێکی نیە با هەر گورگ گازی لێ گرێ .

**بەڵام** ئەم گورگەی کە پێویست دەکات لێی بترسی گۆشتی لە تۆ ناوێ ، و ئازارێکی کاتیت پێ ناگەیەنێ بەڵکو شتێکی لە تۆ دەوێ بە نرخ ترین و بە بەهاترین شتە بۆ تۆ ، شتێکی لێت دەوێ کە پێیوە سەری خۆت و بنەماڵەکەت بەرزە ، ئەو شتە بەنرخەش (شەرەف و ناموس)ی تۆیە ، هەر کە دەستی ئەم دڕندەیە کەوت هەموو دونیات هەبێ ئامادەبی بیدەی بۆ گێڕانەوەی ، بەڵام جارێکی تر دەستت ناکەوێتەوە ، وە لە پاش لە دەست چوونی نە بە ئاسودەیی و خۆش بەختی دەژیت و نەش بە ئاسودەی دەمریت ، ئەم تاوانەش تاوەکو مردن وەك دێوەزمەیەك بە دواتەوە دەبێت و ڕاوت دەنێ ! !

مردنی مەڕ لە سەرەتای بینینی گورگەوە دەست پێ دەکات بەڵام ئەم گورگەی تۆ لە ڕۆژێکدا سەد جار دەتکوژێ و ناشمریت و مردنیش لەو ساتەدا بۆ تۆ خۆشترە لە ژیان ، چونکە ژیانی تۆ بەوەوە ژیانە کە ئەو گورگە دەیەوێ بیبا ، گەر بە ئاگاش نەبی لە کەمترین کاتدا دەبیاو بەر نەفرەتی کۆمەڵگا دەکەوی ، و ئازارێکی سەختیش یەخەت دەگرێ و لێت نابێتەوە .

**خوشکی موسڵمان** : گەر سەرنجی بەسەرهات و چیرۆکی لای خوارەوە بدەی **ـ کە لە یەکێك لە وڵاتە عەرەبیەکاندا ڕووی داوە ـ** ڕاستیەیەکانت زیاتر بۆ دەرئەکەوێت ئاشکرا دەبێت .

ئافرەتێ ـ کە نێچیری ئەو جۆرە گورگانە بووە ـ باسی خۆی دەکات بۆمان دەگێڕێتەوە : پێش (٦) مانگ حەزم لە ( گەنجێك : لاوێك ) بوو ، و پەیوەندی یەکەمان زۆر بە خێرای پەرەی سەند ، شەرم دەکەم لەوەی بیڵێم لە گەڵیا دەڕۆیشتم بۆ یەکێك لەو خانووە ئامادەکراوانەی کە هی یەکێك بوو لە هاوڕێکانی ، وە زۆر بە ئاسانی توانی قایلم بکا بەوەی کە ئەم جێگایە جێگایەکی داخراوە و دەتوانێ بە ئاسانی بمانپارێزێ لە چاوی ئەو کەسانە دەترسین بمانبینن !! بەم شێوەیە لە گەڵیا گونجام ، چونکە من ئەو کوڕەم خۆش دەویست و **بەڵێنی دابوو بێتە داخوازیم و بمخوازێ** !!! ئێستا گرفتە کە لەوەدایە من داوا لە کوڕە دەکەم بێتە خوازبینم بەڵام لە پاش ئەو بەسەرهات و ڕۆیشتنەم لەگەڵیا بۆ ئەو جێگایە ، **ئەم کوڕە لە دەستم هەڵدێ و نایەوێ بمبینێ ، وا ئێستا لە دۆزەخێکی پڕ لە ترس و بێزاری دەژیم و نازانم چۆن ڕەفتار بکەم ، و ناشتوانم بەرەنگاری کەس و کارەکەم ببمەوە** ، جونکە ئەوان متمانەی تەواویان پێمە سەرەڕای ئەوەی (٢٧) ساڵ تەمەنمە ...

**خوشکی موسڵمان :** گەر ئەمە حاڵی کچێکی (٢٧)ساڵە بێ بە دەست کوڕی ئەم سەردەمەوە !! ئاخۆ ئەبێ کچێکی تازە پێ گەیشووی بێ ئاگا لە نیازی پیسی کوڕان ئەبێ چی بە سەر بێ ؟!!

**یەکێکی تر لەو کچانەی* ـ کە ژیانی شیرینی پڕ لە بەختەوەری لەخۆ تاڵکردوە ـ ئەڵێ:** لە گەڵ کوڕێك یەکترمان ناسی ، ماوەیەك لە پاش ئەم یەکتر ناسینە کوڕە

* ئەم چیرۆکەش بە هەمان شێوە لە یەکێك لە وڵاتە عەرەبیەکاندا ڕووی داوە .

ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی بێتە خوازبینیم ، خۆشحاڵ بووین هەر هەموو وای هەست دەکرد کە کاتی شوکردن و ژنهێنان نزیك بووە تەوە ، بەڵام بەداخەوە یەکتر بینینەکەمان تا دەهات پەرەی دەسەند و زیادی دەکرد بە شێوەیەك تاك بە تاك من و ئەو بە تەنهایی لە دەرەوەی بازنەی خێزان لەگەڵ بە سەر چوونی ڕۆژگار من و کوڕە تووشی چەند تاوانێکی بچوك بووین ، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەگەڵ یەکتر بینینی بە تەنهایی تاوانەکانمان لە زیاد کردن دا بوو .

بەڵام بە داخەوە دوای ئەنجام دانی تاوانی هەرە گەورەو کە شەرەفی خۆم و هەموو کەس و کارەکەشمی پێوە بەند بوو ! ! **کەچی بەو حاڵەش بەجێی هێشتم ! بە جێی هێشتم بەبیانوی ئەوەی نەمتوانیوە بەرەنگاری ئەو بکەمەوە وشەرەفی خۆم بپارێزم ! گەر بمخوازێ متمانەی پێم نابێ ، چونکە نەم توانیوە ڕێگا لە ئارەزوە پیسەکانی ئەو بگرم !! و ئامادە دەبم لەگەڵ یەکێکی تریشدا هەمان کردەوە ئە نجام بدەم !! کە لەگەڵ ئەم شەهوەت بازە پیسەدا ئە نجامم داوە وە بەبیانووی ئەوەی چیشم لەگەڵ ئەو دا کردبێ ئامادەم لەگەڵ کەسێکی تریشدا بیکەم !!**

**خوشکی باوەڕدار** : ئەمەی کە بۆم گێڕایتەوە دوو قوربانی بوون لە قوربانییەکانی بەڵێنە پڕ لە درۆکانی کوڕان ، ئەم کوڕە متمانەی نەبوو بەو کچە بیخوازێ بەڵام خۆی ئامادەیە لە گەڵ (١٠) کچی تردا ڕێك کەوێ تاوەکو یەکێکیان بخوازێ ، ئەمەش متمانە و بەڵێنی کوڕی ئەم زەمانەیە ! ! !

**بۆیە وەکو برایەکی دڵسۆز بەرامبەر بە خوشکی خۆی پێت ئەڵێم :**

تۆ خاوەن شەرەفیت و شەرەفیشت سەروەتێکی زۆر گەورەیە چەندەها دز بە ڕۆژ و شەو ئاواتە خوازی دزینی ئەو سەروەتەی تۆن ، گەر دزێك هات و لە دەرگای دا پێت ووت کێی ؟ وتی دزم ، پێت ووت فەرموو چیت ئەوێ ببە ، هەرچی ویست لە ماوەیەکی کەمدا دەیبا و هەڵدێ .

لەو ساتە وەختە دا چی دەکەی ؟ هاوار دەکەی ؟ بە هـەموو تواناتـەوە دەنگ هەڵ دەبڕیت و ئەڵێی : خەڵکینە فریام کەون دز سەروەت و سامانی تالآن کردم ؟ ماڵی وێران کـردم ؟ چ سـودێکی هەیـە ئـەو ڕۆیـشت ، و هـەڵهات ، تـۆش دەستە و ئەژنۆ لە پاڵ دیوارەکاندا دادەنیشیت و بۆ خۆت دەگری .

**ئەوەش بزانە خوشکی بەڕێزم** : ئەو ماڵەی دز لـە مـاڵانی دەدزێ زۆر بـە ئاسانی شتە دزراوەکان دێنـەوە جێگـای خۆیـان ، و هەرشـتێکی دزراو لـەو ماڵـە شتێکی نوێ تری بۆ دەکڕێت ، و لە جێگەی دزراوەکە دایئەنێی ، بەڵام ئـەوەی دزی ئەم سەردەمە لە تۆی ئافرەتی ئەوێ شتێکە کە لە دەستت چوو بـە هـەموو دوونیا بۆت ناکڕێتەوە و دەستت ناکەوێتەوە .

لە دونیا بـەر تانـە و تەشـەرەی خـەڵك دەکـەویت و ڕوبـەڕووی مەترسـی دبیتەوە و لە قیامەتیشدا توشی سزایەکی سەخت ئەبیتەوە ، کەوابوو بەم کارەت دونیا و قیامەتیش لە دەستی خۆت ئەدەی ، و دوا ڕۆژی خۆیشت ئەسـوتێنی ، و سـزای پـەروەردگاریش بـۆ خـۆت مـسۆگەر ئەکـەی ، هـەروەك خـوای گـەورە دەفـەرمووێ : ﴿ ومن أعرض عن ذكْرِي فَإِن لَه معيشةً ضنكًا ونحشره يوم الْقيامـة أَعمى قَالَ رب لم حشرتنِي أَعمى وقَد كُنت بصيرا قَالَ كَذَلك أَتتك آياتنا فَنـسِيتها وكَذَلك الْيوم تنسى ﴾ [سورة طـه : ١٢٤ ـ ١٢٦] .

واتە : هەر کەسێك پشت لە قورئانە پیرۆز و ئاییینەکەی من بکـات ، ئـەوا هەر لە دونیادا ژیانێکی کوێرەوەرانەی هەیە و لـە دوا ڕۆژیـشدا ، بـە کـوێرەوەری حەشر دەکرێت ، دەڵێت ئەی پـەروەردگارم بۆچـی بـە کـوێری حەشـر دەکـرێم ، ئەی خۆ من لە دونیادا چاوەکانم ساغ و بینا بوون ، لە وەڵامدا پێی دەووترێت تۆ لە دونیادا ئایەتە کانی خوای پەروەردگارت پێگەیشت کەچی پشت گوێت خـستن ، تۆش ئێستا لێرەدا پشت گوێ دەخرێت .

بـەم شـێوەش کـاکی دز هەچـیەکی ویـست لـە تـۆی دەبـا و ئـەوەش ئارەزووی لێ بوو بە جێی هێنا ، و لە پاش پـەردەی دووەمـی دەم و چـاویەوە بە تۆ پێ ئەکەنێ .

**خوشکی موسڵمان :** ئەمەش چیرۆك و سەرگوزەشتەی یـەکێکی تـرە لـەو ئافرەتانەی کە نێچیر و قوربانی ئەم جۆرە هاوڕێتی و پەیمانە سۆزدارییەی ئـەم سەردەمەیە ، کە بە هەموو توانایەوە دەنگ هەڵ دەبڕێ و هاوڕەگەزەکانی خـۆی ئاگادار ئەکاتەوە لە پەیمانی پڕ درۆی کوڕان .

بۆ ئەوەی نەوەکو ئەو بە سەرهات و تاوانانەی کە تووشی خـۆی بـووە ، تووشـی یـەکێکی تـر بـێ و دوا ڕۆژی وەکـو ئـەم بـسووتێ ، بـەم شـێوەیەی لای خوارەوە چیرۆك و بەسەرهاتی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە و ئەڵێ ❋ :

ڕۆژێـك لـە ڕۆژەکـانی سـاڵی خوێنـدنم بـوو لـە دەروازەی زانکـۆ هاتمـە دەرەوە بینیم کوڕێك لە بەر دەرگـای زانکـۆ ، بەرامبـەرم ڕاوەسـتاوە ئـەم کـوڕە ڕوخسارێکی ڕێك و پێك و جل و بەرگێکی پاك و جوانی لە بەردابوو ، بە چەشنێك سەیری دەکـردم وەك بڵـێ ی دەمناسـێ ، بـەڵام مـن هـیچ بایـەخێکم پـێ نـەدا ، پاشان دوام کەوت و دەستی کردە قسە وەشاندن بەدەنگێکی نـزم و لـە سـەرخۆ بە چەند ووشەیەکی مناڵانە و تازە پێ گەیشتوانە لە دوامەوە قـسەی دەوەشـاند وەك : ( **ئەی جوانکیلە من تەنها تۆ شك ئەبەم !! ئەمەوێ ببی بـە هاوسـەرم !! دەتخوازم !! من چاودێریت دەکەم ڕەفتار و ڕەوشتی تۆ شـارەزابووم !!** ) . منـیش لە ئەنجامی ئەم ڕەفتارە مناڵانەی کوڕە ، و ئەم قسە هیچانەی بەپەلە کەوتمەڕێ ، بـــە چەشنێك دەڕۆیشتم لـــە کاتی ڕێکردندا قـاچەکانم بـە یەکدا دەچـوون و ( چین چین یان چۆڕ چۆڕ ) ئارەق بە نێو چەوانمەوە دا دەچۆڕا ، چـونکە یەکـەم

---

❋ ئەم چیرۆکەش وەکو چیرۆکەکانی تری ئەم باسە لە وڵاتێکی تری عەرەبیدا ڕووی داوە .

جارم بوو تووشی ئـەم جـۆرە هەڵوێـستانەبم ، بـە هەرچەشـنێك بێـت بـە مانـدوو بـونێکی زۆر و دڵـە خورپــەوە گەشـتمە ماڵــەوە ، تــەنها بـیرم لـەم بەسـەرهاتەی ئەمڕۆم دەکردەوە ، ئەو شـەوەش لـەترس و دڵەڕاوکێـدا خـەو لـە چـاوانم تـۆرا و نەمتوانی بخەوم ، ڕۆژی داهاتوو بەهەمان شێوە لە کاتی دەرچوونم لە دەروازەی زانکۆ ، بینم لێو بـە خەنـدە بەرامبـەرم ڕاوەسـتاوە ، بـەم شـێوەیە ڕاوەسـتان و ڕێکردن لە پاشمەوە و قسە وەشاندنی منالآنە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ درێـژەی دەکێـشا هەموو ڕۆژێ ، هەموو ئەم کردارانە کۆتایی هات بـە نامەیـەکی بـچوك کـە لـە بـەر دەرگای ماڵی ئێمە فڕێی دابوو کە نامەکەم بینی جـاری یەکـەم نـەمتوانی هـەڵی گرم ، بەلآم هەر چۆنێك بێت توانیم نامەکە هەڵگرم . لەو سـاتەدا دەسـتەکانم لـە ترسانا هەڵدەلەرزین دەستەکانم لە ترسانا بوو بوونە دەستی ئافرەتێکی بە سـالآ چوو کە نەتوانێ پارچە کاغەزێك هەڵگرێ و دەستی بلەرزێ . نامەکـەم کـردەوەو خوێندمەوە پڕبـوو لـە ووشـەی ( **سۆز !!** ) و ( **ئـەوین داری !!!** ) و داوای لێبـوردن کـردن بـەهۆی ئـەو ڕەفتارانـەی کـە ڕۆژانـە ئـەنجامی داوە ، و بوونەتـە هـۆی بێزارکردنی من ، و وەڕەز بوونم .

پارچە کاغەزەکەم دڕاند و پاش چەند ساتێك زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا هەڵمگرت ، هەمان ئەو کوڕەی هەموو ڕۆژێ بە ووشەی سۆزداری دوام ئەکەوێ وا ئێستا لە تەلەفۆندا پێم ئەڵێ : نامەکەت خوێندەوە یان نەت خوێندەوە پێم ووت ئەگەر ماڵەوەمان ، یان کەسوکارەکەم ئاگادار کەمەوە ئەو جا وای بە حاڵت ، لـە پاش یەك سەعات جارێکی تر تەلەفۆنی کردەوە ، و هەوڵی ئـەوە بـوو کـە خـۆی خۆشەویـست کـات لـەلام ، **بـەوەی کـە مەبەسـتەکانی پـاك !! و بێگـەردن !!! و دوورن لە درۆ و فێڵ و هەڵخەڵەتـاندن !!!! و ئەیەوێ جێگربێ و ژن بهێنێ !!! وە زۆر دەوڵەمەندە و کۆشکێکم بۆ دروست دەکات !!! و هەموو ئـاواتەکـانم دێنێتەدی !!!** وە لە هەموو ئەندامانی خێزانەکـەی خـۆی بـە تـەنها ماوەتـەوە وە... وە...

وە... هتد ، لەو کاتەدا بەرامبەر بەم کوڕە منیش دڵم نەرم بوو جۆرێك لە بەزەیی هاتنەوە و خۆشەویستی بەرامبەر بەو کوڕە لە دڵما دروست بوو ، وام لێهات نامەم بۆ دەنووسی هەموو ساتێك چاوەڕوانی تەلەفون کردنی کوڕە بووم .

پاش ئەوەی لە کاتی دەرچوونم لە زانکۆ چاوم بۆ کوڕە دەگێڕا !!! بەڵکو چاوم پێ بکەوێ و بیبینم بەڵام بێ هودە بوو ، کەچی ڕۆژێکیان کە لە زانکۆ هاتمە دەرەوە ، بینیم بەرامبەرم ڕاوەستاوە ، بەو بینینە وەخت بوو لە خۆشیانا بفڕم !!!! پاشان وای لێهات لەگەڵیا بە سەیارەکەی دەر ئەچووم بۆ پیاسەکردن و هەموو کون و کەلەبەری ئەم شارە دەگەڕاین ، کە لەگەڵیا دەبووم وام هەست دەکرد کە توانای بیر کردنەوەم نەماوە وەك بڵێی مێشکی لە جەستەم دەرهێنابێ ، **باوەڕم بە قسەکانی دەهێنا و متمانەم پێی بوو !! بە تایبەتی کاتێك دەیووت تۆ تەنها هی منی !!! و لە دوا ڕۆژدا لە یەك ماڵدا دەژین لە یەك خانوو دا ژیان بە سەر ئەبەین !!! کاتێك کە دەیوت تۆ شازادە جوانەکەی منی وەخت بوو لە خۆشیانا بفڕم !!!** وە ئەو کاتانەی ووشەی سۆزداریم لێ دەبیست وام هەست دەکرد لە خۆشییەك دا دەژیم جگە لە من کەسی تر نییەتی ، بەڵام لە یەکێك لە ڕۆژەکاندا چ ڕۆژێك بوو ڕۆژێکی ڕەش ، هەموو ژیانی تێکشکاندم ئارەزوەکانی لە بیر بردمەوە خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانم بیر چووەوە ، و دوا ڕۆژی سوتاندم ، ڕۆژێك بوو بەرەو چەشتنی تاڵ ترین ئازار ڕاپێچی کردم ، لە پێش چاوی هەموو خەڵکی شەرەفی شکاندم و قیزەونی کردم .

ڕۆژێك بوو وەك ڕۆژەکانی تر لەگەڵیا بۆ پیاسە کردن دەرچووم ، بەڵام ئەمجارەیان لەگەڵ خۆیا بردمی بۆ یەکێك لە خانووە ئامادەکراوەکان ، چووینە ژوورەوە و بە تەنهایی پێکەوە دانیشتین من و ئەو کەسی سێیەممان تەنها

شەیتان بوو ، لەو ساتە وەختە دا ئەو فەرموودەیەم بیر چوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموبووی : " لا يخلون رجل بامرأة إلا كان الشيطان ثالثها "(١).

واتە : هەرگیز پیاوێك لە گەڵ ئافرەتێكدا بە تەنها نابن ، ئیللا شەیتان سێیەمیان دەبێت .

بە هیچ شێوەیەك بیرم لای ئەم فەرموودەیە نەبوو ، بەڵام ئەم جارەیان شەیتان دڵی داگیر کردم و پڕی کرد لە ووتە و ووشەی ئەم کوڕە لاوە ، دانیشتین و یەك بۆ یەك دەمانڕوانییە یەکتر و نیگامان دەگۆڕییەوە . بەم شێوەیە بە بێ ئەوەی بە خۆم بزانم بووم بە نێچیری ئەم کوڕە ئەوەی خوا پێی خۆش نەبێ پێ کردم ، ئەو ڕەفتارە ناشایستەیە لە نێوانماندا ئەنجام دراو ، گرانبەهاترین سامانی ژیانم لە دەست دا بە چەشنێك هەتا هەتایە دەستم ناکەوێتەوە . وەکو شێت هەستام و پێم ووت : چیت پێ کردم ؟!! چیت ؟!! چیت بەسەر هێنام ؟!!

ووتی : مەترسە تۆ خێزانی منی !!!( هاوسەری منی !!! ) .

ووتم : چۆن دەبمە خێزانی تۆ ، هێشتا نە مارەت بڕیوم و نە خوازبینیش لە نێوانمان دا ڕووی داوە ؟!!

ووتی : بەم زوانە مارەت دەکەم .

بەو حاڵە گەڕامەوە ماڵەوە ، قاچەکانم توانای هەڵگرتنی جەستەمیان نەبوو . لە هەناومدا ئاگرێك دەیسوتاندم ، خوایە چیم بە خۆم کرد ؟ ئاخۆ من شێت بووم ؟! چیم بە سەر هاتووە ؟ هەموو دونیا لەبەر چاوم ڕەش هەڵگەڕا ، دەستم کرد بە گریان گریانێکی زۆر بە کوڵ وتوند و تاڵ ، باری ژیان و تەندروستیم تا دەهات خراپ تر دەبوو ، تا گەیشتە ئەو پەڕی خراپی وە وای

(١) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٤٣٠) .

لێکردم وازم لە خوێندن هێنا . هیچ کەسیش لە کەس و کارەکەم نەیانتوانی هۆکاری ئەو بار ودۆخە بزانن کە بە سەرما هاتووە و تیایدا دەژیم .

بەڵام خۆم پەیوەست کرد بەو تروسکە ئومێدەی کە زۆر جار بە خەیاڵمدا دەهات ، ئەویش ( **بەڵێن و پە یمانی ئەو کورە بوو بە خواستنم !!!!** ) .

ڕۆژگار بە سەر دەچوو بەڵام بۆ من قورسترین و تاڵ ترین ڕۆژگاری ژیانم بوو ، بە لای منەوە ڕۆژگارێك بوو بە قورسی چیایەك قورسایی خستبووە سەرم . دوای ئەوە چی ڕووی دا ؟ ئەو ڕوداوە لە ناکاوە بوو کە هەستی هەژاندم و هەموو ژیانمی تێك شکاند ، هەموو ئارەزووەکانی پووچەڵ کردەوە . چ ڕووداوێك بوو ؟ ئەو هەڵوێستە ناشایسە بوو کە لە شەیتانێك بینیم ، و بووە مایەی شێواندنی ژیانم .

زەنگی تەلەفۆنەکە لیَی دا هەڵم گرت ، گوێم لیَ بوو دەنگی لە دوورەوە دەهات ، پێی ووتم : ئەمەویَ بتبینم بۆ کارێکی گرنگ ، خۆشحاڵ بووم وام هەست کرد ئەم کارە گرنگە ئامادەکردنی ئیش و کاری مارەبڕین و خوازبینی کردنی منە ، بەڵام کەبینیم دەم و چاوی نیشانەی تووڕەی لە سەر دیار بوو .

پیَی ووتم : **پێش هەموو شتیَ داواکردن و خواستنی تۆ بۆ من لە بیر خۆت بەرەوە !! و بە هیچ شێوەیەك بیر لەوە مەکەرەوە ڕۆژێك خوازبینیت بکەم !! و ببیت بە هاوسەرم ئەمەویَ پێکەوە بژین وەکو ژن و مێردێك بەڵام بەبیَ مارەبڕین و داخوازی !!** و... و... هتد.

کە ئەم هەڵوێست و ووشە ناشایستانەم لەم کوڕەوە بیست بەبیَ ئەوەی هەست بە خۆم بکەم دەستم بەرز بووەوە ، و زللەیەکم لە ڕومەتی دا ، بە چەشنێك لێمدا وەخت بوو بروسکە لە چاوانیەوە دەرپەڕیَ .

پاشان پێم ووت : وام زانی بانگت کردووم بۆ ئەوەی ئەو هەڵەیە ڕاست کەیتەوە کە کردوتە ، بەڵام بە چەشنێك بینیتم زۆر جیاواز لەوەی کە من بیرم لیَ

دەکردەوە ، بە چەشنێك ئەتبینم پیاوێکیت نە ڕەوشـتت هەیـە نـە ئـەدەب ، لـە پیسیشدا هیچ شتێك هاوشانت نىیە . بەدەم گریانەوە بـە پەلـە لـە سـەیارەکەی دابەزیم .

پێی ووتم : بە یارمەتیت تۆزێك ڕاوەستە . بینیم شـریتێکی ڤیـدیۆی بـە پەنجەکانی دەستیا هەڵواسیوە و پیشانی منی ئەدا ، بە دەنگێکـی بـەرز ووتـی : بەم شریتە هەموو ژیانت تێك و پێك دەشکێنم .

پێم ووت : جا چی لە ناو ئەو شریتە دایە ؟

ووتی : وەرە لەگەڵما بۆ ئەوەی بە چاوی خۆت ببینی چی لـە نـاو ئـەم شریتە دایە .

بۆ ئەوەی بزانم چی لـە نـاو شـریتی ڤیدیۆکـە دایـە لەگـەڵیا ڕۆیـشتم کـە شریتەکەی لێ دا بینیم هەموو ئەو تاوان و کردارە ناشایستانەی کە لـە نێوانمانـدا بە ئەنجام گەیەنراوە بە کامێرای ڤیدیۆ گرتوویەتی ، بـە تـەواوی چـیمان کردبـوو ئێستا لە سەر شاشەی تەلەفزیۆن بە چاوی خۆم دەیبینم .

پێم ووت : ئەوە چ کارێکە کردووتە هەی بێ شەرەف هەی بێ ڕەوشت .

ووتی : کامێرای شاراوەمان لە سەر بووە هەموو جوڵە و چرکەیەکی نێوانمانی وێنە گرتووەو وا لە ناو ئەم شریتە دایە . ئەم شریتەش باشترین چەکێکە بۆ من ، بۆ ئەوەی بتخەمە ژێر فەرمانەکانی خـۆم و بـە پـێی فـەرمانی مـن هەڵـسوکەوت بکەی ، دەنا بەم شریتە تێکت دەشکێنم و دوا ڕۆژیشت دەسوتێنم .

منیش دەستم کردە گریان و هاوار کردن چونکە کێشەکە بە تـەنها کێـشەی من نەبوو بەڵکو کێشەی هەموو کەس و کارەکانمە بە تایبەتی ماڵوەمان .

بەڵام ووتی : هەرگیز ... لــــە **ئەنجامدا بووم بە دیلی ژێر دەسـتی ئـەم کــوڕە** . ئـەم کـوڕەش بـە ئـارەزووی خـۆی چـۆنی بوویـستایە لـە پیاوێکـەوە

دەیگواستمەوە بۆ ژێر دەستی پیاوێکی تر و لە گەنجێکەوە بۆ گەنجێکی تـر بـەم شێوەیە ئەم دەست و ئەو دەستی بە من دەکرد ، و پارەی لە سەرم وەر دەگرت . بە هەر حاڵ ئەم کوڕە منی کردە سەرچـاوەی پـارە دەرکردنـی خـۆی ، و ڕازی کردنی گەنجە شەهووەت بازەکان ، نەشم دەوێرا هیچ بڵـێم ، کەوتمـە نێـو ژیـانی لەش فرۆشەکان و بە یەکجاری ماڵئاوایم کرد لە ژیانی پاکی و بێگەردی .

تـا ئـەو سـاتە وەختـەش کـەس و کارەکـەم دەربـارەی ئـەم ڕەفتـار و کردارانـەی مـن هیـچیان نـەدەزانی ، **چـونکە متمانـەیان پـێم بـوو !!!** بـەڵام شریتەکەش بە نێو گەنجەکاندا بڵاو بووە وە . یەکێك لەو کوڕانەی کە شریتەکەی کەوتە دەست ئامۆزاکەم ( کوڕی مامم ) بوو ، بەم شـێوەیەش ڕوداو و کێـشەکەم ئاشکرا بوو ، باوکم زانی و کەس و کارەکەم بەم بەزمەی منیـان زانـی ، وە ئـابڕو چونەکەش بڵاو بووەوە و گەیشتە زۆربەی شـوێنەکانی شـار ، ماڵـەوە و کـەس و کارەکەم بەم کارەی من لەکەدار بوون . منیش بۆ پاراستنی گیانی خـۆم هـەڵهاتم و خۆم لە چاو وون کرد پاشان کـە زانـیم بـاوك و خوشـکەکانم لـە شـەرما ماڵیـان بەجێ هێشتووە و هەڵهاتوون بۆ وڵاتێکی تر .

تا وای لێ هات هـەموو کۆمەڵـە خـەڵك و دانیـشتن و باسـێکی ئـەم شـارە دەبوو باسی ئەم حەیا چوونەی ئێمەی تیا بکریایە و بەو شێوەیەش شریتەکە لـە گەنجێکەوە دەکەوتە دەست گەنجێکی تر ، و بڵاو دەبووەوە و منـیش لـە نێـوان ژیانی بێ عاری و لەش فرۆشـەکاندا دەژیـام . وە ئـەم بـێ نرخـی بـێ ڕەوشـتە ، یەکەم ئاراسـتە کـار بـوو کـە وەك بووکـە شووشـەیەك چـۆنی بویـستایە جوڵـەی پێدەکردم و دەیجوڵاندمەوە ، نەشمدەتوانی بە ئارەزووی خـۆم بجوڵێمـەوە ، وە هەمان ئەم گەنجە بووەتە هۆی شێواندن و پارچە پارچە کردنی چەندین خێزانـی تر و ماڵی تر ، بووەتە هۆی لە دەست دان و سووتاندنی دوا ڕۆژی چـەندین کـچی وەکو من ، کە لە سەرەتای چرۆ دەرکردن و پێگەیشتندا بووین بۆیـە : بڕیـارم دا

تۆڵەی خۆمی لێ بکەمەوە ، ڕۆژێك بوو وەك ڕۆژەکانی تر کوڕە بە سەرخۆشی خۆی کردە ژووردا و لەوپەڕی سەرخۆشی دا بوو ، منیش ئەم ساتە وەختەم بەهەل زانی و چەقۆیەکم لێدا و بەم کارەم ئەو شەیتانەم کوشت کە لە نێو جەستەی مرۆڤێکدا خۆی نواندبوو ، خەڵکیشم لە شەڕی ئەو شەیتانە ڕزگار کرد ، دوا ڕۆژی منیش ئەوە بوو ، لە پشت دەرگا داخراوەکانی زنداندا خۆم بینیەوە . تاڵی و سەر شۆڕی تەنهاییم دەچەشت ، وە ئێستاش پەشیمانم لەو کردەوە ناشرینانەی کە کردومە وە پەشیمانیشم لەو ژیانەی کەم تەرخەمیم تیادا کرد .

وە هەر کاتێ شریتی ڤیدیۆم دەهاتەوە یاد وام هەست دەکرد لە هەموو شوێنێك دا کامێراکان بە دوامەوەن و ڕاوم دەنێن ، **وە ئەم چیرۆکەی خۆمم نووسییەوە ، بۆ ئەوەی هەموو کچێك بە خوێندنەوەی چیرۆکە کە ، پەند و ئامۆژگاری لێ وەرگرێ و ببێتە پەندێك بۆ ئەو کچانەی کەوتونەتە نێو دنیای سۆزداری و نامەی ڕازاوە و درەوشاوە بە ووشەی سۆزداری ، بۆ ئەوەی بە نامە و ووشەی جوان و پە یمانی کوڕان خۆش باوەڕ نەبن ، و جوانترین و ڕازاوەترین ووتە و ووشەی کوڕان بە دوژمنی سەرەکی خۆیان بزانن** .

بۆیە : ئاگاداری تەلەفون بە خوشکی خۆم ئاگاداری بە !

**خوشکی حیشمەت و حەیا ویستم :** خۆ گوێت لێ بوو سەر گوزەشتەی ئەم کچە خوێندنەوەی چەندە بە ئازارە ، سەرەتا قایل نەبوو ، پاشان گۆڕانی دڵی و خۆش ویستنی کوڕەکە پاشان کوشتنی خۆشەویستەکەی ، و پاشان لە ژووری تاریکی زنداندا خۆی بینیەوە !! بۆچی ؟! چونکە خۆشەویستەکەی دوژمنی دەرچوو !!

بۆیە قەت مەڵێ هەموو کوڕێ وانیە چونکە هەموو کوڕێك هەر ئەو جۆرە شەیتانەی لەگەڵدایە کە لەگەڵ شەیتانی ناو چیرۆکەکەی پێشوودا هەبووە .

**ئەویش بزانە خوشکی باوەڕداری بەڕێز :** ئەو سێ چیرۆکەی سەرەوە دروستکراوی خەیاڵی من نین و لە نوسینی کەسایەتییەکی ناوداری بواری ئەدەبیات نین ، بەڵکو هەر یەکەیان ڕوداوێکن و لە ڕاستی دا ڕووی داوە و کەسەکان خۆیان بە زمانی خۆیان دەیگێڕنەوە .

بۆیە : لێرەوە وەك برایەکی دڵسۆز پێت ئەڵێم هەموو ووشەیەکی سۆزداری کە دەینووسی یان بۆت دەنووسن ، هەموو ووشەیەکی سۆزداری کە بۆ کوڕان دەیکەی یان بۆتی دەکەن ، هەموو چرکەیەکی سۆزداری لە سەرت حسێب دەکرێ و لە قیامەت دا لێت دەپرسن بۆکێت کرد ؟ بۆچی کردت ؟... ؟ ... ؟ ... هتد .

ئەوەش بزانە مردن گەورە و بچوك نازانێ ڕەنگە لە ساتە وەختێکدا بمری کە سەرقاڵی قسەکردن بیت لەگەڵ کوڕاندا و سەر مەستی سۆزداری بیت .

یان ڕەنگە لە ساتە وەختێکدا بمری نامەی کوڕێك دەخوێنیتەوە یان تەلەفونی لەگەڵ دەکەی یان نامەی بۆ دەنووسی .

ئایا ئەتەوێ لە کاتێکدا بمری کە ناشیرین ترین ووتە و ووشە لەگەڵ کوڕاندا ئاڵ و گۆڕ دەکەی ؟ ئەتەوێ لە ساتە وەختێکدا بمری کە لەسەر ڕێبازی دڵداری بیت و بە خراپەکاری یەوە لەگەڵ کێ ؟ ئەتەوێ تووشی سزای سەخت بیت لە قیامەت ؟ بۆ چی ؟ بە هۆی کێوە ؟ لەگەڵ کەسانێك و بە هۆی کەسانێکەوە کە هەرگیز مانای شەرەف و ناموسیان نەزانیوە و دوای شەهوەتی خۆیان کەووتوون .

پێت چۆنە ئەو ساتە وەختەی دەتخەنە ناو گۆڕێکی تاریك و بە تەنهایی بەجێت دەهێڵن . تەنانەت خۆشەویستەکەت و هەموو ئەو کوڕانەی کە تۆیان بە شازادەی خۆیان دەزانی بە جێت دێڵن ، و پاش ماوەیەك لە بیر کەس نامێنی . هەر هەموو بەجێت دێڵن و دبیتە هاوڕێی کرم ومێرووەکانی ژێر زەمین ، ئەو

دەم و چاوە ناسکەی لە ژیانـدا جوانـت دەکـردەوە ، ئـەو زمانـەی کـە لـە ژیانـدا تەرخانت کردبوو بۆ کوڕان ئەم ڕۆ لە ناو گۆڕدا ژەمێکی باشە بـۆ تێرکردنـی کـرم مێرووەکانی ناو گۆڕ .

ئەڵێی چی چەند ساڵێکە و واز دەهێـنم لـە دەمەتـەقێی کـوڕان ، ئـەی ئەگەر مەرگ لە تۆ خێـرا تـر بـوو ، لـە پـاش مـردن تەوبـە دەکـەیت و پەشـیمان دەبیتەوە ؟! بەڵام ئەوەش بزانە **خوشکی بەڕێز :** سوێند بە پەروەردگار بـەر لـە مردن تەوبە نەکەی تەوبەت لێوەرناگیرێت ، وەئەگەر لە سەر ئەو حاڵەش مـردی و تەوبــەت نــەکردبێ پەشــیمانی هــیچ ســودێکی نابــێ هــەر وەك پــەروەردگار ئەفـەرموێ : ﴿ حتى إِذَا جاء أَحدهم الْموت قَالَ رب ارجِعون لَعلي أَعملُ صـالحا فيما تركْت ﴾ [سورة المؤمنون : ٩٩] .

واتە : کاتێـك کـە مردنـە یەخـە بـە یـەکێکیان دەگرێـت ، دەڵێـت خوایـا بمگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کردەوەی چاکە بکەم لەو دونیایەی بەجێی دەهێنم .

وە لە وەڵامدا پێت ئـەڵێن ﴿ كَلَّا إِنها كَلمةٌ هو قَائلُها ومن ورائهم بـرزخ إِلَى يومِ يبعثُونَ ﴾ [سورة المؤمنون : ١٠٠] .

واتە : نەخێر ، ئەوە ووشەیەکە ئەو بێژەرێتی ، و لە نێوان ئەو و دونیادا ، پەردەیەك دادەدرێت ، تا ئەو ڕۆژەی زیندوو دەبنەوە .

پاش ئەمە چی ؟

پاشان ژیانی ناو قەبر ، کە ژیانی بەرزەخە ، ئەو ژیانەی کە پێغەمبـەری خوا ﷺ لە بارەیـەوە فەرموویـەتی : " إن للقبر ضغطةٌ فلو نجا ، أو سلم أحد منها لنجا سعد بن معاذ " ، کەچی هەروەکو ئاشکراشە ئەو هاوەڵە بـەڕێزە لـە پێنـاوی خوای پەروەردگاردا شەهید بوو .

واتە : قەبر گۆڕ ووشارێکی هەیە ، ئەگەر یەکێك هەبێت لێی ڕزگار بێـت ئەوا (**سعد**) ی کوڕی (**معاذ**) لێی ڕزگار دەبوو .

**جا خوشکی بەڕێزم** بپاڕێرەوە بۆئەوەی پەروەردگارت تۆزێك ڕەحمت پێ بكات ، چونكە ئێسكەكانی لاشەت هەموو ناسكن و بەرگەی بچوكترین هێز ناگرن ، جا بۆ خۆت بیر لە گوشتنی قەبر ناكەیتەوە ؟!

بۆیە خوشكم : وەكو برایەك پێت ئەڵێم تۆزێك لە كاتەكانی ڕۆژانەت تەرخان بكە بۆ بیركردنەوە و بەخۆدا چوونەوە ، بیرێك لەو ڕەفتارانە بكەرەوە ڕۆژانە ئەنجامی دەدەی ، چونكە دەبێ باش بزانی تەلەفۆن كردن و نامە نووسین و خوێندنەوەت و وێنەگرتن ، و دەمەتەقێت لە گەڵ كوڕانا تەنانەت بە مەبەستی شووكردنیش بێ كارێكی ناشەرعی و خیانەت كردنە لە نەفسی خۆت و كەس و كارەكەت كە بە دزی ئەوانەوە ئەم كردار و ڕەفتارانە ئەنجام دەدەی ، دڵی پاك و سپی خۆت بە دەستی شەیتانەكان ڕەش و پیس دەكەی ، پاش هەموو ئەمانە چاوەڕوانی چی دەكەی لە كوڕان ؟ خەڵات كردنت ؟! یان دەست خۆشی لێ كردنت ؟! هەرگیز بیرت نەچێ خوشكم هەروەخت كوڕی ئەم سەردەمە ئیشی پێت نەما سەرزەنشتت دەكا و پێت ئەڵێ : تۆ بە كەڵكی من نایەیت ، چۆن بە قسەكانی من فریوت خوارد ، سبەینێ بە قسەی یەكێكی تریش فریوو دەخۆی و هەڵدەخەڵەتێی ، ئەمە پاداشتی كوڕانی سەردەمە بۆ تۆ خوشكم .

بۆیە لە پاش خوێندنەوەی ئەم نامەیە و ئەو سێ چیرۆكە كاتی ئەوە هاتووە بە خۆتا بچیتەوە بۆ ئەوەی بە دەستی خۆت دوارۆژی خۆت نەسوتێنی .

وە ئەگەر ئەتەوێ بڵێی من متمانەم بە خۆم هەیە و ناتوانێ پێش خواستن هیچم لەگەڵدا بكا و سوێندی خواردوە بێتە داخوازیم ، ئەوا منیش پێت ئەڵێم ( ٤ ) خاڵی گرنگ هەیە پێویستە بیزانی :

١ ـ ئەو كچانەی لە چیرۆكەكاندا بەسەر هاتی ژیانی خۆیان دەگێڕنەوە وەكو تۆ متمانەیان بە خۆیان و هاوڕێكانیان هەبوو ، بەڵام لە كۆتایی دا نە

پەیمانەکان تا سەر بوو نە متمانەکانیش لە جێگای خۆی بوو ، کچەکانیش دوا ڕۆژیان سووتا .

٢ ـ کاتێك ئەڵێی متمانەم بەخۆم هەیە ئایە تۆ لە دایکی ئیمانداران ـ خیزانەکانی پێغەمبەر ﷺ ـ پاکتر و بە توانا تری وە لەوان ئیماندار تر و بەڕێز تری ؟ کە پەروەردگار فەرمانیان پێ دەکا و دەفەرمووێ : ﴿ يا نِساءَ النبِي لَستن كَأَحد من النساء إِن اتقَيتن فَلَا تخضعن بِالْقَولِ فَيطْمع الذي في قَلْبِه مرض وقُلْن قَولًا معروفًا ﴾ [سورة الأحزاب : ٣٢] .

واتە : ئەی خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ ئێوە وەکو ئافرەتانی تر نین ، ئەگەر لە خوا بترسن ، لە کاتی قسەکردندا ناز مەکەن ، بۆ ئەوەی کەسانی دڵ نەخۆش تەماحتان تێنەکەن ، با ووتەکانیشتان ووتەی چاك بێت .

منیش ئەڵێم : نەخێر و هەزار نەخێر نە لەوان پاکتری و نەش لەوان ئیماندارتری کە خۆیان لە شەڕی پیاوان بە دوور دەگرت .

٣ ـ بە کردەوەی عیشق بازی ، و تەلەفون کردن ، و نامە و نامەکاری و دەمەتەقێ و ... هتد ، تۆ دەبیتە دەروازەیەك بۆ دروست کردنی تاوان ، و دەبیتە سینەمای چاوی کوڕان ، و دەبیتە سەرچاوەی تاوان بارکردنی خۆت و چەندین کەسی تر ، بەمەش دوو تاوانت دێتە سەر :

أ ـ سەرپێچی کردنی خۆت لە فەرمانی پەروەردگارت .

ب ـ گوناهی ئەوانەشت دێتە سەر کە پابەندی تۆ و قسەکانی تۆ بوون .

٤ ـ بەڵێنی کوڕانی ئەم سەردەمە ، چەند ووشەیەکە و هیچی تر وەك : **دەتخوازم !!! تۆ تەنها هی منی !!! و ... !! و ...!!! ... هتد** .

وە ئەم ووشانەش یەکێکن لەو دەروازانەی کە کوڕان لێیەوە دێنە نێو ژیانی تۆ ، و بێهۆشت دەکەن و گەورەترین تاوانت دەرهەق دەکەن و بە بەهاترین و بەنرخترین شتت لە دەست دەر دەکەن ، و وەك شوشە عەترێك وای دەتشکێنن

نـە عەترەکـەت بـۆ کۆبکرێتــەوە نـە شوشەکەیـشت بـۆ پینــە بکـرێ ، وەعـد و پەیمانەکەشیان خۆ ماست نیيە بە دەمیانەوە دیـار بـێ لـە کۆتـایش دا هەرچـی ڕوویدا لە نێوان تۆ و کوڕێـك دا پـاش ماوەیـەك ئەگـەر کـوڕە تەوبـە بکـا لـە نێـو خەڵکی دا بە تەوبەکار نـاو دەبـرێ بـا درۆیـش بکـا . بـەڵام گـەر تـۆ تەوبەیـەکی ڕاستەقینەش بکەی خوای پەروەردگار لێت خۆش دەبێ و ئیمانـدارانیش بـاوەڕت پێدەکەن ، بەڵام لە نێو خەڵکی دا وەکو لەکەیەکی ڕەش ، وەکو مۆرێـك بـە نێـو چاوانتەوە دەمێنێتەوە و دەبیتە چیرۆکی سەر زاری خەڵکی و بە چاوێکی سـووك ، و خراپەوە تەماشات دەکەن .

جا پێش ئەوەی توشی سزای پـەروەردگار ، و تانـە و تەشـەرەی خـەڵك بیت ، خۆت لە کـوڕان و بـەڵێنی کـوڕان بپـارێزی ، لـە پـەروەردگار بپـاڕێرەوە و داوای لێ بکە کە لە خراپەیان بتپارێزێت .

لە کۆتایش دا داواکارم لە پـەروەردگاری بـە بـەزەیی و لێبـووردەم ، لـە گوناهـەکانمان خـۆش بـێ ، و هـەموو کـچێکیش ـ لەگـەڵ تـۆش دا ـ لـە تـۆڕی جاڵجاڵۆکەکانی سەردەم و دزانی ناموس ، و گورگەکانی شەرەف بپارێزێ .

وآخر دعوانا أن الْحمد للّه رب الْعالَمين

## ئامۆژگاری مامۆستا شێخ عبدالرحمن السدیس

**خوشکی موسڵمان :** هەرگیز ناگەیتە پلەی کاملێتی ، و تەواوی ، و ناشتوانیت ڕێز و پلە و پایەت بپارێزی و ناتوانی بگەیتە پلە بەرزەکان جگە بە شوێن کەوتنی تەواوی ئیسلام نەبێ ، و لە دڵیشتدا خۆشەویستی و خێر و خوڕەوشت بەرزی مۆرکرابێ ، لە ماڵ بمێنەوە و سوپاسی خوا بکە ، چونکە بەختەوەری ، و ئاسوودەییت پەیوەستە بە لە ماڵ مانەوە ، و پۆشاکە شەرعیەکەت ، و داوێن پاکیت .

تۆ بە هۆی ئیسلامەوە گەوهەرێکی ڕێز لێ گیراوی ، بەڵام بە جگە لە ئیسلام دەبیتە بوکە شووشەی منداڵان و بە دەستی هەموو بێ ڕەوشت و لە خوا نەترسێکەوە وەك کالایەکی بازرگانی چاوچنۆکەکان و مرۆڤە لە پیچستی گورگەکان گاڵتەت پێ دەکەن ، و شەرەفت ئەبەن و پاشان پێشێلت دەکەن ، هەر کاتێ ئافرەت پێچەوانەی ئادابەکانی ئیسلام جوڵایەوە و پۆشاکی لەبەر نەکرد و دەرکەوت بۆ پیاوان بە بۆنی خۆشەوە ، ئەوا نرخی نامێنێ و توشی بەڵاو ناڕەحەتی دەبێ ، کەواتە ئەی خوشکی بڕوادار : تۆ باشترین ئافرەتی ئیسلامیت ، دەبا تەواوی پەیوەستیت هەبێ بە ئایینەکەتەوە ، زۆر بە ئاگا بە لە دەستی فێڵ و تەڵەکە باز و چاوی حەسود و دەرونی شەڕخوازان کە دەیانەوێ کەرامەتت بڕووشێنن ، و لە پلەت دابەزێن .

زۆر بە ئاگا بە دوای لە کۆمەڵەیەکی سەرکەشی یاخی بوو ، وەك چیا لە ڕوویاندا بوەستە ، و دامەزراو و خۆ ڕاگربە لە بەرامبەر هەموو فێڵبازێك و بزانە ڕووتی و خۆ داپۆشین ، و داوێن پاکی ، و بەدڕەوشتی دوو شتی جیاوازن ،وە بزانە دوژمنانی ئیسلام لە جولەکە و شوێن کەوتوانیان زۆر غەمبارن بەو نرخ و ڕێزەی کە ئافرەتی موسڵمان هەیەتی ، بۆیە بۆ گەیشتن بە مەبەستی گڵاویان بە

هـەموو شـێوەیەك هـەوڵ دەدەن کەسـایەتی ئـافرەتی موسـڵمان لـە ناوبـەرن ، زۆریش جێگەی داخە هەندێك لەو بانگەشەکارانە بە زمانی خۆمان دەدوێن و بەناو موسڵمانن ، کەچی هەوڵیان تێکدانی کەسـایەتی ئـافرەتی موسـڵمانانە ، ئـەوەش بە ناوی سەربەستی ئافرەتانەوە ! !

**خوشـکی بـەڕێزم** : دەسـت بگـرە بـە قورئـانی پـیرۆز و فـەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ و لە کرداری ڕۆژانەی خۆتدا جێبەجێیان بکە و ، دوای ئـەو هەموو درۆ و دەلەسانە مەکەوە کە دوژمنانی تۆ و ئایینەکەت بڵاوی دەکەنەوە لە سەراپای هـەموو کەناڵـەکانی جیهانـەوە . کـە هـەموو جگـە لـە درووشمـی درۆ و ڕەوونەقدار و گومڕاکار نەبێ هیچی تر نین ، و لە ناوەڕۆکیشدا بەتاڵ و بۆشن ، کە هەروەکو ژەهر دەیڕژێننە ناو جەستە ، و دڵ و دەرونی موسڵمانانەوە .

پاشـان خـۆت دوور خـەرەوە لـەو فیلمـە ناشایـست ، و ناشـرینانەی کـە پەردەی حەیا و شەرمی نێوان پیـاوان و ئافرەتـان هەڵدەماڵن ، و دەبێتـە هـۆی بەجێ هێشتنی کۆمەڵێك کاریگـەری خـراپ لـە دڵـی خـۆت و نەوەکانیـشتدا بۆیـە پێویـستە لـە سـەرت کـە تـەقوای خـوا بکـەی و منداڵەکانیـشت بـە پـەروەردەی ئیسلامی پەروەردە بکەی و ڕێگای ڕاستی خوا پەرەستیان پێ نیشان بدەیت .

**خوشکی بەڕێزم** : گوێ مەگرە لەو شتە ناشرینانەی کە دەربارەی دینی خوا و موسـڵمانان بـڵاو دەکرێتـەوە ، و ئیـسلام وا دەخەنـە پـێش چـاوی جیهـان کـە ستەمی لە ئافرەت کردووە و مافی بۆ دیاری نەکردوە ، و کردویـەتی بـە کۆیلـەی ناو ماڵ ، و هەر بە خزمەتکاری ماڵی داناوە، ئەمانە هەزاران پڕوپاگەندەی تریش کە دژی ئیسلام دەکرێت ، هیچ گوێیان مەدەرێ ، چونکە ئەوان لە سەرنەکەوتنی خۆیانەوە ، ئەو جۆرە ڕستانە هەر وەکو توتی دەڵێن و دەڵێنەوە ...

وە هــەروەها پێویــستە و ئــەرکی شــەرعی سەرشانیــشتە کــە توێژینــەوە و لێکۆڵینــەوەی زیـاتر سـەبارەت بـە ئیـسلام ئـەنجام بـدەیت ، بـۆ ئـەوەی وەکـو زانیاریــەك لــە لات کۆببێتــەوە ســوودیان لێ وەربگریــت ، و تێکــەڵ بــە لەگــەل ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و بە دوای حیکمەت و واتاکانیدا بگـەڕێ و ئـەو بـاس و بابەتەی کە پەیوەنـدی بـە تـۆی ئافرەتـەوە هەیـە زیـاتر جـەختیان بخـە سـەر و تێبفکرێ لێیان ، و باشتر ڕۆبچۆ لە واتا و مەبەستەکانیان بۆ ئەوەی خۆت پڕچەك بکـەی بـە زانـستی ئیـسلامی و بتوانیـت دژایـەتی ئـەو هــەموو بیرۆکـە خـوار و بۆچونانەی کە بە گوێرەی سەردەم دایان دەهێنن بوەستیت کە تۆ و موسڵمانانی پــێ لەکـەدار دەکـەن . و هــەموو ئـەو گومانانــەش بڕەوێنیتــەوە . وە کاتــەکانی خۆشت بە فیڕۆ مەدە و بە شتی لاوەکییەوە خـۆت خـەریك مەکـە کـە ئـەنجام و ئاکامەکەی بێ سوود بێت و هەموو کات سەردانی دەسـتە خوشـکانت بکـە و زوو زوو ئاگاداریان بکەوە و پەیوەنـدی خۆشەویـستی لەگـەڵ یـەکتردا پتـەو بکـەن و هەموو کات چاوتان بە یەکەوە بێت و کەم و کوڕی و نەبوونی و هــەژاری یـەکتری بە کۆمەکی یەکتر پڕ بکەنەوە و یارمەتی ئەو خوشکانەشت بدە کە دەست کورتن و دڵی خۆش بکە و دڵ و دەروونی زیاتر لە سەر ئیسلام جێگیر بکە ، و قەڵایەکی وایان بـۆ دروسـت بکـە کـە جـارێکی دی بـێ بـاوەڕان و نۆکـەرانی نـەتوانن بیـان گێڕنەوە بۆ سەر نەفامی و نەزانی و سەرگەردانی .

**نووسەر / باوکی فریشتە / کەلار**

freshta85@maktoob.com

# چەند چرپەیەك
# بە گوێی
# گوڵی کۆمەڵگادا

نووسینی :

**باوکی فریشتە**

پێداچوونەوەی :

**مامۆستا عدنان بارام**

**چاپی دووەم**

بسم الله الرحمن الرحيم

**خوشكی بەحیشمەت و ئیماندار :** ئەم نامیلكەیەی بەر دەستت بریتییە لە چەند ئامۆژگاری و چرپەیەك ئاراستەی تۆی ئیمانداری دەكەم بە ئومێدی ئەوەی بۆ ساتە وەختێك گوێكانت لە دەنگەكانی دەوروبەر پاك ڕاگری و چاوەكانیشت لەو شوێنانە بێنیتەوە كە بۆی ڕۆیشتووە ، وە بۆ ماوەیەك گوێ و چاو و بیروهۆشت بكەیتە میوانی ئەم نوسراوە .

**خوشكی بە شەرم و حەیام :** ئەم نوسراوەت پێشكەش دەكەم بۆ ئەوەی ببێتە پشتیوانێك بۆت كە لە ڕێگەیەوە زیاتر لە پەروەردگار نزیك بیتەوە و لە بێئاگایی بێدار بیتەوە و لە تاوان دوور بكەویتەوە .

**خوشكم :** دڵنیابە ئەم ڕۆژگارەی تۆی تێدا دەژیت لە ئاهەنگێك ئەچێ هەموو ئامادەبووانی بریتین لە دەستەیەك پیرە پیاو و ئافرەتی بەساڵا چوو ، بەڵام جلە ڕەنگاوڕەنگ و دەمامكەكانی سەرچاویان لێیان تێكداوی بۆیە بێ ئاگا لەو ڕوخسارە ناشرینانەی پشت ئەو دەمامكە ڕەنگاوڕەنگە خۆت هەڵ ئەدەیتە نێو ئەو ئاهەنگە و ئەو ئاگرەی كە بۆ خۆیان و تۆ و هاوڕێیانی تۆ بە تەمان گەرمی بكەن .

بۆیە بەر لەوەی بەڕێ بكەوی بۆ ئاهەنگە كاتییەكەی دونیا ، شانەكەی دەستت دانێ و مكیاج و بۆنە خۆشەكانت وەلاوەنێ و پشت لە ئاوێنەكەی بەردەمت بكە و ئەم نامیلكەیە بخوێنەوە ، پاشان خۆت بڕیار بدە دەچی بۆ ئاهەنگی دونیا ، یان دەگەڕێیتەوە بۆ لای پەوەردگارت .

# چرپەی یەکەم : باشترین توێشوو

**خوشكی ئیماندار :** لە خوا ترسان باشترین كارێكە و باشترین سیفەتە هەتبێ ، بەڵكو گەورەی كردەوە چاكەكانە هەروەها تەرازویەكە پلەوپایەی باوەڕی پێ لەیەك دیاری ئەكرێ و جیا ئەكرێتەوە هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ إن أكْرمكُم عند اللـه أتقـاكُم﴾ [الـحجرات : ١٣] ، واتە : پایەدارترین ، و شكۆدارترین و بەڕێزترینتان لە لای خوای پەروەردگار ئەوەتانە كە لە خوا ترسینی زیاتر بێت .

هەروەها چۆن لە سەفەرێكا توێشووی رێگا بۆ خۆت ئامادە ئەكەی و لێكی ئەدەیتەوە ئایا ئەتگەیەنێتە شوێنی مەبەست یان ناتگەیەنێ ؟ ئەوا لە خوا ترسانیش باشترین توێشوویەكە بۆ دوا سەفەری ژیانت بۆ ئەوەی بەرە و قیامەت هەڵیگری ، هەروەك پەروەرگار ئەفەرموێ : ﴿ وتـزودوا فـإن خيـر الـزاد التقْوى﴾[البقرة : ١٩٧] ، واتە : توێشووی سەفەر بۆ خۆتان ئامادە بكەن و باشترین توێشووش بۆ سەفەری قیامەتتان لە خوا ترسانە .

**لە هەمووشی گرنگتر :** هەرگیز لەو كەسانە مەبە كە تەنها خۆیان بەڕاست ئەزانن و بیروبۆچونیان وایە كەوا پێویستیان بە ئامۆژگاری كەس نابێ !! بیرت نەچێ ژیری بە گەورەیی و بچوكی نیە .

**جا دەی خوشكی خاوەن هزرم :** تا كات بەسەر نەچووە خۆت لەو بیركردنەوەیە رزگار بكە و با نەچیتە ڕیزی ئەوانەی كە پەروەردگار لە بارەیانەوە ئەفەرموێ : ﴿ وإذَا قيلَ لَه اتق اللّه أخذَته الْعزةُ بِالإِثْمِ﴾ [البقرة : ٢٠٦].

واتە : ئەگەر پێی بووترێت لە خوا بترسە ، سور دەبێت لە سەر تاوانەكانی بە هۆی فیز زلیەوە و ئامۆژگاری وەرناگرێ .

**بۆیە خوشكی باوەڕدار :** ئاگاداربە لەخوا ترسان وشەیەك نیە بەمەرەكەبی

ڕەنگاو ڕەنگ و بەخەتێكی جوان بنوسرێ !! یان وشـەیەك نىیـە تـەنها بـەزمان بگوترێ و بە گوێ ببیسترێ !! بەڵكو لە خواترسان ئەو لە خواترسانەیە كە **ئـبن مەسعود** (τ) لەبارەیەوە ئەفـەرموێ : ((**أنْ يطاع فلا يعصى ، ويذكر فلا ينـسى ، ويشكر فلا يكفر**)) [١]، واتە : گوێڕایەڵی بكرێت نەك سەرپێچی ، زكری بكرێـت ، و لەیاد نەكرێت ، شوكرانەبژێریش بكرێت و كوفری پێ نەكرێت .

یان هەروەك **سەهلی** كوڕی **عبدالله** (τ) فەرموویەتی : ((**من أراد تصح له التقوى ، فليترك الـذنوب كلـها**)) [٢] ، واتـە : ئـەو كەسـەی كـە ئەیـەوێت لـە خواترسانی ڕاست و ڕەوانی هەبێت ، با واز لە هەموو تاوانەكان بێنێت .

وە هەروەها **عومەری** كوڕی **عبدالعزیزیش** فەرمویەتی : ((**ليس تقوى الله بصيام النهار وقيام الليل والتخليط** بين **ذلك ، ولكن تقوى الله : ترك ما حـرم الله وأداء ما افترض الله ، فمن رزق بعد ذلك خيراً فهو خير على** خير)).

واتە : لەخوا ترسـان بـە ڕۆژ بـە ڕۆژووبـوون و شـەو نوێـژكردن و تێكـەڵ كردنـی ئـەو دوانـە نىیـە .. بـەڵكو بـە وازهێنانـە لـە حـەرام و جێبـەجێ كردنـی فەرزەكانی خوایە ، وە هەر كەسێ دوای ئەوە خـوا خێرێكـی پـێ بەخـشی ئـەوە خێرە لە سەر خێر .

بۆیە لەخواترسان باشترین كردارێكە و جوانترین هەنگاوێكە بینێـی بـە بـێ ئەوەی بە خۆت بڵێی ئەم تاوانە بچوكە و ئەوەیان هیچ نىیە !! بیرت نەچێ چیا بڵند و سەركەشەكان لە وردە زیخ (چەو) پێكهاتوون ، هەروەكو ( **ابن معتز** ) لـە پاچە هونراوەیەكدا دەڵێت :

---

[١] رواه الهيثمي في : مجمع الزوائد ومنبع الفوائد : ٣ / ١٤٤ ، وقال : رواه الطبراني بإسنادين رجال أحـدهما رجال الصحيح والآخر ضعيف ، والحافظ المزي في : تحفة الأشراف بمعرفة الأطراف : ٩ / ١١٦ .

[٢] بڕوانە : ( الرسالة القشيرية : ١ / ٥١ ) .

خـلِ الـ ـذنوب صغيرها وكبيرها ذاك التقـى
واصنع كمـاشٍ فوق أرض الشوك يحذر ما يرى
لا تحـقرن صغيرة إن الـجبال مـ ـن الحـصى

واتاكە شی بریتی‌یە لە :

واز بهێنە و دور بگرە لە تاوانە گچكە و گەورەكان ، ئەوەیە خۆپارێزی و تەقوای دڵەكان خۆپاراستنت لـە تاوان وەكو كاری ڕێبوارێك بێ ، كە خۆ دەپارێزێ لـــە ئازاری دڕكەكان نەكەی تاوانە گچكەكان بەكەم دانێیت ، چونكە لـە گچكە بەردن هەموو شاخ و كێوەكان

وە ئەوەش بزانە كە پێوەری تاوانەكانت خوای گەورەیە كە فەرموویەتی :

﴿**ونضع الْموازين الْقسطَ ليومِ الْقيامة فَلَا تظْلَم نفْس شيئًا وإن كَانَ مثْقَالَ حبة من خردلٍ أَتينا بِها وكَفَى بِنا حاسِبِين**﴾ [سورة الأنبياء : ٤٧] .

واتــە : تــەرازو و میزانــی دادوەری دادەنــێین لــە ڕۆژی دوایـدا بـۆ هـەموو كەس ، بێ ئەوەی هیچ جۆرە ستەمێكی گەورە یان بچووك بكرێت لە هیچ كەسێك ، جا ئەو كەسەی كە تۆسقاڵە زەڕەیەكی كردبێت ـ چاكە بێت یـان خراپـە ـ ئـەوا لەو ڕۆژەدا بەرچاوی دەخەین و حیسابی لە گەڵدا دەكـەین ، ئێمـەش بەسـین بـۆ ئەو ڕۆژە ، بۆ ئەوەی حیساب لە گەڵ خەڵكدا بكەین .

## چرپەی دووەم : لە خەیاڵی بێسوود بێدار بەرەوە

**خوشـكی بـەڕێز :** هـەروەك چـۆن هـەموو بـەیانیانێك دانیـشتنی بـەردەم ئاوێنەكەت بیرناچێ ، چۆن سەردانی هاوڕێكانت و پیاسەی پاركەكانت بیرناچێ ، خواردنت بیرناچێ ، هەروەك چـۆن كـاتی پـەخش كردنـی زنجـیرە تەلـەفزیۆنی و فلیمی كەناڵە ئاسمانیەكانت بیرناچێ ، چـۆن كـاتی تـاقی كردنـەوەت بیرناچـێ و خەو وخەیاڵ و پێكەنین و خۆ جوانكردن و گۆرانیت بیرناچن ، ئەوا بـا مردنیـشت بیرنەچێ ، بیرت نەچێ مردنیش هەیە و بەهەشت و دۆزەخیش هەیە ، دڵنیابە ئـەو ڕۆژە دێت و دەیبینیت ئەو ڕۆژەی كە هەموو خۆشیەكانت بیر دەباتەوە و نەدایك

و باوك نەبرا و خوشك نەهاوڕێ و دۆست لات نابن ، گەر لاشت بن هیچیان لە دەست نایەت بۆت ئەنجام بدەن ، هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ يوم يفر الْمرءُ من أَخيه وأُمه وأَبِيه وصاحبته وبنِيه ﴾ [عبس : ٣٤ ـ ٣٦] . واتە : ڕۆژی دوایی ڕۆژێكە مرۆڤ هەڵدێت لە برا و دایك و باوك و خێزان و ڕۆڵەكانی .

پاشان ئەتەوێ چەند ساڵ بژیت ؟! هەزار ساڵیش بژیت هەر دەبێ بمریت ، ئەگەر بۆ ڕۆژێكیش لە دۆزەخدا بیت ـ خوای پەروەردگار بە بەزەیی خۆی من و تۆشی لێ بپارێزێت ـ بەسە بۆ ئەوەی خۆشیەكانی دونیات بیر بچێ تەنها ڕۆژێك !! ئەو ڕۆژەی كە پەروەردگار لەبارەیەوە ئەفەرموێ : ﴿ وإِن يومـا عند ربك كَأَلْف سنة مما تعدونَ ﴾ [الـحج : ٤٧] .

پێت چۆنە بۆ هەزاران ساڵ لە ئاگردا بیت ؟ لە ولاتێكی بێ كارەبا حاڵت چۆنە ؟ خۆت بینیوە بۆ پەرداخێك ئاوی سارد ، و تۆزێك بای فێنك حاڵت چۆنە ؟ كە چی بیرت لە ئاگرێك نەكردۆتەوە كە تەنها بەناو هێنانی دڵەكان دەكەونە خورپە و مێشكەكان ڕادەمێنن ، ئاگرێك كە بە بەرد و مرۆڤ گەرم دەكرێت هەروەك پەروەدگار ئەفەرموێ : ﴿التي وقُودها الناس والْحجارةُ﴾ [البقرة : ٢٤] .

واتە : سووتەمەنی ئاگری دۆزەخ لە خەڵك و بەرد پێك دێت .

ئاگرێك كە حەفتا هەزار لەغاو و كۆتی زنجیرینی ( زمـام ) هەبێت ، و هەر لەغاو و كۆتێكیش هەفتا هەزار فریشتە گرتبێتی [٣] ، باشە ئەم ئاگرە چەندە گەورە بێ ؟!! ئەو پێستە لاوازەت كە چەندەها ساڵە بە چەندین دەرمانی جۆراوجۆر بەخێوی دەكەی وئاگاداری دەكەی ، ناترسی لەو ڕۆژەدا ئاگری دۆزەخ بیسوتێنێ بێ ئەوەی گوێشی بداتێ و ڕەحمیشت پێبكات ، چونكە تۆ خۆت ڕەحمت بە خۆت نەكردووە لە دونیادا ، بە كردەوەكانت ئەو ئاگرەت هەڵبژاردووە .

---

[٣] صحيح الترمذي برقم : (٢٥٧٣) .

**خوشكی ئیماندار :** بیرت لە پردی صراط كردۆتـەوە ، ئـەمڕۆ هێنـدە بـە نازەوە بەڕێوە دەچی جادە و كۆڵانێكت پێ بچوكە ، سبەینێ پردێك چاوەڕوانتە لە شمشێر تیژتر و لەتاڵە مو باریك تر ، ژێرەوەشی دۆزەخ ، ئەو كاتـە بـەنازەوە ڕێكردن چ دادێكت ئەدات .

ئەو كاتە تـەنها كـارە چـاكەكانت فریـات ئەكـەون هـەروەك پـەروەردگار ئەفـەرموێ : ﴿ وإن منكُم إلا وارِدها كَانَ علَى ربك حتما مقْضيا ثُم ننجي الـذين اتقَوا ونذَر الظالمين فيها جِثيا﴾ [مريم : ٧١ ـ ٧٢] .

بیریشت نەچـێ لـە دونیـادا هەرچـیەكت لـە دەسـت بـچێ لۆمـەكردن و سەرزەنشت دادت بدات و كاتی ئەوەشت هەبێ ئـەو هەڵەیـەی دەیكـەی دوبـارەی نەكەیتەوە یان چاكی بكەی یان چاوەڕوانی هەلێكیتر بكەی بۆ ڕاست كردنـەوەی هەڵەكانت ، بەڵام مردن یەك جارە و لە پاش مردنیش سەرزەنـشت كردنـی خـۆت هـیچ دادت نـادات ، هـیچ دەرفـەتێكیش نـابێ بـۆ بیركرنـەوە و گەڕانـەوە بـۆ چاكەكردن ، بۆیە تامردن نەبووەتە میوانت و قەبرەكەت هەڵنەكـەنراوە بگـەڕێوە سەر ڕێگای ڕاستی خواپەرستی ، بەر لەوەی ئـەو كاتـە بـێ زینـد و بكرێیتـەوە و مردن نەمێنێ بگەڕێوە ، هەروەك خوای بەبـەزەیی ئەفـەرموێ : ﴿ ونادوا يا مالك ليقْضِ علَينا ربك قَالَ إنكُم ماكثُونَ ﴾ [الزخرف : ٧٧] .

واتە : دۆزەخیەكان هاوار دەكەن پەنا دەبەنە لای ( **مالـك** ) بـۆ ئـەوەی داوایان بۆ بكات لە خوای پەروەردگار بەوەی كە بیانمرێنێت ، بەڵام وەڵام : ئێوە ئەبێت بمێننەوە .

بۆیە ستایشكردنی خەڵكی بۆ كەمایەتیت و پیاهەڵدانیان بەجوانیتا ئەبنە هۆكارێـك بـۆ خۆشویـستنی دونیـا و لـە دەسـت دانـی قیامـەتت ، چـونكە ئـەم دونیایـەی تـۆی ئیمانـدار پێـوەی ئـالودەبوی لای پـەروەرگار بـاڵی مێـشولەیەك

ناهێنیّ .. باڵی مێشولەیەکیش (دونیا) ئەوە ناهێنیّ بە هۆیەوە بچیتە ئاگرەوە تەنانەت بۆ چرکەیەکیش بێت .

تەنها پێت ئەڵێم :ماڵی دونیا و منداڵ و باوك و دەزگیران و کەس و دۆست ... هتد ، لە خشتەت نەبەن کەسیان لە قیامەتدا هیچیان لە دەست نایەت بۆت ئەنجام دەن ، تەنها کردارە جوان و شەرعییەکانی خۆت فریات ئەکەون هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ يوم لَا ينفَع مالٌ ولَا بنونَ إلا من أتى الله بِقَلْبٍ سليمٍ ﴾ [الشعراء : ٨٨ ـ ٨٩] .

واتە : ڕۆژێك دێت نەماڵ و نەنەوە سوود بە مرۆڤ دەگەیەنن ، جگە لەوە نەبێت کە دڵێکی پاك سەلامەتی هەبێت .

## چرپەی سیّ یەم :

## کفن سادەیە و نەخشین نی یە و لە سەر مۆدەش نادوریّ

**خوشکی موسڵمان :** دوو ڕێگات لە پێشە بۆ خۆشبەختی :

**یەکەمیان :** ڕێگای خۆشبەختی دروستکراوی خەیاڵ و خۆهەڵخەڵەتاندن وکات بەسەربردن ، ئەمەش لە ڕێگەی لەبەرکردنی جل وبەرگی نویّ ومۆدە بەدەست دەهێنریّ ، و خۆشبەختی یەکە لە خەیاڵی خۆتدا دروستی ئەکەی و تەمەنێکی کورتی هەیە و هیچ ئەنجامێکی نابیّ هەر ئەوەندە جلەکانت داکەند یان یەکیّ پێی وتی جوان نیە ئیتر تەمەنی ئەو خۆشیە بەسەرئەچیّ .

**دووەمیان :** ڕێگای ڕاستی خواپەرستی کە خۆشبەختییەکی هەتاهەتاییە ، بۆ دۆزینەوەی ڕێگای دووەم وبەدەست هێنانی خۆشبەختی هەتاهەتایی پێویست ئەکا جل و بەرگی ناشەرعی ومۆدە وەلاوە نێی و خۆت پەیوەست بکەی بەڕەفتاری جوان و شەرعی و موسڵمانانە بە لەبەرکردنی جلێکی شەرعی جل وبەرگێك کە پەروەردگار بەجوانی بزانیّ و پێی خۆشبیّ .

هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ ولباس التقْوى ذَلِـكَ خيـر ذَلِـكَ ﴾ [الأعراف : ٢٦] .

واتە : جل و پۆشاكی لە خواترسان باشترە ...

ئەوەك جلێ بەلای هاوڕێ و دۆستەكانتەوە جوان بێت !!! بادۆست و هاوڕێكانیشت جلە شەرعییەكانت بەناشیرین و دواكەوتوانە بزانن !!!

ئەوەش بزانە پەروەردگاریش جلی مۆدە بەناشیرین ئەزانێ و بە جەهالەت و دواكەوتویی ناوی ئەبات .

پێت وایە كامیان لەسەر ڕاستن هاوڕێكانت یان پەروەردگار ؟

پێت وایە كامیان بەرژەوەندی تۆی ئەوێ ؟ ئەو هاوڕێ كوڕانەی ئەیانەوێ جلەكانت تەنك بن وهێندەتەسك بن ئەندامەكانی لەشت بەدەركەون ؟ یان پەروەردگارێك بەرژەوەندی تۆی ئەوێ كە داوات لێدەكات خۆت داپۆشی و چیتر خۆت نەكەیتە سینەمای چاوی كوڕان ؟

ئەوان هیچیان بۆ نەكردووی ، بەڵام پەروەردگار لەسەر جوانترین شێوە دروستی كردووی و ڕۆحی پێ بەخشیوی ، لە مۆدە و جلی كورت و تەسك و تەنك مرۆڤی شەهوەت باز و دواكەوتوو لایەن گرتە و ستایشت دەكات بە لە بەركردنی جلی داپۆشراو و شەرعی ، پەروەردگار ستایشت دەكات كامیانت پێخۆشە ؟

خۆشەویستی كێ بەدەست بێنی باشە؟ خەڵكی و كاتی ؟ یان پەروەردگار و هەتاهەتایی؟ پێت خۆشەكێ پاڵپشتت بێت پەروەردگار ؟

یان مرۆڤە شەهوەت بازەكان ؟ كێ پێت ڕازی بێ باشە ؟ پەروەردگار یان مرۆڤە بێ ڕەحمەكان ؟ تەنها پێت ئەڵێم لە كۆتایی دا ئەگەڕێیتەوە لای پەروەردگار و ئەو لێت ئەپرسێتەوە ئیتر خۆت وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بدەرەوە و لایەكیان هەڵبژێرە .

**خوشكی ئیماندار:** لەبەركردنی جلێكی شەرعی كە هەموو ئەندامەكانی

لەشـت داپۆشـیٚ لـەو كەسـانەت جیادەكاتـەوە كـە پـەروەردگاریان بیرچـووە و بەخۆشیەكانی دونیا پەیوەست وڕازی بوون .

پێم خۆشە ئاگادارت بكەمەوە كە جـل و بـەرگی مـۆدەی ئـەم سـەردەمە بوونەتە هۆكارێكی گەورە بۆ كاریگەری كردنە سەر ئافرەتانی موسڵمانان و لـە خـشتە بردنیان .

**خوشكی بەڕێز :** هەر ڕۆژە و مۆدەیەكی نوێی جل و بەرگ دەكەوێتە بـازاڕەوە ، و لە پشت پەردەی ئەم جـل و بەرگـە خراپانـەش دەسـتەیەكی خراپـە كـار هـەن كاری سەرەكیان پڕكردنی باخەڵ و تیژكردنی چاوەكانیانە و دژایەتی كردنی ئـەو ئاینەیە كـە دەبـیٚ تـۆی ئیمانـدار شـانازی پێوەبكـەی ، دوژمنـانی ئیـسلام لـە دوای پوچەڵ بوونەوەی زۆربەی هەوڵەكانیان بۆ لە ناو بردنـی ئیـسلام ، پـەنایان بردۆتـە بەر بـەكارهێنانی ئـافرەت وەكـو چـەكێك بـۆ لـە نـاوبردنی ئیـسلام بۆیـە جەسـتەی ئافرەتیان بەهەل زانـی و كردیانـە پارچـە شـتێك بازرگـانی پێـوە بكـەن بـۆ هـەرجارەو ڕەنگێكـی نـویٚ و مـۆدێلێكی نـوێی جـل وبـەرگ دەخەنـە بـازاڕەوە ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ مۆدێلەكان كورتتر و تەسكتر و تەنكتر دەبنەوە ، بەبیٚ ئەوەی بەخۆت بزانی یـان داوایەكت ئاراستە بكەن ، ئەتكەنە سـینەمای چـاوی پـڕ لـە شـەهوەتی خۆیـان و مرۆڤە نەفس نزمەكان و لاوە برسیەكانی شەهوەت .

**خوشكە بەڕێزەكەم :** بە لەبەركردنی جلەكانیان دەبیتە سینەمای چـاوی ئەوان بیٚ ئەوەی بەخۆت بزانی .

پێم سەیرە كچێكی ژیری وەكو تۆ چۆن ڕازی ئەبی كە پیـاوان بازرگـانی بەجەستەیەوە بكەن ، لـە كاتێـدا پـەروەردگار پلەیـەكی بـەرزی بـەتۆی ئـافرەت بەخشیوە كە ناوی یەكێك لە سورەتەكانی ناوە (**النساء**) ، كاتی ئەوە هاتووە پڕ بە دەنگ هاوار بكەی و بلێی نەخێر بۆ جل و بەرگی مۆدە و چی تر خـۆم ناكەمـە سینەمای چاوتان ، بلّیٚ نەخێر بۆ ئەو جل و بەرگانەی ناوتان لێنـاوە ئـازادكردنی

ئـافرەت ، چـونكە خـۆی لەخۆیـدا بەندكرنـە ، بڵـێ نـەخێر بـۆ بازرگـانی كـردن بەلەشمانەوە .

**خۆشكی ئیماندار** : پێش بەسەرچونی كات جلە خراپەكانت بـەلاوەنێ و بـە لەبەركردنی جلێكی شەرعی و داپۆشراو خۆشەویستی پەوەردگار بەدەست بهێنە.

مەڵێ مێردەكەم ناهێڵێ !! براكەم قایل نابێ !!! باوكم پێـی ناخۆشـە !!! شەرم دەكەم !!! یان دۆستەكانم عـاجز ئـەبن !!! مـەڵێ لـە كۆمـەڵگای ڕۆژئاوایی مۆدێل بەسەرچوە جوان نىیە !!!

**كـچی ئیمانـدار** : جلـی شـەرعی لای پـەروەردگار جوانـە و مـۆدێلی بەسەرناچـێ بەهانـەش مەهێنـەوە ، و هـیچ لـەو قـسانەی سـەرەوە بەبەهانـە وەرناگێرێ چونكە بێ ئـەمری پـەروەردگارت كـردووە **بیریـشت نەچـێ سبەی كـە دەمری كفنێكی سپی وسادەت لەبەر دەكەن نەڕەنگاو ڕەنگـەو نەنـەخش و نیگـار و گوڵی تێدایە لەسەر مۆدەش نـایدرون مۆدێلەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ زیـاتر لە هەزار سـاڵ بـەر لـە ئێـستا !!!** خوشـكێ بگـەڕێوە سـەر ڕێگـای ڕاسـت ، و ڕەفتـاری سەردەمی جاهیلی واز لێبێنە هەروەك پەروەردگار ئەفـەرموێ : ﴿وَلَا تبرجن تبرج الْجاهلية الْأُولَى﴾ [الأحزاب : ٣٣] .

واتــە : وەكـو ڕووتكردنـەوەی سـەردەمی نـەفامی یەكـەم خۆتـان ڕووت مەكەنەوە .

**ئـامۆژگـاریم بۆ تۆ و خوشـكـانت** : خۆتـان دەربازكـەن لـە قەفـەزی مـۆدە وجـل و بـەرگی ناشـەرعی ، ئـەو جـل و بەرگانـە فرێـدە كـە لـە بەهەشـت دوورت دەخەنەوە و لە ئاگری دۆزەخ نزیكت دەكەنەوە .

بەڕێ كەوە بەرەو لە بەركردنی ئەو جل و بەرگـەی لـە بەهەشـت نزیكـت دەكاتەوە .

## چرپەی چوارەم : ئازادی ڕاستەقینە :

**خوشکی باوەڕدار :** ئافرەتی زۆر هەن شانازی بەجوانیـیەوە ئەکەن هەیانە شانازی بەدەنگ و زیرەکیـیەوە ئەکات هەشیانە شانازی بەدەسەڵات و باوك وپارە و مێردەوە دەکات ، ئەمانە و چەشنی ئەمانەی سەرەوە بوونەتە ڕێگە خۆشکەرێك دوژمنانی ئیسلام دەس وەردەنە تێکدانی ئاینی ئیسلام ودژایەتی کردنی پەروەردگار ، ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی مێشکی ساویلکەی ئەم کەسانەی کە تێڕوانین و بیرکردنەوەیان ناگاتە بەرپێیان بەڵکو هەنگاو بەهەنگاو لەدوای خۆیان بەجێی دێڵن ، وەهەندێ ئافرەتی تریش هەن کەشانازی بەو ئاینەوە ئەکەن کە مانای ڕاستی ژیانی پێ بەخشیون ئەوەش ئاینی ئیسلامە .

بەڕاستی ئەمانەی دوایی بونەتە بەربەستێك بەرامبەر بەدیهێنانی ئارەزووە پیسەکانی دوژمنانی ئیسلام . لەم چەند ساڵەی ڕابردوو چەند دەستەیەك پەیدا بوون بانگەشە بۆ ئازادی ئافرەت دەکەن خانەیەکی جاڵجاڵۆکەیان لەپەتی زێڕین دروست کردووە هەرجارەو دەستەکچێك بەو ڕەنگە زەردە ئاڵتونیـیە لەخشتە دەبرێن ، بۆیە بەر لەوەی ببیتە شوێنکەوتەی بانگەشەکارانی ئافرەت ، پێم وایە و باش وایە بانگەشە بناسیتەوە پاشان بڕیاری شوێنکەوتن یان شوێن نەکەوتنی بدەی ئەوانیش بریتین لە :

(١) کۆمەڵێك گەمژە و نەزان ئەو قسانەی لە دوژمنانی ئیسلام دەبیسن بەبێ ئەوەی بزانن بنەمایان هەیە یان نا لە نێو خەڵکدا بڵاوی دەکەنەوە ، وەکو توتی ئەوەی ئەیبیسن ئەیڵێنەوە !!!

(٢) کۆمەڵێکی فێڵباز ئەیانەوێ ئەم ئاینە تێك بدەن وخەڵکی هەڵگەڕێننەوە کە ئەوانیش بێباوەڕانن وچەند ڕێگایەکیان گردۆتەبەر وەك بەکارهێنانی کۆمەڵی یەکەم و نوسین و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ، و لە هەمویشی

سـەیرتر بـەكارهێنانی ئـافرەت بـۆ داڕوخـانی ئـاین وزەوت كردنـی ئـەو پایەیـەی بەئافرەتی داوە .

(٣) كۆمەڵێكی شەهوەت باز كە ئـارەزوو وشـەهوەتیان بەسـەریاندا زاڵـە داوا لـە ئـافرەت ئەكـەن لـە ئیـسلام دوور كەوێتـەوە و ئازادیـان بـۆ دەنەخـشێنن بەچەندین ڕەنگی جۆراوجۆر ، ئەمەش تەنها بۆ تێركردنی چاوی برسی و نەفـسی پڕ لە شەهوەتیانە ، وەئەیانـەوێ تـۆی ئـافرەت بكەنـە سـینەمای چـاوی خۆیـان وەهەرسیٚ جۆرەكەش لەم ڕۆژگارەدا زۆرن وبوونیان هەیە .

**بەڵام خوشكیٚ ئاگاداربە** : ئەم بانگەشەكردنە تەنها ناوی ئازادكردنی ئافرەتـە ناوەڕۆكەكەی ناشیرین كردن و عەیب داركردنی جەوهەری ئافرەتە خـۆت لێیـان بپرسـە بۆچـی بانگەشـە بـۆ لادانـی حیجـاب ئەكـەن ؟! !بۆچـی بانگەشـە بـۆ جلـی مـۆدە وناشەرعی دەكەن ؟! !

ئایە حیجاب و دانانی سنورێك لـە گـەڵ لاوانـدا بەنـدە ؟! ! بەڕاسـتی كـاتی ئەوە هاتووە پڕبەگەرووت هاوار بكەی و بڵێی بانگەشەكارانی ئازادكردنی ئـافرەت لە باخچەی ئیمان و پۆشتەیی بۆ زبڵدانی تاوان وخراپـەكاری نـەخێر بۆداواكـەتان بۆچی بانگەشە ناكـەن بـۆ ڕزگـار كردنـی ئـافرەت لـە بازرگـانی بەلەشـیەوە لـە ڕیكلامە تەلەفزیۆنیەكان بۆچی هەوڵی ئازادكردنی نادەن لەو دەست درێژیانـەی دەكرێتە سەریان بۆچی داوای ئازادكردنی ناكەن لەو كەسانەی وەكو بوونـەوەرێك تەماشای دەكەن و تەنها لایەنی جنسی تیا ئەبینن ولایەنی مرۆڤایەتی پشت گویٚ ئەخـەن بـۆ بانگەشـەناكەن بـۆ ئـازادكردنی لـە بازرگانـەكانی سـێكس و مـۆدە و بۆچی... بۆچی... بۆچی... زۆرشتی تریش ؟!

بەڕاستی ئەوەی بانگەشەی بۆ ئەكـەن سـووتانی ئـافرەت وبەنـدكردنێتی **(تحريق المرأة)** نەك ئازادكردنی **( تـ ـحرير المـرأة )** ئـەم چـیرۆكەی خـوارەوەش ئازادی ڕاستەقینەت بۆ ڕوندەكاتەوە وجوانترین پێناسەی ئەكات .

بەسـەرهاتێکە لـە نێـو کۆمـەڵگای ئـەوروپی یـەوە سەرچـاوەی گرتـووە لـەو ئازادیـیەی مـرۆڤ بانگەشـەی بـۆ ئـەکات پێگەشـتووە بۆیـە هـەر ئەمـەش وای لێکردووە بگاتـە ئـازادی ڕاسـتەقینە ئـەویش چـیرۆکی ژیـانی ئـافرەتێکی تەمـەن ( ٢٤ ) ساڵەی بەریتانیە بە ناوی ( **سارا جوزیـف** ) لـە چـاو پێکەوتنێکدا لـە گـەڵ کچە موسڵمانی بەریتانی ( **سارا جوزیف** ) کە لە تەمەنی ( ٢٤ ) ساڵی دایـە ، کـە ( ٧ ) ساڵ لەمەوپێش موسڵمان بووە ، ئەڵێ : لە لایەن منـەوە بڕیـاری پۆشـینی جل وبەرگی شەرعی لە بیروباوەڕێکی بەهێزەوە سەرچاوەی گرتووە ، چونکە من پێم وایە لە نێو کۆمەڵگای بەریتانیدا لەشی ئافرەت بەشێوەیەکی خراپ مامەڵـەی لەگەڵـدا ئـەکرێت ، هـەروەکو دەبیـنین وێنـەی کـچانی نیمـچە ڕوت لـە هـەموو جێگاکاندا بڵاو ئەبێتەوە ، تا ئەوڕادەیەی کەوا لەشی ئـافرەت بووەتـە مـوڵکێکی گشتی بۆ هەموان .

من ڕقم لەم کارەیە و هیچ بەباشی نازانم ، چونکە ئەمەوێ هەموو خەڵك لـە ڕوانگـەی کەسـایەتیمەوە بڕیـارم لەسـەر بـدەن نـەوەك لـە ڕوانگـەی لـەش و ڕوکەشمەوە. بەم شێوەیەش پۆشاکی شەرعی ئازادی کردم لەوەی کە ببمە دیلی شێوە و ڕوکەشم .

## چرپەی پێنجەم : ڕوکەش لەخشتەت نەبات

**خوشکی ئیماندارم** : هەموو شتێکی درەوشـاوە زێـڕ نیـیە ، هـەرگیز مەهێڵـە ڕواڵەتی ڕەنگا و ڕەنگی دەوروبەر لەخشتەت بەرێ ، بۆ ئـەوە ئەمـەت پـێ ئـەڵێم ڕەنگە پێت وابێت ئافرەتانی ڕۆژئاوا لە ژیـانێکی پـڕ لـە خۆشـیدا بـژین و هـەموو کاتەکانیان بەخۆشی بەسەربەرن ! !

ڕەنگـە پێـت وابێـت ئـەو ئازادیـیەی پێیـان بەخـشراوە هـەموو هیـواو ئاواتەکانیانی هێنابێتە دی ! ! گەر وابیر دەکەیتـەوە ئـەوا جێگـەی داخـە کـاتی

زێڕینی خۆت بەو جۆرە بیرکردنەوەیە بەهەدەر ئـەدەیت ، چـونکە وەك وتـراوە : (**دەنگی دەهۆڵ لە دوورەوە خۆشە**) ، ئەو ئازادیەش پێیان بەخشراوە لە ڕاسـتی دا بەنـدێکی ئاسـنینی ئەسـتورە ، ئافرەتـانی ئـەوروپا و ئافرەتـانی بانگەشـەکاری ئازادی ئافرەت لە نێو چوار شورای بەرزو پتـەودان دەرەوەی ئـاگرە و نـاوەوەی بەندیخانەی فەرمانی مرۆڤە شەهوەت بازەکانە ، هەرجارە و دەسـتەیەك ئـافرەت بەمەبەستی هەڵهاتن لەو بەندیخانەیەی ناویان لێناوە ئازادی دەبن بە میوانی ئاگر و ناچـار دەگەڕێنـەوە بەندیخانەکـەیان بەتـەواوی دەسـوتێن کـە بـەدەم وچـاوی سوتاویش گەڕانەوە ، ئەو کاتە تەنها ئاواتیـان مردنـە ، بـەڵام هـەرگیز مـردن بـە ئارەزووی ئەوان نابێ و بە فەرمانی ئەوان دوا ناکەوێ لە هاتن و پەلـەش ناکـات . کـەی کـاتی خـۆی هـات پێویـست ناکـات کـەس ئاگـاداری بکاتـەوە هـەروەك پەروەردگار ئەفـەرموێ : ﴿فَإِذَا جاء أَجلُهم لاَ يستأْخرونَ ساعةً ولاَ يستقْدمونَ﴾ [سورة الأعراف : ٣٤] .

واتە : ئەگەر ئەجەلی هەرکەسێك نزیك بویەوە ، ئەوا بێگومـان نەسـاتێك دوا دەکەوێت ، نە ساتێکیش پێش دەکەوێت .

**خوشـکی بـەڕێزم** : ئـەم چـەند خاڵـەش کەلەمـەو دوا ئەیخەمـەڕوو سەرژمێرێکی ڕۆژئاواییە ئەو ڕاستیە ئازار بەخشە ئاشکرا دەکات کە ئافرەتـانی ڕۆژئاوا لە خۆشبەختی و ئارامی ناژین ئەوەش مشتێکە لـەو خەرمانـەی کـە تـاکو ئێستا بە هەڵە لێی تێگەیشتووی .

(١) ٨٠ ٪ ی ئافرەتانی ئەمریکا پێیان وایە ئەو ئازادیـەی کـە ئـافرەت بەدەستی هێناوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەمان و پەرتـەوازە بـوونی لایـەنی ڕەوشت و ئەو توند و تیژییەی کە تاوەکو ئێستا بونی هەبو لە کۆمەڵگاکانیاندا .

(٢) ٧٥ ٪ یـان هەسـت بەنیگـەرانی دەکـەن بـەهۆی داڕوخـانی بـەها کۆمەلآیەتی و پەرتەوازە بونی خێزان .

(٣) ٨٧ ٪ یـان ئـەڵێن گـەر مێـژووی بەسەرچـوو بگەڕێتـەوە دواوە ئـەوا داواکردنـی یەکسانی بـە پیلانێکـی کۆمەڵایـەتی دائـەنێین دژ بـە ئـەمریکا ، وە بەرگری ئەوانەشمان دەکرد کەوا درووشمی یەکسانیان هەڵدەگرت .

(٤) ٤٠ ٪ ی ئافرەتانیــان ڕوبــەڕوی لێــدان و دەســتدرێژی کردنەســەر بونەتەوە ئەگەر بۆ تەنها جارێکیش بوو بێت .

(٥) ( ٨٠٠ ) هـەزار ئـافرەت کـە لـە بـەریتانیادا سـکپڕ دەبـن ، ( ٤٠٠ ) هەزاریان لە دەرەوەی بازنـەی خێزانداریـدا ڕوویـداوە ، واتـە بەڕێگـەی ناشـەرعی سکیان پڕبووە .

(٦) (١٥٢٨٩٠ ) حاڵەتی لە باربردنی منداڵ لە ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی یەك ساڵدا ڕوو دەدات .

(٧) ( ١٠ ) ملیۆن حاڵەتی لە باربردنی منداڵ لە ڕوسیا هەیە .

( ٨ ) ( ١ ، ١٠ ) ملیۆن تەڵاقدراو لە فەرەنسا هەن .

(٩) ٤٠ ٪ ی ئافرەتانی ئیتالیا بوونەتـە قوربـانی دەسـتدرێژی کردنەسـەر **(الاغتصاب)**.

(١٠) (١٤) ملیۆن ئافرەتی ئیتالی دەترسن بەتەنیایی لە جادەکاندا بگەڕێن

(١١) ٦٠ ٪ ی کـچە خوێنـدکارەکان چـاوەڕوانی ئـەوە دەکـەن بـەر لـە تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن ڕوبەڕوی دەستدرێژی کردنەسەر ببنەوە .

(١٢) ١٨ ٪ **ی** ئافرەتانی ئەمریکا دوچاری دەستدرێژی کردنەسەر بوون ، یان ڕوبەڕویان بووەتەوە .

(١٣) لە هەر (٣٥) حاڵەتی دەست درێژی کردنە سەر تەنها لە سـەر یـەك حاڵەت لایەنەکان و دەزگا بەرپرسەکان ئاگادار دەکرێنەوە ئەوانی تر بەبێ دەنگی دەمێننەوە .

(١٤) (٤٠) ملیۆن منالی بێنەوا لە ئەمریکای لاتین هەن .

## چرپەی شەشەم : دان پیانان سەروەری بەڵگەکانە

**خوشكی ئیماندارم :** ئافرەتانێکی زۆر هەن لەم رۆژگارە ئارەزو دەکەن و خەون بەوەوە دەبینن کە وەکو فلانە گۆرانی بێژی ناودار بن یان وەك فیسارە ئەکتەر ناسراو بن ، چونکە ئەوانە خۆشەویستی خەڵکن نوێ ترین جل و بەرگ لەبەر دەکەن خۆشترین خۆراك دەخۆن جوانترین ئۆتۆمبیلیان هەیە خەڵکی خۆشی ئەوێن ماڵی جوانیان هەیە لاوەکان بۆ ئیمزایەکیان بەدارا ئەچن ... هتد .

بەڵێ ئەمانە هەمووی راستن ، هەموو ئەوانەیان هەیە وەرەنگە پێت وابێ هەرچییەکیان بوێ دەستیان ئەکەوێ ؟ بەلاّم گەر وابیرکەیتەوە ئەوا زۆر هەڵەی ، زۆرشتی تریشیان هەیە و بیانەوێ دەستیان ئەکەوێ بەلاّم هەموو ئەو شتانەی باسمان لێوەکردن گەورەترین شتی لێزەوت کردوون کە ئەوەش خۆشبەختی هەتا هەتاییە ، هەموو ئەوانەی سەرەوەش بەشتێکەوە خۆشە کە ئەوان نیانە ئەوەش خۆشبەختی و بە ئارامی ژیانە ، بەڵێ ئەو شتانەی هەیانە بوونەتە بەربەستێك لە نێوان ئەوان و خۆشبەختی .

دڵنیابە خوشکی ئیماندارم هەموو ناودارەکان و ئەکتەر و گۆرانی بێژەکان تامەزرۆی چرکەساتێکی بەئاسودە ژیان و بەسادەیی ژیانن ئامادەن هەموو ئەوانەی هەیانە لە پێناو خۆشبەختیدا ببەخشن بەلاّم بە داخەوە رێگای خۆشبەختیان هەڵە کردووە ، تا لەسەر ئەم حاڵەش بژین تامی خۆشبەختی ناچێژن ، خۆشەویستی خەڵکیش بۆیان خۆشەویستییەکی کوێرانەیە . گۆرانی بێژێك چەندین مانگ ژیان لە خۆی تاڵ ئەکا زۆر جار ساڵێك بۆ بەرهەم هێنانی ڤیدیۆ کلیپێك ، خەڵیش بەیەك چارەکە سەعات گوێ لە هەمووی دەگرن .

کەوابوو ژیانیان لە کارکردن ماند و بوونێکی بەردەوامە، کوا خۆشبەختی ؟!!

**خوشكی بەڕێز :** ڕێگای خۆشبەختی و ئەو ڕێگایەی ناودارەكان ( گۆرانی بێـژ و ئەكتـەرەكان ) هـەڵیان بـژاردووە بەیەكـەوە نایـان گـونجێ خۆشـبەختی پێویـستی بـەڕێگای خـوا پەرسـتی هەیـە تـەنها لـە ڕێگـای خـوا پەرسـتیيەوە ئەیبینیتــەوە. نــاودار و گــۆرانی بێــژ و ئەكتــەرەكان ڕێگــای خوشــبەختیان هەڵـەكردووە چـونكە پـشتیان لـە خواپەرسـتی هـەڵكردووە بۆیـە ئاسـاییيە لـە نائارامی بژین ئەمە بەڵێنێكەو خوای پەروەردگار بـە هـەموو كەسێــكی داوە كـە پشت لە خواپەرستی بكات هەروەك ئەفـەرموێ : ﴿ ومن أعرض عن ذكري فإن له معيشةً ضنكًا ﴾ [طـه : ١٢٤] ، واتـە : ئـەو كەسـەی كـە پـشت لـە زیكـری خـوای پەروەردگار بكات ، ئەوا ژیانێكی پـڕ لـە كـوێرەوەری و دژواری دەبێـت ، ئەمـەی خــوارەوەش وتــەی ســەرزاری ئــەو ناودارانەیــە كــە ڕاســتی ژیــانی هونەرمەنــد وناودارەكانمان بۆ دەخەنە ڕوو ( **برجيت باردو** ) ئەسـتێرەی ( إغراء ) وتوویـەتی : (ئێستا كە سەیری یەكێك لە فلیمەكانی ڕابـردووم ئەكـەم ، تـف لـە ڕووی خـۆم ئەكەم و دەست بەجێ تەلەفزیۆنەكە ئەكوژێنمەوە، من چەندە بێ نرخ بووم) .

هـەروەها ( **هنــاء ثــروت** ) لـە دوای وازهێنـانی لـە هونـەر ئـەڵێ : (بـەڵێ بڕیاری وازهێنانم لە هونەر ڕاست ترین و باشترین بڕیارێكە لە ژیانمدا دابێتم .

ئەوەش بەسە كە وازهێنانەكەم وای لێكردم هەست بەو خۆشبەختیيە بكـەم كە پێویستم پێی بوو .. سوپاسی پەروەردگارم ئەكەم كەوا پـێش بەسەرچـوونی كات خۆمم ڕزگار كرد) .

دەتۆش **خوشكی بەڕێز :** پێش هاتنی ئەجەل بگەڕێوە سەر ڕێگای ڕاست و ئارەزووی ئەوە بكـە وەك فڵانـە هاوڕێت جلـەكانت پۆشـتە بـن ، وەك فیـسارە دراوسێ قورئان لەبەر بكەی ، وەكو كچانی خەمخۆر بۆ ئاینی ئیسلام بانگەشە بۆ دینەكـەت بكـەیت و ئامۆژگـاری ئاڕاسـتەی ئـەو كـچانە بكـەی لـە ڕێگـای ڕاسـتی ئیسلام لایـان داوە ، كتێـب و كاسـێتی بەسـود بەسـەر كـچاندا دابـەش بكـەیت .

بەڕاستی کاتی ئەوە هاتووە ئارەزوی خراپە بگۆڕیتەوە بە کرداری چاك ونوێ و شەرعی ، واتە پێویست بە بیرکردنەوە ناکات بڕیارێکی ڕاست بدەو بگەڕێوە سەر ڕێگای ڕاست .

## چرپەی حەوتەم :

### دوایەمین وێستگا ... مردن !!!

بیرت نەچێ خوشکم بەر لەوەی چاوەکانت بۆ چەند چرکەیەك داخەی ، ڕۆژێك دێ بۆ هەتاهەتایی چاوەکانت لەم دونیایە دادەخەی وماڵئاوایی لە شتە ڕەنگاو ڕەنگەکانی دونیا دەکەی . ڕۆژێك دێ مردن دەبێتە میوانت ، و هەرگیز دەرباز بوون نیە سەیر لەوەدایە لە پڕێکا دێت بەبێ ئەوەی مۆڵەتت لێ وەرگرێ یان تەلەفۆنێکت بۆبکا یان لە دەرگاکەت بدا خۆی ئەکا بەژورا ، و باکی نیە میوانت هەبێ یان تاقی کردنەوە ، باکی نیە فلیمی ئەمڕۆت لە دەست دەرئەچێ یان دەبێ لە گەڵی بڕۆی لە گەڵ کێ ؟ فریشتەی ڕوح کێشان (**ملك الـموت**) ؟!

پەروەردگارت کاتی زۆری پێ بەخشیت نەتتوانی بە باشی بەکاری بێنی بۆیە کاتت بەسەرچوو ، هەروەکو کاتی تاقی کردنەوە کاتەکەت بەسەر چوو دەفتەرەکەی بەردەستت لێ ئەسێنن بەڵام تاقیکردنەوەی دونیا قەرەبوو و جێگیری (**تعويض**) ئەکرێ دەرفەتێکی تر و تاقیکردنەوەیەکی ترت لە پێش ئەبێ بۆ ناجح بوون هیچ نەبێ بەدرێژایی ساڵی خوێندن کاتت لە پێشە بەڵام مردن یەك جارە و هاتنەوەی نیە بۆ دونیا با هاواریش بکەی گەڕانەوە نیە هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿حتى إذَا جاء أحدهم الْموت قَالَ رب ارجِعون﴾[المؤمنون : ٩٩] .

واتە : کە مردن یەخەی پێگرتن ، دەڵێن ئەی پەروەردگار بمانگێڕەوە .

بەڵام کە مردن هات ئەبێ لە گەڵیا بڕۆی چاوەڕوانت ناکات جلێکی نوێ لەبەرکەی و پرچت بهێنی ، کاتی ئەوەت ناداتێ ماڵئاوایی لە کەس بکەیت و سەردانی کەس بکەیت .

ئەزانی باسی چیت بۆ ئەکەم ؟ **مردن** ...! ! **مردن** ...! !

ئەو مردنەی کە بەزەیی بە منداڵی ناو لانکدا نایاتەوە ، ئەو مردنەی باکی نی‌یە و جوانی‌یەکەت هیچ کاری گەری‌یەکی نابێ لەسەری ، مردن ئەو ساتە وەختەیە کە هەرگیز ناتوانی لە خشتەی بەری و فریوی بدەی ، مردن نە کوڕێکی ساویلکەیە و نە مامۆستایەکی دڵنەرمە و بە هۆی بەرنامەی تەلەفزیۆنی‌یەوە نەتخوێندبێ و بەدرۆوە بە مامۆستاکەت بڵێی نەخۆش بووم ! ! ناشتوانی لە دەستی هەڵبێی وەك پەروەردگار ئەفەرموێ :

﴿ قُلْ إِن الْموت الذي تفرونَ منه فَإِنه ملَاقيكُم ﴾ [الـجمعة : ٨] .

واتە : پێیان بڵێ ئەو مردنەی کە لێی هەڵ دێن ، بێگومان توشتان دەبێت .

دوێنێ لە گەڵ کوڕێکا بە مۆبایل قسەت ئەکرد ! بە باوکت ووت پەیمانی هاوڕێمە ! ! تا درەنگانێك لە پارك و بازاڕ دەبیت بە ماڵەوە ئەڵێی دەرسمان هەبوو ..لە ماڵی تارا بووم ! !

هاوڕێکەت هاتە بەردەرگاتان ووتت پێی بڵێن لە ماڵەوە نی‌یە باشە لە پێشوازی مردن چی ئەکەی ؟ چ فێڵێکی تر بەکار ئەهێنی ؟

چ درۆیەکی تر ئەدۆزیتەوە ؟ چۆن لێی هەڵدێی ؟

بیر مەکەرەوە پێویست بەوە ناکات بیر بکەیتەوە چونکە هەرگیز دەرباز بوون نی‌یە هەر دەبێ بمری ، وەك خوای باڵا دەست ئەفەرموێ : ﴿كُل نفْسٍ ذَائقَةُ الْموت﴾ [العنكبوت : ٥٧] .

واتە : هەموو نەفسێك ئەبێ مردن بچێژێت .

بۆیە خوشکی باوەڕدار ئاگاداری مردن بە ڕەنگە لە ساتە وەختێکا بمری لە سەر ڕێگایەکی خراپ بی ، یان ڕەنگە لە کاتی نوسینی نامەیەکی سۆزداری بمری ، یان لە کاتێکدا بێت گوێ لە گۆرانی بگریت و سەیری فلیمێکی ناشەرعی بکەی

و كۆنترۆڵی تەلەفزیۆنەكەش هەر بەدەستەوە بێت .

**خوشكیّ :** مردن جیاوازی لە نێوان هـەژار و دەوڵەمەنـد و گـەورە و بـچوكدا ناكات ، مردن دەسەڵاتدار و بیّ دەسەڵات وەك یەكن لای ، لەش ساغ و نەخۆشی بۆ نییـە ، بـەڵكو هەنـدیّ جـار جـوان پـێش لـەوانی تـر دەمـریّ لاو پـێش پـیر ، دەوڵەمەند پێش هەژار ، لەش ساغ پێش نەخۆش .

**خوشكم :** بیرێك لەم ئایەتە بكەوە كە پەروەردگارت ئەفەرمویّ : ﴿وجاءت سـكْرةُ الْموت بِالْحق﴾ [ق : ١٩] ، واتە : كە مردن هات لە گەڵ هەموو ئەو توندیانـەی كـە لـە گیان كێشاندا هەیە .

هەموومان دەبیّ بمرین بەڵام چۆن و لە سەر چ كۆتایییەك ؟

گرنگ ئەم دوانەیە بە موسڵمانی و لە سەر كۆتایییەكی پڕ لە چاكە و كاری شەرعی بۆیە لێرەوە بە پەروەردگار سوێندت ئەدەم ئەگەر مردن كۆتـایی هێنـان بێت بە ژیانی دونیا و سەرەتای ژیانی دوا ڕۆژبێت ؟

وە ئەگەر ڕوبەڕو بوونەوەی پەروەردگار و لێپرسینەوەمان لە پێش بیّ و دەربازبوون نەبیّ ؟

بە چ عەقڵێكەوە باوەش بۆ دونیا ئەكەیتەوە و ماڵی دونیـا ئەڕازێنیتـەوە و ماڵی دوا ڕۆژت كاول و وێران ئەكەیت ؟! باش وایە خۆت وەڵامی بدەیتەوە .

## چرپەی هەشتەم : ڕێگای ڕزگار بوون

ڕەنگە لـە خـۆت بپرسـی چـۆن لـە بێـزاری و ناخۆشـییەكان ڕزگـار ئـەبم و ئەگەمەوە خۆشبەختی ؟ ڕێگای خۆشبەختی لە كوێیە ؟

پێش تۆ خەڵكانێكی زۆر هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی سـەرەوەیان داوە بە داخەوە زۆرێكیان پـەنایان بـردە بـەر شـتی لاوەكـی و ناشـەرعی بـە بیـانووی گـەڕان بــە دوای خۆشــبەختی ! لــە وان وابــوو خۆشــبەختی و ڕزگــاربوون لــە

ناخۆشیەكان بە كڕینی جوانترین جل وبەرگ و گوێگـــرتن لە نوێ ترین گـۆرانی بەدەس دەهێـــنن لە وان وابوو بـە سەیــركردنی نـوێ تـرین زنجـیرە تەلـەفزیۆنی كەناڵە ئاسمانیەكان پەند وەرئـەگرن و ڕێگـای خۆشـبەختی ئەبیننـەوە !! بـە داخەوە ڕێگەیان هەڵەكردبوو ، ڕێگەیەكی هەڵەیان هەڵبژاردبوو بە تەواوی دوور لە ڕێگای ڕاست و ڕزگاربوون و خۆشبەختی .

وەڵامی پرسیارەكانی سەرەوەش بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ پـێش ئێـستا وەڵام دراوەتەوە .

ڕێگـای خۆشـبەختی پـەروەردگار وەسـفی كـردوە و ڕێنمـوویی خـەڵكی بـۆ كردووە وەك ئەفەرموێ : ﴿وأن هذا صراطي مستقيما فاتبعوه ﴾ [الأنعام : ١٥٣] .

واتە : ئەمەیە ڕێگەی ڕاستی من ، شوێنی بكەون .

**ڕێگاكانی بە دەست هێنانی خۆشبەختی زۆرن لە وانەش :**

* خۆشبەختی لە باوەڕ هێنانـە بـە پـەروەردگار و پێغەمبـەران و كتێبـە ئاسمانیەكان فریشتەكان و ڕۆژی دوایی ، و بەخێر و شەڕی قەدەر .

* ڕزگاربوون و بەدەست هێنانی بە ختەوەری لە گوێڕایەڵی فەرمانەكانی پەروەردگار و پێغەمبەرەكەی ρ بەدی دێ .

* خۆشـبەختی لـە بـەردەوام بوونـە لـە سـەر هـەر ( ٥ ) فـەرزی نوێـژ و ئەنجامدانی لە كاتی خۆیدا و ئەنجامدانی بەدڵكزی و خشوعەوە .

* خۆشبەختی لە زەكات داندایە .

* خۆشبەختی لە ترسان لە پەروەردگار و ئارامگرتندایە .

* خۆشبەختی لە خوێندنی قورئان و شەونوێژ كرندایە .

* خۆشـبەختی لـە پاراسـتنی زمـان و قـسەی خـراپ و پـاك ڕاگرتنـی گوێیەكانە لە بیستنی قسەی خراپ .

* خۆشبەختی لە گوێڕایەڵی كردنی دایك و باوكدایە .

* خۆشبەختی لە ڕاست گۆیی‌دایە .

* خۆشبەختی لە حیجاب و خۆداپۆشیندایە بە لەبەرکردنی جلی شەرعی و دوورکەوتنەوە لە خۆشوبهاندنە بە پیاوان لە جل و بەرگ و ڕەفتارەکانی تر .

* خۆشبەختی لە فەرمان کردنە بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە .

بە گشتی خۆشبەختی لە کارکرن و گوێڕایەڵی کردنە بە ناوەڕۆکی قورئـان و سـوننەت و ئەنجامـدانی ئـەوەی فـەرمانیان پێـدراوە و دوور کەوتنـەوە لـەوەی قەدەغەیان لێکراوە .

## وتەی کۆتـایی

**خوشکی بـاوەڕدارم :** ئەمەی خوێندتەوە گوڵبژێك بوو لەو چرپە بەسودانەی کە بەدڵنیاییی‌یـەوە گـەر بـە بـاوەڕ و دڵـەوە خوێندبێتـەوە بەسـە بـۆ ئـەوەی بـە هۆیەوە ڕێگای خۆشبەختی بدۆزیتەوە ، دڵنیام گەر یەکێ ـ هەر کەسێ بـێ ـ بـە ووتەیەکی کورت و شیرین بـە دێڕێـك ئامۆژگـاری وەڕنەبـێ و سـودی لێوەرنـەگرێ چاوەڕوانی ئەوەی لێناکرێ بـە کتێبخانەیـەك ئامۆژگـاری و پەنـد وەرگـرێ ، ئـەم نوسینەش هەرچەند کەمەو هەوڵی کورت بـڕیم داوە ، بـەڵام زۆرە بـۆ کەسـێك بـە فەرمودەیەکی پێغەمبەر ρ کاری گەربێ و کاری پێ بکا .

دڵنیام گەر بیروهۆشت خستبێتە خزمەتی خوێندنەوەی ئـەم نوسـراوە ئـەوا بـەڵێنت داوە ئـەو جلـەی لـە بـەرت کردبـوو بـۆ ئاهەنگـە کاتی‌یەکـەی دونیـا دای ئەکەنی و تا لە تواناتدا بێت تورِی ئەدەی ، دڵنیام گەر بـە وردی خوێندبێتتـەوە ئەوا هانی هاوڕێکانیشت ئەدەیت کەوا بگەڕێنەوە و نەچن بۆ ئاهەنگەکەی دونیا .

ئەوانەش کە ڕۆشتون کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێنەوە چـونکە ئاهـەنگێکی خۆشتر چاوەڕێتانە ئاهەنگی خۆشبەختی هەتا هەتایی ، بۆیـە وەك برایـەك داوات

لێ ئەكەم كە دوای خوێندنەوەت بۆ ئەم نوسراوە بیبەخشە بە یەكێكی تر و هانی یەكێكی تر بدەی بۆ خوێندنەوەی با بگاتە دەستی زۆرترین كەس بۆ ئەوەی بەشداری ئەم كارە خێرە بكەیت هەروەك پێغەمبەر ρ فەرمویەتی : **" الدالُ على الْخير كفَاعله "** [٤] ، واتە : ئەو كەسەی كە چاكەیەك بە كەسێك پیشان بدات ، وەكو ئەوەیە كە خۆی ئەنجامی دابێت .

وآخر دعوانا أن الْحمد للّه رب الْعالَمين

**نووسەر**

**باوكی فریشتە / كەلار**

**١ ی ڕەمەزانی ١٤٢٧ كۆچی**

freshta85@maktoob.com

**چاوەڕوانی زنجیرەكانی تر بن**

**www.ba8.org**

---

[٤] صحيح الجامع الصغير : ٣٣٩٩ .

زنجیرەی گوڵی کۆمەڵگا (3)

## ڕێگرەکانی

# خۆشبەختی

# گوڵی کۆمەڵگا

نووسینی

باوکی فریشە

پێداچوونەوەی

مامۆستا عدنان بارام

www.ba8.org

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله رب العالمين ، والصلاة والسلام على خاتم الأنبياء والمرسلين ، نبينا محمد** صلى الله عليه وسلم **وعلى آله وصـحبه أجمعين ... وبعد :**

**خوشکی بـــاوەڕدار :** ڕێگـای خۆشـبەختی وسـەرفرازی هەتاهـەتایی ئـەم بـەرو ئەوبـەری بەخۆشـی‌یە کاتی‌یـەکانی دونیـا ڕازاوەتەوە . ڕێگایەکی ڕاستەو چەندین تولە ڕێی لێبوەتەوە ، جاخۆشبەخت ئەو کەسەیە کە لانەکاتەوەو نەڕوانێتـە ڕاسـت و چەپی خۆی ، بەڵکو چاوی لەهەنگاوەکانی بێ ، وڕاست ملی ڕێگا ڕاستەکە بگرێ تاوەکو خۆشبەختی بەدەست ئەهێنێ .

ئەم ڕێگا ڕاستەش کە گرتوتە دەتباتە دوایەمین وێستگا کەبەهەشتی بەرینە ، وەك چۆن چوار دەوری بەهەشـت بـەتاوان وحـەرام وشـتی لاوەکـی وڕەنگـاو ڕەنـگ ڕازێنراوەتـەوە ، ئـەوا ئـەم بـەرو ئـەو بـەری ڕێگـای ڕاسـتیش بەتولـە ڕێـی خـراپ ڕازێنراوەتەوە ، وەك شاعیر دەڵێ :

چوار دەوری بەهەشت هەر دڕك ودالە
بـۆبێ سەبرەکـان گـــەلێ مــــەحـــالە
دەوری جــــەهــــەننەم گـوڵ وگوڵزارە
نـــەفس پێی خـــۆشە چـــون تاوانبارە

وەپێغەمبەری‌خواش ئەفەرموێ : **" حفت الجنة بالمكاره ، وحفت النار بالشهوات "** [1] ، واتە : بەهەشـت پـەرژین کـراوە بەو شتانەی کە دەروون ڕقی لێیانە و پێی ناخۆشن ، دۆزەخیش پەرژین کراوە بـەو شـتانەی کـە دەروونـی مـرۆڤ ئـارەزووی لێیانە .

**جاخوشکە بەڕێزەکەم :** وریابە نەکەی شوێن هەواو ئارەزووەکانت کەوی و بەختوکەی شەیتانی نـەفرەت لێکـراو هەڵخەڵـەتێی وخۆشبەختی هەتاهەتایی لەدەست بدەی وخۆت توشـی ناسـۆرو ئـێش وئازارێـك بکـەی کەدەرچـون و ڕزگـاربوون لێـی گـەلێ مەحالە جا لەوکاتەدا پەشیمان بوونەوە هیچ دادت نادات ، تەنها ئەوەنەبێ کە سەرکۆنە وسەرزەنشـتی خـۆت بکـەی ئـەوەش هیچ سودێکی نابێ ، بۆیە خوشکی برِوادارم بەدەستهێنانی بەهەشت هەروا ئاسان نی‌یە پێویستی بەماندوو بوون و وازهێنانـە لەشوێن کەوتنی هەواوئارەزووەکانت و پاراستنی سـنورەکانی پـەروەردگارت ، بەپێچـەوانەوە ! دۆزەخـیش ئاسـانە ، چـونکە شەهوەت وخۆشی کاتی دونیایی وبانگەوازکارانی ڕێگای خوار و خراپ گەلێ زۆرن ، تاوانەکان وسەرپێچی کردنی فەرمانەکانی خوای گەورەت لاجوان وشرین وڕازاوەئەکەن . ئـەو کاتـە جوانـەی کـەخوای پـەروەردگار پێـی داوی بـۆ ئـەوەی خوشـبەختی نەبڕاوە و بەهەشتە جوان وڕازاوەکەی پەروەردگارتی پێ بەدەست بێنی کەچی هاورێ خراپ وشـەیتانەکانی ئینس وجـن وات لێ ئەکەن کاتەکانت بەشتی پڕوپوچ و شتەلاوەکی یەکانەوە بەسەربەری بۆئەوەی بێ ئاگات کەن لە فرمانـەکانی پـەروەردگار ، و لەو لاوەشەوە ببی بەیاری چەی دەستی ئەوان تابەو هۆیەوە ئارەزووە گڵاوەکانی خۆیانی پێ تێرکەن .

جا کەسی ژیر وبەئاگا ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەك لایان بەلاوەنەکات وبەهەشەت لەدەس خۆی نـەدات بـۆ چـەند سـاتێك خۆشی براوەی دونیایی .

**خوشـکی شـــیرینم** : بۆئـەوەی خـۆت ودەستەخوشـکەکانت بگەنـە کـەنارێکی ئاسـایش وهـێمن ، وە بـۆ ئـەوەی بگەنـە خۆشبەختی یەکی هەتاهەتایی ئەوا پێویستە لە سەرتان ئەو کۆسپانە تێپـەڕێنن کـە لـە ڕێگاتـان دانـراون هـەر لـە شـەهوەت وخۆشویستنی دونیا وتاوان کردن وحەرام وقەدەغەکراوەکان وکردار وگوفتارەناشەرعیە کان ... هتد . بـەبێ ئـەوەی هیچـیان ئەنجام بدەن یان بەباشی بزانن ، وەدەبێ ئارامی لەسەر بگری ، چونکە ئـارامگرتن دواڕۆژێکـی باشـی لەشـوێنە ، وە کەوتنـە دوای هەواو ئارەزووش دواڕۆژێکی خراپی لێ ئەکەوێتەوە ، هەروەك پەروەردگار ئەفـەرموێ ﴿ فَأَمَّا مَن طَغَى وَآثَرَ الْحَيَاةَ

---

1) رواه البخاري ومسلم وهذا لفظ مسلم ، ولفظ البخاري : " حجبت النار بالشهوات وحجبت الجنةُ بالمكاره "

الدُّنْيَا فَإِنَّ الْجَحِيمَ هِيَ الْمَأْوَى وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَى فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَى ﴾ [2] ، واتـه : وه سەبارەت بەوەی كە سەركەشە و لە سنوری خۆی دەرچوە ، دونیا پێش دەخا و دەیدا بە سەر دوارۆژیدا ، ئەوا جێگا و ئاكامی ئەوانە دۆزەخە ، بەڵام ئەوانەی كە ترسی خـوای پـەروەردگاریان هەیـە و جڵـەوی نەفسـی خۆیـان دەكـەن لـە كردنـی خراپە ، و شوێنكەوتنی ئارەزووەكانیان ، ئەوا ئاكام و مەزڵگای ئەوانە بەهەشتی بەرینە .

بۆیە لێرەوە ئاگادارت ئەكەمەوە كە چەندین ڕێگر هەن كە ببنە هۆی ئەوەی لەو ڕێگە ڕاسـتە لات  دەن پـەنا ببەنـە بـەر تولە ڕێگاكان .

**خوشكی باوەڕدار** : هەمو ڕێگایەك كۆتای یـەكی هەیـە ، تولـە ڕێگاكـان دەتگەیەننـە بیابـان ودڕك ومـار ودڕنـدەی كێـوی وتوینێتی وبرسێتی لە ناوچون .

ڕێگا ڕاستەكەش هـەردەبێ كۆتـای یـەكی هـەبێ شـوێنێكی هـەبێ تێیـدا بحەسـێیتەوە . كۆتـای یەكەشـی دەتگەیەنێتـە باخێكی پڕ لەمیوەی خۆش و ئاوی شرین وهەوای فێنك .

ئامان سەدئامان خوشكم بیر لەلادان مەكەوە بۆ پشودان ، ئەم تولە ڕێگایانە شوێنی پشودان نین بەلادانت ڕێگاڕاسـتەكە هەڵـە ئەكـەی ملـی ڕێگـا ڕاسـتەكە بگـرە و بەچـواردەوری خۆتـا مەڕوانـە تـەنها چـاوەكانت بـا لەسـەرهەنگاوەكانت بـێ پشودانەكەشت بخەرە دواوێستگەی ئەم ڕێگایـە ، پشـودانەكەت بخەسـێبەری ئـەو بەهەشـتەی كـە لـەدونیادا هـەوڵ ومانـدوو بوونت بۆ داوە و چەندان جار لە پێناویدا ئارامت گرتووە و شوێنكەوتنی هەوا وئارەزووەكانـت بـۆ پشـت گـوێ خسـتووە ئـەو بەهەشتەش پەیمانی خوای پەروەردگارە وچاوەڕوانتە و وابۆی ئەچی پشت بەخوا

**خوشكەكەم :** گەر بەبیر وهۆشێكی تەواوەوە ئەم نوسراوە بخوێنیتەوە ، ئەوا هیچ نـەبێ كۆمـەڵێ لـەو كۆسـپ و ڕێگرانـە ئەناسیتەوە كە لەڕێگای ڕاست وخۆشبەختی وبەهەشـتەكەی خـوای گـەورە لات ئـەدەن بـەهیوای ئـەوەی تـۆو خوشـكەكانت سودی لێوەرگرن وخوای پەروەردگار پشت وپەنا وهیدایەت دەری هەمووومان بێت .

## ڕێگری یەكەم

### كەناڵە ئاسمانییەكان

لـە گـرنگترین ئـەو كۆسـپانەی كـە دەبنـە هـۆی لـە دەسـت چـون ودۆڕانـی خۆشـبەختی یـان یـەكێك لـەو ڕێگرانـەی لـە ڕێگەڕاستەكە لات ئەدا و پاكی وبێگەردیت لێ ئەسێنێتەوە پەیوەسـت بوونـە بـە كەناڵـە ئاسمـانی یەكانـەوە. كـە بـەداخێكی زۆرەوە زۆرینەی خوشكانمان تا ئێستاش نەك نەیان توانیوە بەباشی سەتەلایت بەكار بێنن بەڵكو توشـی چـەندین گێروگرفـت وكاری خراپ هاتوون هۆكارەكەشی ئەگەڕێتەوە بۆ پابەندبوون و ئالودەبونبان بەكەناڵە ئاسمانی یەكانەوە .

ڕەنگە بڵێی سەتەلایت زانستی سەردەمە چۆن ڕێگرە بۆ خۆشبەختی ؟! ڕەنگـە بەدواكـەوتووم بزانـی ، چـۆنی دائـەنێی ئازادی تەنها ئەمەوێ پێت بڵێم برایەكتان هەیە غەمتان ئەخواو پێی خۆشە دوارۆژێكی پرشنگدارتان هەبێ .

**خوشكی باوەڕدار:** لەڕۆژێكا چەندە بـەدیار كەناڵـە ئاسمـانی یەكانـەوە دائەنیشـی یـەك سـەعات دووسـەعات چـەن فلـیم ئەبینی چەن گۆرانی ئەبیسی ؟!

لەوەتەی هەی گۆرانی چی بۆكردووی چ پەندێكت لە فلم وەرگرتووە لەوەنەبێ كاتەكانت بەفیڕۆ ئەدەی ئەوەندەی كاتـت بۆ تەلەفزیۆن تەرخان كردووە نیو ئەوەندە بۆقورئان خوێنـدن تـەرخان بكـەی بـەلای كەمـەوە مـانگی جارێك قورئـان خـەتم ئەكەی ؟!!

كەناڵە ئاسمانی یەكان چیان پێ بەخشیوی لەكات بەفیڕۆدان زیاتر ، لە مانـدووبوونی چـاوەكانت وتەماشـاكردنی حـەرام زیاتر چ سودێكیان بە تۆ گەیاندووە . چەند جار بۆ فلیمێك گریاوی گریانێكی بەكوڵ بۆ ڕوداوێكـی دروسـت كـراوی خـەیاڵ!!

---

[2] ( النازعات : 37 ـ 41 ) .

بیرت دێ کەی بەئایەتێکی قورئان گریاوی ، بۆ ڕوداوێکی ڕاستەقینە ، قەت بۆ حاڵی موسڵمانان گریاوی ؟ قەت بۆ حاڵی خۆت وخوشکانت کە لە کەناری تیاچون وخنکانی دەستی شوێنکەوتنی ئارەزوو ومۆدەکانیانن گریاوی ؟!!!

**خوشکێ** : کە ئەو هەموو کاتە زێڕینەت بە تەماشاکردنی گۆرانی بێژێکەوە بەهەدەر ئەدەی ، یان بە تەماشاکردنی چەندین کەناڵی ئاسمانی کە سوکایەتی بەئاینەکەت ئەکات ، ولەزۆربەی کەناڵەکاندا سوکایەتی بەئافرەت وجەستەی ئافرەت کراوە بەڕیکلامێك بۆ ڕزاندنەوەی کەناڵەکان !!! بەکورتی خوشکەکەم کەناڵەئاسمانی یەکان دوژمنی سەرەکی ئافرەتن ، دوژمنی تۆو خوشکەکانتن پۆشاکێکی نیوە ڕوت ئافرەتێك ڕیکلامی بۆ عەترو کەرەستەی خۆجوان کردن ئەکات ، فلیم و گۆرانی بەرنامەکان ، بەگشتی ئافرەت بووەتە کاڵایەکی بازرگانی هەرجارە و کەناڵێك بەکاری ئەهێنێ .

ئەمەش بۆ ئەوەی خوشکانی بێ ئاگامانی پێ لەخشتە بەرن و پەردەی حیشمەت وحەیا وشەرەفیان بشکێنن ودووریان خەنەوە لەئاینەکەیان ، و بە ویستی خۆیان چۆنیان بوێ بەکاریان بێنن ، ئەمەش چەندین پلان ونیازی گڵاوی تری لەژێردا حەشاردراوە !!

بزانە خوشکی باوەڕدار تاکو جوان وجاحێل بی کەناڵە ئاسمانی یەکان و بەناومافی مرۆڤ و غەم خۆرەکانت تۆیان ئەوێ وبایەخت پێ ئەدەن ، لە کوێ بینیوتە پیرەژنێك ڕیکلام بۆ جل وبەرگ بکات یان غەمی بخورێ وپارێزگاری لە مافی بکرێ ... هتد .

چەند جار لە گۆرانی یەکان گوێت لەوتەی پروپوچ وهاوەڵ بڕیاردان بووە !! گۆرانی یەکان پڕن لەهاوەڵ بڕیاردان بۆپەروەردگار ، فلیمەکان سوکایەتی بەئاینی ئیسلام ئەکەن !! بەرنامەکان دژ بە بەرنامەی خوای پەروەردگارە !!!

ئیتر چ دڵخۆشیەکت بەو کەناڵە ئاسمانیانە هەیە وچ خۆشیەك لەسەیرکردنی ئەبینی وهەموو کاتەکانتی پێ بەهەدەر ئەدەی لەهەمان کاتدا پەروەردگار لە چرکەبەچرکەی کاتەکانت لێپرسینەوەت لە گەڵدا ئەکات ، وەڵامت چی یە بۆ پەروەردگارت ؟!! بۆیە کاتی ئەوە هاتووە واز لەم کارە بهێنی وکاتەکانت بەشتی چاك وبەئەنجامەوە بەسەربەری نەك بەشتی لاوەکی وبێ ئەنجام .

خوشکم لەم ڕۆبەدواوە کاتەکانت باش بەکار بێنە وسودیان لێ وەرگرە پێش ئەوەی مەشغول و سەرقاڵ ببی و لە دەستت بچێ وپەشیمان بیتەوە وەك پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ : " **نعمتان مغبون فيهما كثير من الناس : الصحة والفراغ** " [3] ، واتە : دوو نیعمەت هەن زۆرینەی خەڵك شوکرانە بژێری خوای پەروەردگاریان لە سەر ناکەن ، ئەوانیش : لەش ساغی و دەست بەتاڵی .

ئەو هەموو کاتەی بۆ تەلەفزیۆنت تەرخان کردووە تەرخانی کە بۆ خوێندنەوەی قورئان وکتێبی بەسود ، وبەگوێ گرتن لە ئامۆژگاری وشتی بەسود کاتەکانت بەسەر ببە. کەناڵەئاسمانی یەکان چیان فێرکردووی درۆکردن لە گەڵ گەورەکان ... خۆشەویستی وخۆڕوت کردنەوە خیانەت کردن گاڵتەکردن بەئاین ئازادی دروست کراوی خەیاڵ وچەندین شتی تری بێ ماناو ناوەڕۆك ، ئەی کاتە زێڕینەکەت بیرت لێکرۆتەوە چۆنی بەکار ئەهێنی ؟

ئەو نیعمەتە جوانەی کەخوای پەروەردگار پێی بەخشیوی دەبێ بەم شێوەیە بەکاری بێنی کات ئەو شتەبەنرخەی کەپەروەردگار سوێندی پێ ئەخوا هەروەك ئەفەرموێ : ﴿ وَالْعَصْرِ إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ ﴾ [4] ، واتە : سوێند بێت بە زەمانە یان بە کاتی نوێژی عەسر ، مرۆڤەکان هەموو لە خەسارۆمەندیدان ، جگە لەوانە نەبێت کە بڕوا دەهێنن ، و کردار بەو زانینەیان دەکەن ، و دەیگەیەنن بە کەسانی تر ، و ئارامیش دەگرن لە سەر ئەو شتانەی کە تووشیان دەبێت لەو ڕێگایەدا .

---

[3] **( رواه البخاري ) .**

[4] **( سورة العصر : 3 ) .**

ئایه ئەبێ وابەکاری بێنی ، ئاوا سوپاسی ئەو پەروەردگارە ئەکەی کە لـە سـەر باشـترین شـێوە دروسـتی کـردووی وەك خوای میهرەبان ئەفەرموێ : ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ﴾ [5] ، واتـە : ئێمـە مرۆڤمـان لـە سـەر باشـترین شـێوە دروست کردووە .

**خوشکی بەڕێزم:** هیچ شتێك نییە بەقەد کات گرنگ بێت چەندە کاتەکانت بۆ لادانـی ڕێگرەکـان تـەرخان کـەی ئەوەنـدە درەنگ ئەگەیتە جێگای مەبەست . بیریشـت نەچـێ چـرکە سـاتێکی ئـاگری دۆزەخ یـان تـەنها بینینـی ئـاگری دۆزەخ هـەموو خۆشییەکانی دونیات بیر ئەباتەوە بۆیە ئامـان خـۆت بـەدوور بگـرە لـە فلـیم وگۆرانییـە تێکـدەرو بەدڕەوشـتیەکان وکەناڵـە ئاسمانییەکان وخۆت لەشەڕیان بپارێزە بۆ ئەوەی هەردەم پاك وخاوێن بی ، بیریشت نەچێ ( کات وەك شمشـێر وایـە گـەر نەیبڕی ئەتبڕێ ) .

**خوشکی بەڕێزم :** ئەو نەهامەتیانەی بەسەر موسڵماناندا دێت ئـەو ئـازارەی کـەپێوەی ئـەناڵێنین هۆکـارە سـەرەکیەکەی پەیوەست بوونە بە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە ، چونکە خوشکەکانمانی فێری خۆڕووت کردنەوە کـرد لـە کاتێکـدا پـەروەردگار داوایان لێ ئەکات خۆیان داپۆشن وەك خوای گەورەئەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ [6] ، واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە خێزان و کچەکانت و ئافرەتی بڕواداران بڵێ با جلبابەکانیان ( جلبابیش : واتە : عابا ) بـدەن بـە خۆیانـدا ، ئـەوەش نزیك ترە بۆ ئەوەی کە بە ڕەوشت بەرز و بە حەیا و حیشمت و قورس و سەنگینی بناسرێنەوە ، تا ئەزیەت و ئـازار نـەدرێن ، پەروەردگاری تۆش لێبووردە و میهرەبانە .

فێری خۆشەویستی بێ ناوەڕۆك وعەشقی کردن لەکاتێدا برایەکی کەمتان هەیـە ودڕندەیـەکی زۆر دەوری داون وچـاوێکی زۆرتان لە سەرە. کەناڵە ئاسمانی یەکان خوشکەکانی

فێری لاسایی کردنەوەی بێ باوەڕان کرد ، چ لەجل پۆشین و چ لە ڕەفتار کردن وهەڵسوکەوتکردندا ، لە کاتێکـدا پێغەمبـەری ئازیزمان ﷺ ئەفەرموێ : " **خالفو المشركين** " ، واتە : پێچەوانەی بێباوەڕان ببنەوە .

فێری نەزەر کردنی کردوون لەکاتێکدا پەروەردگار داواتان لـێ ئـەکا کـە چـاوتان لـە تەماشـاکردنی حـەرام بپـارێزن وەك ئەفەرموێ :﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ﴾ [7] ، واتە : بـە ئافرەتـانی بـڕوادار بڵـێ کـە چاویان لە تەماشاکردنی حەرام بپارێزن ، داوێنیشیان بپارێزن .

دەپێم بڵێ لەشتی خراپ زیاتر چی لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە فێربوویت ؟! فێری کردیت قسەی خـوا وپێغەمبەرەکـەت ﷺ پشت گوێ بخەیت وبەگوێرەی بەرنامە داڕێژراوەکانی ئەوان ڕەفتار بکەی بەگوێرەی شەهوەتی خۆتان ڕەفتار بکەن .

**خوشکی خۆم :** بێدار بەرەوە کەناڵە ئاسمانیەکان بیابانێکی بێ ئاوە دارێکی سەوزی تێدا نییە لەتوینێتیـدا ئـەخنکێی ، کەسیش فریات ناکەوێ بۆیە تـەنها بـیرت بخـەلای ئـەو باخـە پـڕ لـەمیوە وئاوەشـرینەی لەدواوێسـتگەی بـاخی ڕێگاڕاسـتەکە چاوەڕوانتە.

## ڕێگری دووەم
## تێکەڵاوبوونت بۆ کوڕان

[5] **( سورة التين :4 ) .**
[6] **( سورة الأحزاب : 59 ) .**
[7] **( سورة النور : 31 ) .**

## ( هەرگیز گورگ ومەڕ لە قاپێکا پێکەوە ئاو ناخۆنەوە )

یەکێکی تر لەو ڕێگرە کوشندانەی کە دواجار سەرت ئەکاتە ماڵی گورگەکان تێکەڵاوبوونـە لەگـەڵ پیاوانـدا . خوشـکی بـەبڕوا ڕەنگە بەدواکەوتووم بزانی کە داوات لێ بکەم لەگەڵ کوڕان تێکەڵ نەبی تۆو خوشکەکانیشت بەهەر شێوەیەك ناوم لـێ ئـەنێن بینێن، توندڕەو ، گێل ، دواکەوتو ، گەردنتان ئـازاد بـێ لێتـان نـاگرم بیروبۆچـونی تایبـەتی خۆتـان هەیـە بـەڵام لـێم ببـورن کەپێتان ئەڵێم بێ ئاگان بەڕاستی بەهەڵەدا چون ئەمەش وتەی سەرزاری یـەکێك لـە موعجیبـەکانتان نیـیە ، بـەڵکو وتەیەکـە لەسەرزاری برایـەکی دڵسـۆزتانەوە سەرچـاوەی گرتـووە و لـەڕێگای نوسـینەوە بۆتـانی دەرئـەبڕم ، ڕەنگـە بڵێـی فڵانـە کـوڕ هاوڕێمە ، وەك خوشك وبرا واین !! لە ئامۆزا باشترە بۆم !!

لێـت ئەپرسـم ئایـا تـۆ و دەستەخوشـکەکانت لەپـەروەردگار و پێغەمبـەرمان صـلی الله علیـه وسـلم باشـتری لـێ ئـەزانن کەپێتان ئەڵێ : **(( لا یخلون رجل بامرأة إلا وکان الشیطان ثالثهما )) ( صححه العلامة الألباني في : السلسلة الصحیحة ، برقم : 430 )** ،

واتە : هیچ کاتێك نییە کە پیاوێك بە تەنها بێت لە گەڵ ئافرەتێکدا ئیللا شەیتان سێیەمیان دەبێت

چەند جار بەنیو سەعات لەگەڵ کوڕێکا بەتەنهایی پیاسەت کردووە کێ ئاگای لێت بووە کـێ سـێیەم کەسـتان بـووە ؟! شەیتانی ناماقوڵ ئەو شەیتانەی کە بەڵێنی داوە لەخشتەتان بەرێ وەك وتویەتی : ﴿ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴾ **( سورة ص : 82 )** . ، واتە : شەیتان ووتی : سوێند بێت بە عیزەتی تۆ ئـەبێت هـەموویان لـە خشـتە بـەرم و تووشـی گومڕاییـان بکەم .

پاشان لەسەر چ بنەوایەك کوڕان بەبرای خۆتان ئەزانن ؟! کێ ئەم حەقەی پێداون ، پەروەردگار ئەفـەرموێ : ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ ﴾ **( سورة الشورى : 21 )** ، واتە : ئایا ئەو جۆرە کەسانە کەسـانێکی تریـان بە هاوەڵی خوای پەروەردگار داناوە بۆ ئەوەی شەرعیان بۆ دابڕێژن لە شتێلێکدا کە خوای پەروەردگار لێیان ڕازی نییە

کوڕی واش هەیە لە دوای **( 18 )** سـاڵانەوە ئەیناسـی !! باشـە چـۆن ئـەم کـوڕەت کـردە بـرای خـۆت ؟! کـێ ڕێگـەی پێداوی ؟! تا ئێستا نەت زانیوە ئەم کارەت هەڵەیـە و دژبـەو یاسـاو ڕێسـایەیەکە پـەروەردگار دانـاوە؟ یـان ئەتـەوێ یاسـا وڕێسای ئیسلام لە شەو و ڕۆژێکدا بگۆڕی ؟!

ئەی ئەو کەسەی باوەڕت بەقـەدەر هەیـە : کوڕێـك بـەبرای خـۆت ئـەزانی ڕەنگـە قـەدەری تـۆ و ئـەو کـوڕە بەیەکـەوە بـێ و بێتەخوازبێنیت وڕازی بیت باشە ئەو هەموو ساتەوەختانە چۆن لەبیر ئەکەی کـە بـەبرات زانیـوە و ئێسـتا لـە ماڵێکـدا ئـەژین !!! گەر برا بەڕاستی برابێ چۆن دەچێتە خوازبێنی خوشکی خۆی ئەمە ئەگەر وابێ و سەرەنجامەکەشی بـەژن ومێردایـەتی بگات ، ئەوا چاك بزانە کە زۆر زەحمەتە ئەو ژن و مێردایەتی‌یەی کە بەسۆزداری بەیەك ئەگەن بەردەوام بێ ، زۆر کچ هەبووە کە کوڕێکی خۆش ویستووە و باوەڕی بە وتە گڵاوەکانی کردووە و خەریکی گۆڕینەوەی وتە ونامەی سۆزداری بووە لە گەڵیدا کەچی تەنها مەبەستی ڕابواردن وگاڵتەکردن بـووە بـەئافرەتان وخـوازبێنی یـەکێکی تـری کـردووەو ئـەو کچـەش کەماوەیـەك لەگەڵیدا بووە وچاوەڕوانی ئەو بووە تائێستا بیریشی لـەخوازبینی کردنـی نەکردۆتـەوە بـەڵکو هـەموو پەیمانـەکانی تـەنها بـۆ زیاتر فریودانی ئافرەتانی بێ ئاگا و خۆش باوەڕ بووە وهیچی تر !!!

**خوشکی باوەڕدارم** : بۆیە ئەمەت ئەخەمە پێش چاو چونکە زۆر بـەناو خوشـك وبـرای زۆری لـەم شـێوەیەمان بینـی نـەك ئەنجامی بەژن ومێردایەتی کۆتایی هاتبێ بەڵکو ئەنجام تەنها کچی بێ ئاگای تێدا بووەتە قوربانی دەستی گورگە برسـیەکانی شەهوەت وئارەزوو و کوڕیش وەك ئەوەی مێشێك میوانی نەبووبێ ! بۆیە ئەم جۆرە برا وخوشـکیـیە هـیچ ئـەنجامێکی باشـی نابێ ، چونکە لەسەر بنەمایەکی خراپ بنیات نراوە. ئەم چیرۆکەی خوارەوەش کە لـە کوردسـتانی خۆمـان ڕویـداوە وبەسـەر یەکێك لەخوشکەکانت هاتووە باشترین بەڵگەیە لە سەر ئەو ووتەیەی کە دەیڵێم .

ئافرەتێك لەدوای سێ ساڵ پێ ئەنێ بەجەرگی خۆیا ودوا بڕیار ئەدا کەڕاستی بدرکێنێ سێ ساڵ ژیان لەترس لە دڵە ڕاوکێ وخۆحەشار دان لەڕاستی ، سێ ساڵ لە درۆکردن بۆ دواجار بڕیار ئەدا گەر بیشی کوژن هەر ڕاستی بدرکێنێ .

کێ بیکوژێ ؟ چ ڕاستی یەك بدرکێنێ ؟ ڕاستی یەکی بەئازاری نە بڕاوە ئافرەتێك لەدوای سێ ساڵ ئەچێتەلای مەلایەك وپێی ئەڵێ مامۆستا گەر بشم کوژی ئەم جارەیان ڕاستی یەکەی ئەڵێم .

مامۆستا من سێ منالم هەیە گرفتەکەم لەوەدایە نازانم منالی مێردەکەمن یان منالی برای مێردەکەمن .

خوشکی ئیماندار بۆجاری یەکەم ئەو گورگە دڕندەیە بەزۆری بازوو چی ویست کردی وژنی براکەیی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە پاشان دوای سێ ساڵ ئەمە ئەنجامەکەیەتی نازانێ منالی مێردەکەین یان برای مێردەکەی ! !

گەر ئەمە حالی برای مێرد بێ ئاخۆ چ بەکوڕانێك ئەڵێی کە بۆ ماوەیەکی کەمە ئەیناسی ؟! گەر برای مێرد وابێ کە ئەبوایە شەرەف وناموسی براکەیی بپاراستایە کەچی خۆی یەکەم کەسێك بووە کە ئابڕووی براکەیی بردووە ! ! !

بۆیە خوشکی بەڕێزم وریابە لە برای مێردوو کەسانی تریش ، چونکە پێغەمبەرمان صلی الله علیه وسلم ئەفەرموێ : (( **إياكم والدخول على النساء ، فقال رجل من الأنصار يارسول الله أرأيت الحمو ؟ قال : الحمو الموت ))** ( متفق عليه ) . ، واتە : ئامان وریابن ئەگەر ئافرەت بە تەنها بوو نەڕۆنە ژوورەوە بۆ ماڵەکانیان ، پیاوێك لە ئەنصاریەکان ووتی : سەبارەت بە خزمانی پیاو چی دەفەرموویت ؟ ئەویش فەرمووی : خزمانی پیاو مردنە .

**خوشکی ژیرم** : ئەوشەیتانەی لەگەڵ برای مێردی ئەو ئافرەتەیا بوو کەلەکاتی تەنهایی یان سێیەم کەسیان بوو هەمان ئەو جۆرە شەیتانانە لەگەڵ کوڕاندایە و هەر جارەی جۆرە ختورەیەك لەدڵی کوڕاندا دروست ئەکەن بەرامبەر بەئێوە.

ئەمە حالی برای مێرد بێ کە باکی لەشەرەفی براکەی نەبێ ! ! تەنها بیری لای خالی کردنی شەهوەتەکەی خۆی بێ چ بەکوڕانێك ئەڵێی کە ڕەنگە خاوەن دوکانێك بێ بۆشت کڕین سەردانت کردبێ یا هاوەڕێی خوێندنت بێ وچەند سەعاتێ لە گەڵیا بی ؟! ! !

برای مێرد خەمی کچێکی نەبێ کە برایەکی ڕاستەقینەیە ئەی چ بەکوڕانێك ئەڵێی کەهەر لێت دابڕان بیریان ناکەویتەوە تاجارێکی دی نەتبیننەوە ؟! !

ئەمە جگە لەو ڕەفتارەی هەندێ لەخوشکان ئەیکەن پەروەردگار هیدایەتیان بدات جگە لە تێکەڵاو بوونیان بەپیاوان زۆر لەخوشکان جلی وا لەبەر ئەکەن کەهێندەی تر سەرنجی کوڕان ڕائەکێشن یان بەشێوازێك بەڕێوە ئەچن کوڕان دوایان بکەون یان بە شێوازێك قسەیان لەگەڵ دا ئەکەن کوڕان هێندەی تر ئالودە ئەبن بەبینینیان ! ! !

بەبێ ئەوەی بیریان کردبێتەوەلەوەی کەپەروەردگارمان ئەفەرموێ : ﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ ... وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ **( سورة النور : 31 )**

واتە: بە ئافرەتان ڕابگەیەنە کە چاوەکانیان لە ئاستی حەرامدا بپارێزن ، و داوێن پاکیش بن ، جوانیەکانیان دەرنەخەن ، ... ، و بە شێوەیەکیش بە ڕێوە نەچن کە خرخاڵەکانی پێیان دەنگی لێوە بێت ، بەو کارەیان جوانیـە شاراوەکانیان دەربخەن ، و ئەی بڕواداران هەموو تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگارتان بەڵکو سەرفراز ببن .

بۆیە هیچ کوڕێك براتان نیە ونابنە براتان تەنها ئەو کوڕانە نەبێ کە خوای گەورە بەبراتانی داناون ، گەر بەدوای برای ڕاستەقینەدا ئەگەڕێن ئەوا پێتان ئەڵێم ئەو کەسانە براتانن کەبەبێ ئەوەی لەگەڵتاندا بووەستن و پێویستیان بەئامادە بوونتان هەبێ ، و بەبێ ئەوەی لەلاپاڵێکا ئامۆژگاریتان بکەن ، وەکو برایەکی دڵسۆزتان لەڕێگەی نوسینەوە ئامۆژگاریتان ئەکەن ونایانەوێ بەدەمتانەوە بووەستن ، چونکە ڕێگەیەکی تریان هەیە بۆ ئامۆژگاریتان ئەویش نوسینە بۆیە هیچ نەبێ

هەرکتێبێ ئامۆژگاری کردن و سودی بۆتان هەبوو ئەوا ئەو کتێبە بەبرای خۆتان بزانن هـەرکتێبێ ڕێگـای ڕاسـتی پیشـاندان و وتەی خوا وپێغەمبەری تیابوو صلی الله علیه وسلم ئەو کتێبانە باشترین بران بۆ ئێوە بەڵکو لەبراش باشترن .

## ڕێگری سێیەم

### تەلیفۆن ومۆبایل

**خوشکی باوەڕدارم :** بمبورە چەند خولەکێك لەکاتی زێڕینت ئەگرم بمبەخشە وەك برایەك دوو داواکاریم لێت هەیە :

**یەکەم** : بۆ چەند خولەکێك مۆبایلەکەت داخەو چاوەڕوانی جەرەسی کەس مەکە .

**دووەم** : ئەم نوسینەی خوارەوە بخوێنەرەوە وبیروهۆشت بکە میوانی پاشان خۆت بڕیـار بـدە وەڵامـی کـێ ئەدەیتـەوەو وەڵامی کێ نادەیتەوە ؟

**خوشکی ئازیز** : تەلیفۆن ومۆبایل یەکێکن لەو نیعمەتانەی کەخوای پەروەردگار ڕژاندویەتی بەسـەر بەنـدەکانی خـۆی بـۆ ئەوەی ڕێگای دووریـان بـۆ ئاسـان بکاتـەوە و کـاری قورسـیان لەسـەر ئاسـان بکـات کـاتێکی زۆریـان بـۆ بگەڕێتـەوە کەچـی بەداخەوە زۆر لەخوشکان نەك نەیان زانیوە سودی لێوەرگرن بەڵکو هەستیان بەگەورەیی ئەم نیعمەتە نەکردووە بۆیـە لـەوان وایە تەلیفۆن ومۆبایل تەنها بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی قسەو نوکتە وسۆزداری دروست کراوە ! !

بۆیە سەیر نەبێ بەلاتەوە گەر پێت بڵێم مۆبایل یەکێکـە لـەڕێگاکانی کردنـەوەی دەرگـای دۆزەخ ، ڕێگایەکـە بـۆ فەسـاد بەهۆی مۆبایلەوە چەندین کاری خراپ ئەنجام درا چەندین خێزان شیرازەی تێك چوو چەندین کچ بە بەهاترین شتی لە دەسـت چوو ، چەندین ژن تـەڵاق درا ، سـەیر نـەبێ بەلاتـەوە گـەرپێت بڵـێم چـەندین تـاوان لەڕێگـەی تەلیفۆنـەوە ئـەنجام ئـەدرێ ، هۆکارەکەشی ناگەڕێتەوە بۆ مۆبایلەکە کەشتێکی بێ گیانە بەڵکو هۆکەی ئەگەڕێتەوە بۆ خراپ بەکار هێنانی لەلایـەن کـوڕان وکچانەوە .

خوشکی خۆم : **( 5 )** خولەك قسەکردن لەگەڵ کوڕێکا بەسە بۆ ئەوەی سبەی بەسەعات قسەی لەگەڵا بکەی تـا ئەگاتـە ڕودانی کارەساتی گەورەتر .

باشە قەت لەخۆت پرسیوە مۆبایل چ سودێکی هەیە ئایە کراوە بۆ دەمەتەقێی کوڕان ؟!

چەندین کچ بەساویلکەیی لە گەڵ کوڕاندا جاری یەکەم تەنها سەلام کردن وهەواڵ پرسین لەنێوانیانـدا هـەبوو بـۆ دواجـار قسە ودەمەتەقێی نێو تەلەفۆنیان گەشتە پرسیار کردن لەیەکتر لەسەر ڕەنگی جـل وبـەرگی داخلـی وناوهێنـانی وشـوبهاندنی ئەندامەکانی یەکتر بەشتی ترو ! ! تا دەگاتە ڕادەی ماچ کردنی یەکتر کەدوا جار یەکتر بینین وڕودانی کارەسـاتە گەورەکـە و لە دەست چونی شەرەف وناموس .

ئایە تەلیفۆن بۆ ئەو مەبەستە دروست کراوە ؟! !

خوشکی خۆم دڵنیابە هیچ کوڕێك ئامادە نیـیە کچی ناو تەلیفۆن بخوازێ .

یەکتر ناسینێ لەڕێگەی تەلیفۆنەوە بێ ئاخرەکەشی بەخراپی بەسەر ئەچێ ، ئەوەشت لەبیر نەچێ ئـەو قسـانەی کـوڕان لە تەلیفۆن بەکچانی ئەڵێن یان بەنامە بۆیانی ئەنێرن ناوێرن بەرامبەر پێیانی بڵێن ، بەتەلەفۆن قسەت لەگەڵ ئەکا ڕازی بووی باش ڕازی نەبووی ئەوا کێ شایەتتە ئەو قسەی خراپی وتبێ .

**خوشکی مـن** : تەلیفۆن لە ڕویەکەوە زۆر جار ئەگاتە حاڵەتی ئیسراف کە پەروەردگار پێی خۆش نیـیە هەروەك ئەفەرموێ : ﴿ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّـهُ لاَ يُحِـبُّ الْمُسْرِفِينَ ﴾ **( ســورة الأعــراف : 31 )** [13] ، واتـە : زیـادڕەوی و ئیسـراف مەکـەن ، خـوای پەروەردگار کەسانی موسرفی خۆش ناوێت .

چونکە زۆر کچێك پارەی موچەکەی نیوەی لەسەر کارتی مۆبایل دائەنێ ! ! !

---

[13] **( سورة الأعراف : 31 ) .**

لەلایەکی تریشەوە کات بەفیڕۆدانە ، بەنیو سەعات لە گەڵ کوڕێکا ، ڕۆژی نیو سەعات قسە بکەی ، لە ڕۆژێکیشدا نیو سەعات قورئان بخوێنی کامیان بەسودە لەپاش ساڵێك کوڕە بەجێتی هێشتووە چونکە تۆکچی تەلیفۆنی ، بێ ئەمری پەروەردگاریشت کردووە. بەڵام لەدوای ساڵێك لەڕۆژی نیو سەعات قورئان خوێندن دەبینی دڵت هێندەی تر فراوان و ئاسودە بووە ، و هێندەی تر خۆت ئەپارێزی لەبێ فەرمانی پەروەردگارت وزیاتریش دوور ئەکەویتەوە لەدۆزەخ زیاتریش نزیك ئەبیتەوە لەگوێڕایەڵی خوای بەبەزەیی وبەهەشتە پڕ لە ناز ونیعەت ونەبڕاوەکەی وخۆشبەختی وسەرفرازی هەتا هەتایی ، گەر ئەتەوێ ڕاستی جیهانی مۆبایل وتەلیفۆن بزانی ئەوا ئەم چیرۆکەی خوارەوە بخوێنەوە باشترین زەنگە بۆ بەئاگا هێنانەوەی خوشکان :

زەنگێك ...

کوڕ : ئەلو .

کچ : بەڵێ .

کوڕ : یەك دەقیقە بە ئیجازەت .

کچ : چیت ئەوێ .

کوڕ : من لە دڵ ڕاوکێ ونیگەرانی ئەژیم وبیر لە دواڕۆژ ئەکەمەوە .

کچ : خێرە چیتە ؟

کوڕ : لە ڕاستیدا من کچێکم ئەوێ پاشان لە دواڕۆژیشدا خواستنی .

کچ : هەروەها منیش گەر کوڕێکی ڕاستگۆ بدۆزمەوە .

ئاوا شوکری ئەو نیعمەتە ئەکەی کە پەروەردگار پێی بەخشیوی کە گوێ یە ؟ بۆیە خوشکی خۆم ئامان سەد ئامان بزانە چۆن مۆبایلەکەت بەکار ئەهێنی .

هەموو پێکە نینێکی نێو مۆبایلەکەت هەموو نوکتەیەك هەموو دەمەتەقێیەکت لەگەڵ کوڕان و بە تەلیفۆن لەسەرت حساب ئەکرێ و ئەنوسرێ لەپاش مردنیش لێپرسینەوە هەیە لەسەر هەموو کارەکانت پێکەنین ونوکتە و وتە سۆزداری و بەنازەوە قسەکردنت و ... هتد لێپرسینەوەت لەگەڵ دا ئەکرێ ، ئەو کوڕانە لەکوێن تا ئەو کاتە یەك چرکە لەئازاری قیامەتت کەم کەنەوە شەرمی ئەو دوو فریشتەیەی سەرشانت بتگرێ کە : ﴿ مَا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ﴾ **( سورة ق : 18 )** [14] ، واتە : هیچ ووتەیەك نایەت بە دەمدا ئیللا ڕەقیبێکی بە سەرەوەیە

**خوشکی خۆم :** لە پەنهانیەکان بە ئاگای کەوا دڵنیای ئەو کوڕەی بەتەلیفۆن قسەی لەگەڵ ئەکەی ڕاست گۆیە .

باشە پێت چۆنە سەرقاڵی قسەکردنی لەگەڵ کوڕێکا کەلێتەوە دوورە بە چاو نایبینی ، کەچی جەنابیشی لە ناو دەستە هاوڕێکانی داویەتە سەماعەی خارجی وهاوڕێکانیشی دەنگیان لە وتەی تۆ ئەبێ کوڕەش گەز گەز باڵای ئەکا لەناو هاوڕێکانی پۆزی پێوە لێ ئەدا کەکچێك تەلیفۆنی بۆ ئەکا قەت بیرت لەم ساتەوەختە کردۆتەوە ، گەر بیشیکا تۆ لە کوێی پێی بزانی ، ڕەنگە ناویشت بێنێ و ناویشت بزڕێ . یان پێت چۆنە لەگەرمەی قسەکرنای قسەی سۆزداری لەگەڵ کوڕێکا ئەگۆڕیتەوە جەنابیشی دەنگی تۆ تەسجیل ئەکا ، ئەو کات حاڵت چۆن ئەبێ ، پێت ئەڵێ یان دەرچوون بۆ پیاسە کردن یانماڵتان بەنامەو دەنگەکانت ئادار ئەکەمەوە ئەو کات ئەکەویتە داویەوە پاشان جارێکی تر دەرچوون تائەبیتە دیلی ژێر دەستی و دەبیتە کۆیلەی و داوای گەورەترین شتت لێ ئەکا ، و مل کەچیشی دەبیت ، چونکە ناتوانی بەرگری لێ بکەی چونکە دەنگت تەسجیل کراوە ، و نامەکانیشت لایەتی کە گەورەترین شتیشی لێ سەندی و ئارەزووی گڵاوی خۆی لێ تێرکردی وەك توێکڵە شوتیەك تەنەکەی زبڵت پێوەخەسارناکا .

---

[14] **( سورة ق : 18 ) .**

بەڵکو فرێت ئەداتە سەرجادە وبەرپێی خەڵکی لە کۆتاییشدا بازرگانیت بەسەرەوە ئەکات .

**هە**موی لەچیەوە دەستی پێکرد جەرەسێك ئەلو ، چۆنی ، باشی ... تا گەشتە خراپترین حاڵ ، لە دەست چونی پاکی وبێگەردی ، بیهێنە بەرچاوی خۆت قەت ئەمەت بەخەیاڵدا هاتووە زۆر شتی تریش .

بۆیە بەرلەوەی وات بەسەربێ باشتر وایە خۆت بپارێزی لە شەڕ وخراپەی مۆبایل وتەلیفۆن وریابە باش بەکاریان بێنە بۆ ئەوەی تۆش نەکەویتە ئەم جۆرە داوانەوە و بەودەردەوە نەتلێیتەوە ئاشکراشە ( خۆپاراستن لە چارەسەر باشترە ) ، بۆیە خوشکی ژیرم قەت مەڵێ من وەکو ئەو کچانە نیم خۆم ئەپارێزم گەورە بووم توانای بڕیاردانی باشم هەیە .

**خوشکی خۆم** : ئەوانیش هەمان ئەم قسانەیان بۆ خۆیان دووبارە ئەکردەوە تا لە دەست چون وتەسلیمی هەواو ئارەزوو بوون ، ئەو شەیتانەش کە ئەوانی لەخشتە برد هەمان ئەو شەیتانەشە لەگەڵ تۆدایە بۆیە ئامان خۆت لەشەڕی تەلیفۆن بپارێزە .

## ڕێگری چوارەم

### پۆشاکی مۆدە

**خوشکی بەئیمانم** : قەت لەخۆت پرسیوە بۆچی دروست کراوی ؟ چ ئەرکێکت لەسەرە ؟ خوای گەورە ئەفەرموێ : ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ **( سورة الذاريات : 56 )** [15] ، واتە : جنۆکەو مرۆڤیشم بۆ ئەوە درووست کردووە بۆ ئەوەی بە تەنها بمپەرستن .

بۆیە ئەم ئەرکەی خراوەتە ئەستۆی تۆو خوشکانت وای کردووە کە دوژمنانی ئیسلام هەرجارە وپەنا ببنە بەر دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ لابردنی ئەو ئەرکە پیرۆزەی کە خراوەتە سەرشانت ولادانت لەسەر ڕێگا ڕاستەکە کە ئەتگەیەنێتە بەهەشت وڕەزامەندی پەروەردگارت ، ئەم جارەیان دوژمنانی ئیسلام پەنایان بردە بەرپۆشاکی مۆدە بۆ لەخشتەبردنی ئافرەتانی ئیماندار و بێ ئاگاکردن ولادانیان لەیاسا پاك وبێگەردەکەی پەروەردگار تا بەو هۆیەوە چۆنیان بوێ و بۆ هەر مەبەستێکی تری خۆیان بەکاریان بێنن بۆ ڕوشاندنی خوڕەوشتی کۆمەڵگای ئیسلامی چونکە وەك خۆیان ئەڵێن ئەوەی کە ئافرەت وپەرداخێك مەی دەیکات وگاریگرە لە سەر موسڵمانان بەهەزاران تۆپ و تەیارە ناکرێت ! !

ئەزانی مۆدە چی یە : واتە کەوتنە شوێن یان ئالودە بوون بەنوێترین جۆری پۆشاك بەبێ گوێدانە ئەوەی ئەم پۆشاکە شەرعی یەیان ناشەرعی ! ! ! بۆیە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی پۆشاکە نوێیەکان دژ بەو شەریعەت ویاسا و ڕێسایانەن کە پەروەردگار داینـاوە کەچی زۆربەی خوشکان گوێی نادەنێ وهەر ئەیپۆشن گەرچی پێچەوانەی ئەو فەرمانەی پەروەردگاربێ کە فەرمانی کردووە بە خۆداپۆشینی ئافرەتانی ئیماندار وەك ئەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ **( سورة الأحزاب : 59 )** [16] ، واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە خێزان و کچەکانت و ئافرەتی بڕواداران بڵێ با جلبابەکانیان ( جلبابیش : واتە : عابا ) بدەن بە خۆیاندا ، ئەوەش نزیك ترە بۆ ئەوەی کە بە ڕەوشت بەرز و بە حەیا و حیشمت و قورس و سەنگینی بناسرێنەوە ، تا ئەزیەت و ئازار نەدرێن ، پەروەردگاری تۆش لێبووردە و میهرەبانە .

**خوشکی ئیماندار** : ئامانجی ئیسلام لە پۆشاك ، داپۆشینی عەورەتی تۆ وخوشکانتەو دوورکەوتنەوەتانە لەخۆڕوت کردنەوە وپارێزگاری کردنی ئێوەیە بۆ ئەوەی هەمیشە گەشاوە وبۆن خۆش بن ، وە دوورخستنەوەتانە لەو دەستانەی کە ئەیانەوێ بەنیازی گڵاویان پاکی و گەشی ئێوە بڕوشێنن .

---

[15] **( سورة الذاريات : 56 ) .**

[16] **( سورة الأحزاب : 59 ) .**

ئامـانجی دوژمنـانی ئیسـلامیش دەرخسـتنی عـەورەتی ئێـوەی بێگـەردە بۆیـە ئـەبینین هـەرجارە و مۆدێلێـك ئەخەنـە بەردەستی ئافرەتانی ئیماندار لەڕاستیدا جێگەی داخە کچانێك هەن بوونەتە سەرچاوەی تاوان !! بۆچی ؟!

چونکە هەرجارە وجۆرە پۆشاکێك ئەپۆشن دەبنە هۆی سەرەنج ڕاکێشانی لاوان وهەر لـە تێپەڕینیـدا بـەلای دەسـتەیەك لاودا چاویان ئەخەنە سەری تا لە چاو ون ئەبێ !!! لـە لایـەکی تـرەوە هاوکـاری ئەکـەن لـەزۆر بـوونی پۆشـاکی ناشـەرعی وخراپ و ڕەواج پێدانی .

ئەمانە چۆن ؟ گەر بێت وئافرەتان بەیەکجاری دەست لەکڕینی پۆشاکی مـۆدە وناشـەرعی هـەڵگرن و نـەیکڕن دوژمنـانی ئیسلام پەنا نابەنە بەر دورینی مۆدەیەکی تر ، بەڵام تاوەکو بازاڕی گیرفان پڕ کردنیان گەرم بێ هێندەی تر پۆشاکی نوێ تر وخراپتر ئەخەنە بازاڕەوە .

**خوشکی خۆم** : گەر کچێك ماڵێکی جوانی پتەوی هەبێ ماڵێك لەچاوی خەڵکی بیپارێزێ لەناو خێزانێکی بەختـەوەردا بـژی لەگـەڵ ئەمەشـدا ماڵەکـەی بکاتـە کەلاوەیـەکی داڕوخـاو وخێزانەکەشـی پەرتـەوازە بکـات تۆچـی پـێ ئـەڵێی ، بـێ عەقڵـە ، ساویلکەیە ، قەدری ئەو نیعمەتە نازانێ ... هتد ئەزانی ئەو کچە کێیە ؟

ئەوە کچێکە وهەر جارە وجۆرە پۆشاکێك ئەپۆشێ جارێك کورت وجارێ قۆڵ وسنگی ئەخاتە دەر جارێکیش پۆشـاکێکی تەسك وتەنك ئەپۆشێ زۆر جاریش جلی پیاوان ئەپۆشێ وئەندامەکانی لەشی بەدەر ئەکەوێ .

**خوشکی بەئیمان** : پۆشاکی پۆشتە ماڵە جوان وپتەوەکەیە وموسـڵمانانیش خێزانـە بەختەوەرەکـە بـە لەبـەرکردنی ئـەو پۆشاکانەی باسمان کرد پۆشـاکە شـەرعی یەکـەت وێـران ئەکـەی ئـەو پۆشـاکەی لەچـاوی شـەهوەت بـازان ئـەتپارێزێ ، بـە پۆشینی پۆشاکە مۆدە وناشـەرعی یـەکانیش شـیرازەی ئـەو خێزانـە تێـك ئەچـێ کـە موسـڵمانانە ، چـونکە گـەر هـەر کچـێك پۆشاکێکی پۆشتە بپۆشێ نەکوڕان چاویان ئەخەنە سەری و نەدوای ئەکەون و نەدڵیشیان ختورە ئەکا .

بۆیە خوشکی بەڕێز ئامان خۆت لەو پۆشاکی مۆدە ونیو ڕوتانە بپارێزە با نەچیتە ڕیزی ئەو ئافرەتانـەی پێغەمبـەر ﷺ لە بارەیانەوە ئەفەرموێ : " **صنفان من أهل النار لم أرهما : ... ونساء كاسيات عاريات ، مميلات مائلات ، رؤوسهم كأسـنمة البخت المائلة ، لا يدخلن الجنة ولا يجدن ريحها ، وإن ريحها لتوجد من مسيرة كذا وكذا** "**( رواه مسلم )** . [17] ، واتە : دوو کۆمەڵ هەن لە ئەهلی دۆزەخ نەمبینیون : ... ، وە ئافرەتانێك کە پۆشتەن بەناو و لە ڕاستیدا ڕووتن ، بەناز و لارولەنجـەوە دەڕۆنـە ڕێوە ، و سەرنجی پیاوان بۆ خۆیان ڕادەکێشن ، پرچی سـەریان وەکـو بـان پشـتی ووشـتر بـەرز دەکەنـەوە ، ئەوانـە ناڕۆنـە بەهەشتەوە ، و بۆنی بەهەشتیش ناکەن ، سەرەڕای ئەوەی کە بۆنەکەی دورەڕێی ئەوەندە و ئەوەندە دەڕوات .

هەروەها کەم خۆت بەپیاوان بچوێنە ، وجلیان لە بەر مەکـە ، چـونکە پێغەمبـەری ئازیزمـان ﷺ فەرمویـەتی : " **لعـن رسول الله صلى الله عليه وسلم المتشبهات بالرجال من النساء ...** "**( صححه العلامة الألباني في صحيح سنن أبي داود ، برقم : 2784 )** [18] ،

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرینی کردووە لەو ئافرەتانەی کە خۆیان دەچوێنن بە پیاوان.

بۆیە ئەگەر پێت خۆشە قیامەتت لە دەست چێ وبچیتە ڕیزی ئەو ئافرەتانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ باسـیکردون ئـەوا ئارەزوت لەچی هەیە بیکە و ئۆباڵی خۆت بەستۆی خۆت .

**خوشکی خۆم** : چ سودێکت لە پۆشینی نیوە ڕوت کردووە ، بەڕاستی جێگەی داخە خوشکێ گەر بـەهۆی پۆشـاکێکی بـێ گیانەوە بچیتە دۆزەخەوە بەڕاستی جێگەی داخە گەر بیرکردنەوەت تەنها بڕی لای ئەو پۆشاکە مۆدانە بکـات ئـەوا لـەدۆزەخ نزیکت ئەکەنەوە گوڵی کۆمەڵگا چۆن ئەبێ وابێ !

---

[17] **( رواه مسلم )** .

[18] **( صححه العلامة الألباني في صحيح سنن أبي داود ، برقم : 2784 )** .

گوڵی کۆمەڵگا ئەبێ تۆوی گوڵ بنێژێ وئاوی باخچە بدا وبۆنی کۆمەڵگا خۆشبکەنەوە ، نەك باخچەیەکی پڕ لەدڕك پەروەردە بکا کە بۆنی نی‌یە وتەنها ئازاری خۆی وچوار دەورەکەی ئەدا .

گەر خۆت بەگوڵ ئەزانی ئەوا کێڵگەی دڕکەکان بکە بەباخچە و کەلاوەکان ئاوەدان بکەرەوە وخێزانەکان بەختەوەر بکە ، ئەمەش تەنها بەپۆشینی پۆشاکێ ئەندامەکانت داپۆشێ نەك پۆشاکێ وەکو ئەوە وایەکە هیچت نەپۆشیبێ .

بەر لە کۆتایی ئەمەوێ لێت بپرسم کە لە ماڵ دەرئەچی بۆ کێ خۆت جوان وبۆن خۆش ئەکەی ؟!!! بۆ کێ جلی مۆدە لەبەر ئەکەی بۆ لەخۆپۆشین ئەترسی ، ئەترسی کوڕان تەماشات نەکەن وکەسێك نەبێت بێتە خوازبێنیت وهەر بەکچی بمێنیتەوە ، لە مەیاندا لەگەڵتا نیم .

**خوشکی خۆم** : هەر کوڕێك تۆی بەجلی مۆدە وپرچی زەرد و ڕەنگا وڕەنگەوە ویست ئەوا تۆی ناوێ جەوهەری تۆی ناوێ بەڵکو تەنها جەستەتی ئەوێ !! باش وایە خۆت بپۆشی بزانە کوڕانێك هەن سەیری جەوهەری تۆی کچ بکەن پێش ئەوەی سەیری ڕوخسارت بکەن ، بۆیە گەر پێت وابێ تا بەڕوکەش جوان بی زوتر مێرد ئەکەی ئەوا زۆر هەڵەیت گەر کوڕێك سەیری ڕوکەشی تۆ بکا وجەوهەری تۆ لە یاد بکات دووسبەی بە ڕوکەشی کچێکی تر هەڵ ئەخەڵەتێ وئالودەی ڕوکەشی یەکێکی تر ئەبێ کوڕێکیش جەوهەری تۆی بوێ پێویست ناکات خۆتی بۆڕوت کەیتەوە وخۆت بنوێنی لە پێش چاوی .

بۆیە ئامان خۆت لەتوڕە بوونی پەروەردگار بپارێزە ڕێگری خۆڕوت کردنەوەش بەجێ بێڵەو ملی ڕێگا ڕاستەکە بگرە .

بەسیەتی چیتر مەبە پردی گەشتنە تاوان گەر جلی نیوە ڕوت وتەسك وتەنکی کچان نەبێ چیتر کوڕان دەستە وئەژنۆ دائەنیشن وئەو پردەیان لە دەست ئەچێ کە بە هۆیەوە ئەگەنە ئەو بەری تاوان لێیەوە .

## ڕێگری پێنجەم

### هاوڕێی خراپ

**خوشکی ئیماندار** : زۆر جار پەروەردەی خێزان والە خوشکان ئەکات هەر لە منداڵیەوە ئالودەی ڕێگای ڕاست ئەبێ لەم کاتەدا خوای پەروەردگار هێندەی تر ڕێگای بۆ ڕۆشن ئەکاتەوە دەبینی بەبێ هیچ کێشەیەك ملی ڕێگا ڕاستەکە ئەگرێ وهیچ بایەخێك بە ڕێگرەکان نادات تا ئەو ڕۆژەی یەکێك لە پرێکا دێت و قۆڵ ئەکا بەقۆڵیا وئەڵێ : ئەرێ وەرز نەبووی لەڕاست ڕۆیشتن ماندوو نەبووی وەرە با یەکێك لەم ڕێگرانە هەڵبژێرین تەنها بۆ تاقی کردنەوە هەم پشو ئەدەیت و هەم ڕێگایەکی تر ئەناسیتەوە لەم ڕێگا بۆ ئەو ڕێگا و بۆ تولە ڕێگایەکی تر تا سەرەنجام لەتاریکی دا ئەمێنێ و ڕێگا ڕاستەکە نادۆزێتەوە .

ئەم کەسە کوتوپڕەش هاوڕێی خراپە ، کە پێویست ئەکات خۆتی لێ بپارێزی ، لە من مەپرسە ناسینەوەیان ئاسانە پێویست ناکا لەناو چاوانیا بنوسرێ هاوڕێی خراپ جارێ پێت ئەڵێ جلە نیوە ڕوتەکانت جوانن هەر لەخۆت دێن جارێك دەعوەتت ئەکاو کۆمەڵێ گورگی دڕندەت پێ ئەناسێنێ وجارێ کاسێتێکی گۆرانی وکتێبێکی خۆشەویستیت بۆ ئەهێنێ وجارێکیش پلانت بۆ دائەڕێژێ گەر درەنگ چویتەوە بۆ ماڵ چ درۆیەك بکەیت ڕۆژێك بەنوکتە کاتت بەفیڕۆ ئەدا ڕۆژێ بەچونە بازاڕ ڕۆژێ پێت ئەڵێ باوك ودایکت بیریان تەسکە بە قسەیان مەکە و ڕۆژێکیش ئەڵێ دوو سبەی ئەمری تۆزێ لەژیان ڕابوێرە ! ئا ئەمانە هاوڕێی خراپن و پێویستە زۆر خۆتیان لێ بە دوور بگری چونکە ئەمانە دوژمنی تۆن تەنها ئەو هاوڕێیانەت نەبێ کە ڕێگای ڕاستت پیشان ئەدەن یارمەتی دەرتن لە گوێڕایەڵی کردنی فەرمانی خوای گەورە ڕۆژی دواییت یاد ئەخاتەوە وەك خوای گەورە ئەفەرموێ : ﴿ الْأَخِلَّاءُ يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ ﴾ **( سورة الزخرف : 67 )** [19] ، واتە : دۆستان و برادەران هەموو لەو ڕۆژەدا دوژمنی یەکن جگە لە لەخوا ترسان نەبێت .

بەڵێ هاوڕێی خراپ تەنها جارێك قیامەتت وەبیر ناهێنێتەوە ئایەتێکی قورئان بەسەرتا ناخوێنێ لەکاتی نوێژەکانتا تەلیفۆنت بۆ ئەکات وسەرقاڵت ئەکا پێت ئەڵێ پرچت واجوان کە ڕەنگەکەی زەردکە بە پەڕۆ دایمەپۆشە چرکە ساتێك باسی

---

[19] **( سورة الزخرف : 67 )** .

ڕۆژووت بۆ ناکا باسی جوانی فلانە کوڕت بۆ ئەکاو باسی ئەو کوڕەی ترت بۆ ئەکا و بە گشتی هاوڕێی خراپ لە هەموو شتێکی باش دوورت ئەخاتەوە وڕێگرتە لە گەیشتنت بەڕەزامەندی پەروەردگارت وفێری دۆڕان ودرۆ کردن وکاری خراپ و لەبەد ڕەوشتی نزیکت ئەکاتەوە پەنا بەخوا .

هاوڕێی چاکیش غەم خۆرتە و پێی خۆشە ڕاست گۆ و ڕەوشت بەرز و گوێڕایەڵ بی بۆ فەرمانی پەروەردگارت تا بەو هۆیەوە بگەیتە ڕەزامەندی خوای مەزن و بەهەشتەکەی بەیارمەتی خوای میهرەبان .

ئەمانەی باسم کردن مشتێکن لەخەرمانی کارە خراپ ونابەجێکانی هاوڕێی خراپ ، ئەم فەرموودەیەی خوارەوەش وەك زەنگێکی ئاگادار کەرەوەیە بۆ خوشکان کە هاوڕێی خراپ بناسنەوە و لە هاوڕێی چاك جیایان کەنەوە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی : " **مثل جليس الصالح والجليس السوء : كحامل المسك ونافخ الكير ، فحامل المسك : إما أن يحذيك وإما أن تبتاع منه وإما أن تجد منه ريحاً طيبة . ونافخ الكير : إما أن يحرق ثيابك وإما أن تجد منه ريحاً خبيثة** "( **متفق عليه** ) .[20] ، واتە : نموونەی هاودەم و برادەری صاڵحان و هاودەم و برادەری خراپ : وەکو عەتر فرۆش و کورەچی وایە ، عەتر فرۆشەکەیان : یان عەترێکت پێ دەبەخشێت ، یان لێی دەکڕیت ، یان بۆنێکی خۆشت دێ بە سەردا ، وە کورەچیەکەش : یان پۆشاکەکانت دەسووتێنێ یان بۆنێکی ناخۆشی دێ بە سەرتدا .

**خوشکی ئیماندار:** پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " **الرجل على دين خليله فلينظر أحدكم من يخالل** " ( **حسنه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة ، برقم : 927** ) [21] ، واتە : مرۆڤ لە سەر ئایینی برادەر و دۆستەکەیەتی ، جا هەر یەك لە ئێوە بڕوانێت برادەری و دۆستایەتی لە گەڵ کێدا دەکات .

ئالێرەوە بزانە کێ بەهاوڕێ هەڵئەبژێری بۆیە هەڵبژاردنی هاوڕێ واتە هەڵبژاردنی خوشك وبرا ، خوشکێکی دڵسۆز هاوڕێیەك بێت هەڵەکانت بخاتە پێش چاوت بۆ ئەوەی ڕاستی بکەیتەوە نەك ڕێگای هەڵەت پیشان بدات هاوڕێی چاك ئەو هاوڕێیەیە کە پێش برێکت لەگەڵ ئەکا لە خوێندنی قورئان وداوات لێ ئەکات نوێژەکانت لەکاتی خۆیدا بکەی وپێشت ئەڵێ خۆت جوانی ئەم حیجابەش کە ئەیپۆشی هێندەی تر جوانت ئەکاتەوە هاوڕێی باش کتێب و کاسێتی بەسودت بۆ ئەهێنێ لەداوی کوڕان دورت ئەخاتەوە لە کاری خراپ سەرزەنشت ئەکات لەتەنگانە هاوڕێیەتیت ئەکات ولەخۆشی وناخۆشیدا بەشدارتە و خەمی قیامەتت ئەخوات لە گۆرانی وتێکەڵاو بوون ئەتپارێزێ دەستت توند ئەگرێ وناهێڵێ ملی ڕێگرەکان بگری .

ئەم هاوڕێیە باشە ئەمەیان پێی ئەوترێ هاوڕێ چونکە ئەم هاوڕێیەتی یە بەردەوامە و پشت بەخوا لەژێر سێبەری عەرشی پەروەردگار ئەبن وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " **سبعة يظلهم الله تعالى في ظله يوم لا ظل إلا ظله : ... ورجلان تحابا في الله اجتمعا عليه وتفرقا عليه ...** "( **متفق عليه** ) [22] ، واتە : حەوت کۆمەڵ هەن خوای پەروەردگار لە ژێر سێبەری عەرشی خۆیدا دایان دەنێت ، لە ڕۆژێکدا کە سێبەر نییە جگە لە سێبەری عەرشی ئەو نەبێت : ... دوو کەس لە بەر ڕەزامەندی خوای پەروەردگار یەکتریان خۆش بوێت ، لە سەر ئەو خۆشەویستیە کۆ ببنەوە ، و هەر لە سەر ئەو خۆشەویستیە بمێننەوە تاکو دەمرن و لە یەکتر جیا دەبنەوە .

بۆیە زۆر کچێك بەهاوڕێ ئەزانیت لەکاتێکدا یەك کتێبی بەسود سەد وەکو ئەو جۆرە کچە ئەهێنێ .

**خوشکی خۆم** : دوو بێچوە ئاسك لە دارستانێکی بێوەی وبێ درندە ژیانیان ئەبردەسەر یەکێکیان ئالودەی دایك وهاوڕێ ئاسکەکانی تری بوو ئەوی تریان حەزی لێ بوو بزانێ چی لەدەرەوەی دارستان هەیە سەرئەنجام بووە هاوڕێی چەند چەقەڵ وگورگێك لەپێستی ئاسکدا خۆیان دەر خستبوو ، باسی خۆشی دەرەوەی دارستانەکەیان بۆ ئەکرد باسی میوە و ئاوی

---

[20] ( **متفق عليه** ) .

[21] ( **حسنه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة ، برقم : 927** ) .

[22] ( **متفق عليه** ) .

ڕۆشن وشیرینیان بۆ ئەکرد . بێچوە ئاسکی بەستەزمان کەوتە شوێن ئەم هاوڕێ گیانی بەگیانیانەی ئەمانیش بردیان ولەبیابانێکا بەتەنها بەجێیان هێشت دوا جار هەرچی گورگ ودڕندەی ئەو ناوە بوو ئاگاداریان کردەوە خۆیانیش لە دورەوە تەماشای ئەم فلیمەیان ئەکرد وچێژیان لێوەر ئەگرد ، ئاسکەکەی تریش بەئاسودەیی لەگەڵ دایك و لەناو هاوڕێ ئاسکەکانی تری مایەوە .

**خوشکی ئیماندار** : ژیانی تۆو خوشکەکانت جیاوازی لەگەڵ ژیانی ئەو ئاسکانە نی یە هاوڕێ ئاسکەکان هاوڕێی باشن وچەقەڵ و ڕێویەکانیش هاوڕێی خراپ . بۆیە کاتی ئەو هاتووە ئاسکەکان لەو چەقەڵ و ڕێویانە جودا بکەیتەوە کە لەپێستی ئاسك خۆیان دەرئەخەن ئەم چیرۆکە دروست کراوی خەیاڵی خۆمە بەڵام لەناو خوشکاندا شتی وا زۆر ڕو ئەدا .

لێرەدا باچەند پرسیارێکت ئاراستەکەم :

یەکەمیان پێت ئەڵێ پێستت بەسروشتی جوانە پێویستی بەدەرمانی خۆجوان کردنەوە ناکات ، دووەم پێت ئەڵێ دواکەوتوو مەبە مکیاج بکە کامیان باشترە ؟

یەکەمیان پێت ئەڵێ حیجاب بکەو بێ ئەمری پەروەردگارت مەکە ، دووەم پێت ئەڵێ ئەم پەڕۆیە چی یە بەسەرتەوە واخۆت داپۆشیوە ئەڵێی پیرەژنی ، پرچت ئازادکە زۆر جوانە ، بەم شێوەیە کوڕان تەماشات ناکەن ، کامیان هاوڕێیەکی باش ودڵسۆزە ؟

یەکەم پێت ئەڵێ پۆشاکی نیوە ڕوت لەبەر مەکە خۆت بپۆشە مەبە سەرچاوەی تاوان وبێ فەرمانی پەروەردگارت مەکە ، دووەمیان پێت ئەڵێ ئەمە چی یە ئەوەندە دواکەوتووی ئەم پۆشاکە کۆنانە چین لەبەریان ئەکەی وەرە بچینە بازاڕ پۆشاکێکی مۆدە بکڕە با خەڵك سەیرت کەن خۆ نات خۆن ، بەڕای تۆ کامیان باشە ؟

یەکەمیان فێری قورئان خوێندن وباسی گرنگی کات و خۆپاراستنت بۆ ئەکا ، دووەمیان نوێترین گۆرانیت بۆ ئەنوسێ وکاتت بەفیڕۆ ئەدات .

ئەمیان فێری ڕاست گۆیی وڕەوشتی جوان وبەڕزت ئەکات ، هاوڕێی خراپیش فێری درۆکردن و ڕەوشتی خراپت ئەکا ، بەگشتی هاوڕێی چاك غەم خۆرتە و یارمەتی دەرتە و فێری گوێڕیەڵی کردنی خوا و پێغەمبەرت ئەکا و ئەرك و فەرمانە شەرعی یەکانت لا جوان وشیرین ئەکات وپێی خۆشە بگەیتە ڕەزامەندی پەروەردگار و خۆشبەختی هەتا هەتایی لە بەهەشتەکەی خوای گەورە .

هاوڕێی خراپیش بەپێچەوانەوە سەرت لەڕق وتوڕەیی خوای گەورەوە دەرئەکات وسەرئەنجامیش پەنا بەخوا دۆزەخ و چارەڕەشی هەتا هەتایی خوای گەورە من و تۆش بپارێزێ لە دۆزەخ .

جا خوشکم خۆت بڕیاربدە کامیان هەڵئەبژێری کام سەرەنجامت پێ خۆشە .

**خوشکی خۆم** : سبەی کە مردی تەنها خۆت بەرپرسیاری هیچ کام لەو هاوڕێ خراپانەت فریات ناکەون ، بەڵام هاوڕێی باش بە ئامۆژگاری یەکانی پێش مردن فریات ئەکەوێ بۆیە دوورکەوە لە هاوڕێ خراپەکانت بڵێ چیتر ئێوە هاوڕێم نین ، خوشکی ئازیز کاتی ئەوە هاتووە کە ماڵ ئاوایی لەهاوڕێ ی سەر ڕێگرەکانی خۆشبەختیت بکەیت وتوند دەستی ئەو هاوڕێیانەت بگری کە لە سەر ڕێگا ڕاستەکەن لە گەڵیان برۆ پشت بەخوا بەرەو بەختەوەریت ئەبەن چونکە ئەوان ڕاست ئەڕۆن لێ ناگەڕێن تۆش لادەیتە سەر ڕێگرەکان تا ئەگەیتە شوێنی مەبەست کە بەهەشتەکەی خوای گەورەیە بەڕاستی ئەوانە سەرکەوتو و سەرفرازن .

## ڕێگری شەشەم

### نەزەرکردن

**خوشکی ئیماندار:** چاوەکانت توندببەستە هەست بەچی ئەکەی ؟

تاريكى وهيچى تر . بيهێنه پێش چاوت ئەو چاوەى كە ئەم دونيا ڕەنگا و ڕەنگەى پىێ ئەبينى ئەو چاوەى باوك ودايك و هاوڕێكانتى پىێ ئەبينى ، شەو كە خەوتى كە بەخەبەر هاتيتەوە ، پێت چۆنە لەدەستى بدەى ئەو كات تەنها تاريكى ئەبينى ئارەزووى چركە ساتێك ڕوناكى ئەكەى . ئەمە حاڵى زۆرێكە لەو خوشكانەى تا ئەو نيعمەتە گەورەيەى كە خواى پەروەردگار پێى بەخشيون لە دەستى نەدەن قەدرى نازانن ، لێت ئەپرسم خواى پەروەردگار چاوى بۆ دروست كردووى بۆ ئەوەى سەيرى حەرامى پىێ بكەى ؟ بۆ چاوى پىێ بەخشيوى ؟ بۆ ئەوەى بنواڕى بەڕێى خۆت تاوەكو بەهۆيەوە بگەيتە شوێنى تاوان ؟ يان بۆ ئەوە چاوى پىێ بەخشيوى بەدواى خۆشەويستەكەتدا بگەڕێى ، يان بەدواى عەيب وعارى خەڵكدا بگەڕێيت ؟ خوشكم خۆ ناكرێ ئەم نيعمەتە گەورەيە بەبىێ مەبەست دروست كرابىێ .

**خوشكەكەم** : ئەو پەروەردگارەى چاوى پىێ بەخشيوى لە هەمان كاتدا فەرمانت پىێ ئەكات وپێت ئەڵێ : ﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ ﴾ **( سورة النور : 31 )** [23] ، واتە : بڵێ بە ئافرەتانى بڕوادار چاو لە ئاستى نامەحرەم بپۆشن ، داوێنيشيان لە تاوانى زينا بپارێزن .

كەواتە چاو بپۆشن لە تەماشا كردنى حەرام ڕەنگە بپرسى كە تواناى بينينمان پىێ بەخشراوە بۆ دەبىێ چاو بپۆشين ؟

چاو نەپاراستن چ پەيوەندى يەكى بەخۆشبەختى يەوە هەيە ؟ خوشكم پەيوەندى يەكى زۆرى هەيە وەك لەم فەرمودەيەى پێغەمبەردا ﷺ بەجوانى دەرئەكەوێ كە دەفەرموێ : **" إن الله عز وجل كتب على ابن آدم نصيبه من الزنا ، مدرك ذلك لا محا ، والأذنان زناهما الاستماع ، واللسان زناه الكلام ، واليدان زناهما البطش ، ( وفي رواية اللمس ) ، والرجل زناها الخطا ، والفم زناه القبل ، والقلب يهوى ويتمنى ويصدق ذلك الفرج ويكذبه "( رواه مسلم )** [24] .

ئەبينين پێغەمبەر ﷺ لە فەرمودەكەى بەزيناى چاو دەست پێكردووە چونكە بنەواى زيناى دەست وقاچ و دڵ وعەورەتە .

كەوابوو خوشكم وريابە تاوانەكان لە تەماشاكردن **( النظـر )** ەوە سەرچاوە ئەگرێ ، هەرئەمەش واى كردووە كاتىێ جەريرى كوڕى عبدالله پرسيارى لە پێغەمبەر كرد ﷺ سەبارەت بە بەرچاو كەوتنى لە ناكاو **( نظـرة الفجـأة )** دەڵێت : فەرمانى پێكردم كە چاومى لە سەر لابەم .

ئەمەش ئەوە ئەگەيەنىێ كە چاو نەپاراستن ڕێگرە لە خۆشبەختى چونكە گەر ( نظر ) جۆرێك بێت لە جۆرەكانى زينا كردن ئەوا خۆشبەختى وزينا پێكەوە نايان گونجىێ هەرئەمەش واى كردووە كاتىێ هاوەڵى پێغەمبەر پرسيارى لە پێغەمبەرى خوا ﷺ كرد سەبارەت بە بەرچاو كەوتنى لە ناكاو لەوەڵامدا پێغەمەر ﷺ پێى فەرمو : چاوى لە سەر لابە .

### چاو پۆشين و پاراستنى لە تەماشاكردنى حەرام سودى زۆر گەورەى هەيە لەوانە :

- بەجێهێنانى فەرمانى خواى پەروەردگارە كە هۆى خۆشبەختى يە وەك ئەفەرموێ : ﴿ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَخْشَ اللَّهَ وَيَتَّقْهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْفَائِزُونَ ﴾ **( سورة النور : 52 )** [25] ، واتە : ئەو كەسەى كە گوێڕايەڵى خواى پەروەردگار و پێغەمبەرەكەى بێت ﷺ ، لە خواش بترسێت ، ئەوا ئەوانەن كە سەركەوتوون .
- ئەو دەرگايەى دڵ دائەخا كەشەيتان لێيەوە دێتە ناو دڵتەوە .

---

[23] **( سورة النور : 31 )** .
[24] **( رواه مسلم )** .
[25] **( سورة النور : 52 )** .

- له بێزاری وخەفەت ڕزگارت ئەکات ، چونکە هەر کەسێك بەردەوام چاوی کراوە بێت هەردەم لەخەم وپەژارەدا ئەژی .
- له تاوان دوورت ئەخاتەوە .
- چیتر کاتی زێرینت بەهەدەر ناچێ چونکە چاو نەپاراستن واتە کات بەفیڕۆ دان .
- چیتر شەیتان جێگای لەدڵتا نابێتەوە وناتوانێ بەیارمەتی خوا کاری خراپت پێ ئەنجام بدات وله زۆر شتی تریش ئەت پارێزێ .

**خوشکی خۆم** : چاوەکانت بخەرە خزمەت قورئان خوێندن و خزمەت کردنی دایك وباوك و خوێندنی وانەکانت بۆ ئەوەی ساڵێکی زوتر قۆناغەکانی خوێندن ببڕی .

چاوەکانت مەکەرە هۆکارێك بۆ کڕینی دۆزەخ بەڵکو بیکەرە پردێك بۆ گەشتنە بەهەشت.

## ڕێگری حەوتەم

### گــۆرانی و مۆسیقا

هەرکە گوێی لەدەنگە بوو لەژوورەکەی ترەوە کتێبەکانی فڕێ ئەدا و سەعی کردنی بیر ئەچێ ودەنگی ( ڕادیۆ یان تەلەفزیۆنەکە) بەرزکاتەوە !!!

یان ئیش وکاری ناوماڵ بەجی ئەهێڵێ بەسەردایکی یەوە بۆ بیستنی ئەو دەنگە زوڵاڵەی ئالودەی بووە هەر لە گەڵ بیستنی دەنگی چاوانی پڕ لە گریان ئەبێ و بەحەسرەتەوە تاتەواو بوونی دەستەو ئەژنۆ دائەنیشێ وگوێ ی لێ ئەگرێ گوێ لەکێ ئەگرێ ؟

گوێ لەو گۆرانی بێژە ئەگرێ کە هەموو ڕۆژێ بەبێ ئارامی چاوەڕوانی ئەکاو چەندین کەناڵ ئەگۆڕێ بۆ گۆرانی یەکانی !! ئەم کەسە کێیە کە دەست لەسەعی کردن هەڵ ئەگرێ وپشت گوێی ئەخات بۆ گۆرانی یەکانی ؟!! ئەمە حاڵی زۆربەی ئەو خوشکانەیە کە بەبیستنی قورئان وئامۆژگاری وەڕز ئەبن وله کاتی ئامۆژگاریدا سەعی کردنی هەیەو کاری ناو ماڵیان هەیە ، لە کاتی گۆرانیشدا تەنانەت یارمەتی ئەو دایکە نادەن کەخوای گەورە لە بارەیانەوە ئەفەرموێ : ﴿ وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا﴾ **( سورة الإسراء : 23 )** [26] ،

واتە : پەروەردگاری تۆ فرمانی کردووە ، و بڕیاری داوە کە جگە لەو نەپەرسترێت ، و چاکە کاریش بکرێت لە گەڵ دایك و باوکدا .

بەداخەوە : خوای پەروەردگار گوێی بەخوشکان داوە بەڵام زۆرترینیان لەبری ئەوە سوپاسی خوای گەورەی لەسەر بکەن و گوێڕایەڵی پەروەردگاریان بن کەچی بەباشی بەکاری ناهێنن!! قەت بەکەسێك نەگەیشتووی گوێی گران بووبێت چەند جارێ ووتەیەکی بۆ دووبارە ئەکەیتەوە تا تێ ئەگا .

دەبڕۆرە شوێنێکی قەرە باڵغ و گوێیەکانت توند بگرە تەنها جوڵەی دەمی خەڵکی دەبینی وهیچ تێناگەی وهیچیش نابیستی ئەی ناترسی خوای گەورە گوێیەکانت لێبسەنێتەوە وکەڕبیت ، نازانیت گۆرانی حەرامە گوێ گرتن لەغەیبەت حەرامە ئەی ئەو زاتە گەورەیەی گوێی پێ بەخشیوی ناتوانێ لێت بسەنێتەوە ئەی ئەو کاتە چی ئەکەی ؟!!!

بۆ ناترسی لەپەروەردگارت زۆرێك هەن تا خوای گەورە ئەو نیعەتە گەورەیەیان لێ نەسەنێتەوە هەستی پێ ناکەن پەنا بەخوا برۆ لەو کەسانە بپرسە کە گەورەترین نیعەتیان لەدەست داوە کە چاوەکانیانە .

---

[26] **( سورة الإسراء : 23 ) .**

**خوشکە بەڕێزەکەم** : گوێگرتنت بۆ گۆرانی سەقافەت وزانستت پێ زیاد ناکات دەوڵەمەندت ناکات ڕێزدار و بەشکۆت ناکات وە نە تینویتیت ئەشکێنێ و نەبەختەوەر و دڵخۆشت ئەکات ، بەپێچەوانەوە تەنها غەم بارت ئەکات و کاتت بەفیڕۆ ئەدات .

پەروەردگاریش لێت تورە ئەبێ ، و پێغەمبەری خواش ﷺ ئەفەرموێ : " **ليكونن من أمتي أقوام يستحلون الحر والحرير والخمر والمعازف** " [27] ، واتە : کەسانێك دەبن لە ئوممەتی من داوێن پیسی و پۆشینی حەریر و خواردنەوەی مەی و مۆسیقا بە حەڵاڵ دەزانن [28] .

بۆ ناتوانی بێ ئەمری مامۆستاکەت بکەی ، بۆ ناتوانی بێ فەرمانی هاوڕێکانت و برا و مێردەکەت .. هتد بکەی ، ئەی چۆن بێ فەرمانی پەروەردگار ئەکەی کە گەورەی تۆ و ئەوانەشە کە تۆ ناتوانی بێ فەرمانیان بکەی .

**خوشکی من** : ئەرکی گوێی بیستنی گۆرانی وقسەی پڕو پوچ نی یە کە نەمامی ژەهراوی لەدڵتا ئەنێژێ ودڵت ڕەق وبێ ئاگا ئەکات لە گوێ بیستنی قورئان و ئامۆژگاری .

**خوشکی خۆم** : ئەرکی گوێی بیستنی ئامۆژگاری و قورئانە بیستنی ئەو وانانەی کە مامۆستاکەت ئەیڵێتەوە بیستنی قسەی دایك و باوکیەتی .

خوشکەکەم لە ژیانا میوانی جا توخوا کە ئەچیتە میوانی هاوڕێیەکت یان خزمێکت چەند هەوڵ ئەدەی بێ دەنگ بیت وسەرنجی دەوروبەر ڕاکێشی بۆ لای ڕەوشت بەرزیت . هیچ نەبێ نیو ئەوەندە هەوڵ دە لە میوانی دونیادا خۆت بپارێزە با لە کۆتایی دا بەباشی باس بکرێیت و پاداشت بدرێیتەوە .

## دوایەمین میوان

**خوشکی بەڕێزم** : لێرەدا چەند پرسیارێکی گرنگ یەخەت ئەگرێ :

خوشکم ئایا بەم شێوەیە و لە سەر ئەم حاڵەتە پێشوازی لە مردن ئەکەیت ؟!

بەتێهەڵاوبوونی کوڕان پێشوازی لە مردن ئەکەیت ؟! دەبا ئەو کوڕانە چرکە ساتێك مردنەکەت دواخەن یان لە ئازاری مردنەکەت کەم کەنەوە .

ئەتەوێ لە کاتی قسەکردن بە مۆبایل پێش وازی لە مردن بکەیت ؟! یان بەجلی نیوە ڕوتەوە ؟! یاخود بەپشت بەستنت بەهاوڕێ خراپەکانت پێش وازی لێ ئەکەی ؟!

یان بە نەزەر کردن و گوێ گرتن لە گۆرانی ؟!

ئەگەر لە سەر ئەم حاڵەتە خراپانە بمری پەنا بەخوای گەورە ئەوا بەخراپی کۆتاییت بەژیانت هێناوە چاك بزانە و لە خوای گەورەت بترسە گەر لە سەر ئەم حاڵەتەت بمری ئەوا بە هەمان شێوە زیندو ئەکرێیتەوە وەك عبدوڵڵای کوڕی عومەر خوایان لێ ڕازی بێ لە پێغەمبەرەوە ﷺ ئەگێڕێتەوە کە ئەفەرموێ : " **يبعث كل عبد على ما مات عليه** "( **صححه العلامة الألباني في : صحيح الجامع ، برقم : 8015** ) [29] ، واتە : هەموو بەندەیەك لە بەندەکانی خوای پەروەردگار لە سەر چ شێوەیەك بمرێت ، هەر لە سەر ئەو شتە زیندوو دەکرێتەوە .

جا ئەو کاتە چی بە پەروەردگارت ئەڵێی ؟

---

[27] هەروەکو چۆن دەبینین لەم سەردەمەی خۆماندا ، لە سەر کەناڵ و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانەوە ، کەسانێکی سەرە نەزان ، خۆ بەزانا دانەر ، بە ناو ئاین و زانستی شەرعیەوە فەتوا بە حەڵاڵێتی مۆسیقا دەدەن ، بۆ گەشتن بە مەبەستە گڵاوەکانی خۆیان .

[28] ( **صححه العلامة الألباني في : السلسلة الصحيحة : 1 : 186 ، برقم : 91** ) .

[29] ( **صححه العلامة الألباني في : صحيح الجامع ، برقم : 8015** ) .

ئا بەم شێوەیە سوپاسی پەروەردگارت ئەکەیت ؟ پاداشتی ئەو جەستە ڕێکەی پێی داوی بەجلی نیوە ڕوت سوپاسی نیعمەتە کانی ئەکەی ؟ بە خۆ ڕوت کردنەوە پاداشتی ئەدەیتەوە ؟ بە تا نیوە شەو قسە کردنی ناو تەلیفۆن سوپاسی پەروەردگارت ئەکەیت ؟ گوێیەکانت بۆ گوێ گرتن لە حەرام دروست کراون بۆ هەڵگرتنی تەلیفۆنی کوڕان و گۆڕینەوەی وشەی سۆزداری ؟ زمانت بۆ نوکتە و قسەی پڕوپوچ دروست کراوە ؟ بەم چەشنە سوپاسی پەروەردگارت ئەکەیت .

سبەی چۆن ڕوت دێت لە تەنگانەدا دەستەکانت بەرزکەیتەوە و داوای یارمەتی لە پەروەردگارت بکەی ؟ لە کاتێك دا زمانت وتەی خێر و چاکی پیادا نایەت گوێ یەکانت تەرخان کردووە بۆ غەیبەت و گۆرانی چاوەکانیشت بۆ ئێشك گری سەتەلایت و کاری گریانە بۆ فلیمەکان قاچەکانیشت بۆ ڕۆیشتن بۆ بازاڕ و پیاسەی ناو پارکەکان . بەم شێوەیە پاداشتی چاکەکانی پەروەردگار ئەدەیەتەوە کە لە سەر جوانترین شێوە دروستی کردووی وەك دەفەرموێ : ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ﴾ ( سورة التين :4 ) [30] ، واتە : ئێمە مرۆڤمان لە سەر جوانترین شێوە دروست کردووە ، و ڕێزی لێناوی وەك دەفەرموێ : ﴿ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾ ( سورة الإسراء : 70 ) [31] ،

واتە : ئێمە ڕێزمان لە نەوەکانی ئادەم ناوە .

ئەو هەموو شتانەی پەروەردگار پێی بەخشیوی گەر مرۆڤێك پێی ببەخشیتایە تا مردن سوپاس گوزاری دەبووی .

خوشکێ خۆت بەچی ئەزانی ؟ بێ ئەمری پەروەردگارت ئەکەیت لە کۆتایی دا هەموو دونیا و کەسەکان بەجێت ئەهێڵن و ئەگەڕێتەوە لای پەروەردگار ، خوشکی من بەسیەتی بەسیەتی بێ ئاگایی بەسیەتی وەك ئاژەڵ ژیان دونیا هەر خواردن و خواردنەوە و ڕابواردن نی یە هەرگیز مرۆڤ بەبێ مەبەست دروست نەکراوە ئەبێ بۆ مەبەستێك دروست کرابێ مەبەستەکەش پەرستشە هەروەك خوای گەورە ئەفەرموێ : ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ ( سورة الذاريات :56 ) . [32] ، واتە : جنۆکە و مرۆڤیشم بۆ ئەوە درووست کردووە بۆ ئەوەی بە تەنها بمپەرستن .

**خوشکی ئازیز** : کاتی ئەوە هاتووە لە بێ ئاگایی بێدار بیتەوە با نەچیتە ڕیزی ئەو کەسانەی کە پەروەردگار لە بارەیانەوە ئەفەرموێ :﴿ أُوْلَئِكَ كَالأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُوْلَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ ﴾ ( سورة الأعـراف : 179 ) [33] ، واتە : ئەوانە وەکو ئاژەڵ وان بەڵکو بگرە لە ئاژەڵیش گومڕاترن ، ئا ئەوانەن کەسانی بێ ئاگا .

کاتی سەرخەو شکاندن و خەیاڵ و بیرکردنەوە بە سەر چوو هەستە ، بێدار بەرەوە چاوەڕوانی میوانەکەت بە ، هاکا خۆی کرد بە ژورا مەڵێ فەقیرم با دەوڵەمەند بم مەڵێ نەخۆشم با چاك بمەوە ، مەڵێ گەنجم با پیر بم ، کێ ئەڵێ ئەم میوانە دەرفەتی ئەوەت ئەدات بۆ پارە و دیاری دێت ، دەوڵەمەندی چی بۆ خواز بێنیش نایەت ، گەنجی و پیری چی ، بۆ پیاسەی باخچەکان نایەت نەخۆشی و ساغی چی بۆیە خوشکم با چاوانت لە سەر ڕێگای ڕاست بێت دڵیشت لای پەروەردگار هۆشیشت بخە خزمەت دۆزینەوەی باشترین ڕێگا بۆ پێش وازی کردنی میوانەکەت کە مردنە .

## وتەی کۆتایی

۞ **خوشکی باوەڕدار** : کچێ خۆش بەختە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی کردبێتە پێشەوا نەك گۆرانی بێژ و ئەکتەرەکانی کردبێتە پێشەوا .

۞ کچێ خۆشبەتە بەخوێندنەوە وگوێ گرتن لە قورئان بگری بۆ حاڵی خوشکانی بگری بەختەوەر نابێ ئەو کچەی بۆ ڕوداوی زنجیرە تەلەفزیۆن و فلیمەکان ئەگرێ .

---

[30] ( سورة التين :4 ) .

[31] ( سورة الإسراء : 70 ) .

[32] ( سورة الذاريات :56 ) .

[33] ( سورة الأعراف : 179 ) .

- کچێ خۆشبەختە گوێی خستبێتە خزمەت ئامۆژگاری و چاوەکانیشی خستبێتە خزمەت قورئان وکتێبی بەسود ، نەك کچێ گوێیەکانی خستبێتە خزمەت غەیبەت وقسەی بێ مانا وتەلیفۆن وچاوەکانیشی خستبێتە خزمەت سەتەلایت .
- کچێ خۆشبەختە شەوانی بە نوێژ وقورئان خوێندن وپاڕانەوە لەپەروەردگاری بەسەر بەرێ نەك بەسەتەلایت وتەلیفۆن وقسەکردن .
- کچێ خۆشبەختە جلەکانی قەڵایەکی ئەستور بن و بیپارێزن نەك کەلاوەیەکی داڕوخا و هەموو خەڵك بزانێ چی تیایە .
- کچێ خۆشبەختە کتێبی بەسود و ئامۆژگاری بەسەر هاوڕێکانی دا دابەش بکات ، نەك وەك هەندێ کچ غەیبەت و گۆارنی و وتەی خراپ وناشرین بەسەریانا دابەش بکات و بڵاوی بکاتەوە .
- کچێ خۆشبەختە کە ڕێگای پەروەردگاری هەڵبژار دبێ مەبەستێکی هەبێ لە ژیان . نەك کچێ تەنها ئاواتی ئارەزووەکانی بێت ، و لای گرنگ نەبێت بەهەرچ شێوەولەهەر چ ڕێگەیەکەوە بێ پێی بگات ، یان بەبێ مەبەست لەم دونیایە بژێت .

هەرگیز خۆشبەخت نابێت ئەو کچە رۆژێك بۆ تاوانەکانی نەگریابێ بۆ بەفیرۆ دانی کاتە زێڕینەکانی نەگریابێ هەرگیز خەمی فەوتانی نوێژەکانی نەبێت ئایا مرۆڤ بۆ ئەم مەبەستە خولقێنراوە ؟

بە داخەوە بۆ ئەو خوشکانەی ئاستی بیرکردنەوەیان تەنها برِلای ئەو پۆشاکەی ئەکا کەئەی پۆشێت بەڕاستی ساویلکەن وجێی بەزەیی پێدا هاتنەوەن کچانێك کە نەیانتوانیوە ئەو  جەستەیە بپارێزن کە پەروەردگار بە ئامانەت داویانەتێ لە ژیانێکی کوێرەوەری وکات بەفیڕۆدان ئەژین غەم ناخۆن حەرام و حەڵاڵ ناکەن و گوێی نادەنێ .

بۆ هەموو ئافرەتانی دونیا بۆ خۆشەویستانی دونیا ئەی کچانی مۆبایل و کەناڵە ئاسمانیەکانی ، ئەی کچانی گۆرانی بێژ وخۆ ڕووت کەرەوەکانی مۆدە ، تا کەی ناگەڕێنەوە ؟!!! کچێك خۆشبەتە تەنها مەرگ لە خواپەرستی دایبڕێ من وەك برایەکی دڵسۆزی خوشکەکان بۆ خوا ئەم نوسینەتان پێشکەش ئەکەم چەن ڕێگرێکم بۆتان ڕوون کردەوە کە بووەتە کۆسپ لەبەردەم ئێوە و خۆشبەتیتان بۆ هەتا هەتایی ، چەن ڕێگرێکم دەست نیشان کردوە کە لە ڕێگای ڕاست لاتان ئەدەن .

دە ئێوەش ملی ڕێگا ڕاستەکە بگرن وسەیری دواوەی خۆتان مەکەن چی تاوانتان کردووە تەوبەیەکی بەدڵ هەمووی ئەسڕێتەوە پێویست ناکات سەیر دواوە بکات تەنها چاوت لەسەر ڕێگا ڕاستەکە بێت هەر چۆنێك بێت هەر دوو ڕێگای ڕاست وڕێگرەکانیش کۆتاییان دێت بەڵام کۆتاییی ڕێگرەکان ئەتباتەماڵی گورگ ودڕندەکانی شەهوەت بازان ، ئەتباتە بیابانێکی بێ سێبەر و بێ ئاو تەنها دڕك ئەبینی ، ئەبێ هەوای گەرم وسوتێنەر هەڵمژی وئارەقی خۆت بخۆیتەوە .

ڕێگا ڕاستەکەش ئەتباتە باخێکی سەوزی فێنك ئاوی سارد و هەوای فێنکی تیایە داری سەوز و میوەی جۆرا و جۆری تیایە بۆ دوا جاریش ڕێکردن نامێنێ و ئەحەسێیتەوە .

ئامان خوشکێ بۆ پشودانیش لامەدە سەر ڕێگرەکان پشودانەکەشت بخە ئەو باخەی چاوەڕوانتە بۆ ئەوەی کات بەفیڕۆ نەدەی هەر ئێستا تەوبە بکە و خۆت بپێچەوە وبەڕێکەوە خوشکەکانی تریشت چاوەڕوانتن .

﴿ وَآخِرُ دَعْوَانا أنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾

www.ba8.org